# بەغدا بۆ هەولێر

چەند دێری رۆژانەی هەولێرە

لە ١٩٩٥/٨/٩ تا ٣١ی ئابی ١٩٩٦

شێرزاد هەینی



# بەغدا بۆ هەولێر

شێرزاد هەینی

# پێشکەشە:

زۆرن ئەوانەی حەقیانە ئەم نوسینەمیان پێشکەش بکەم، بەتایبەتی ئەوانەی ناویان ئاماژەی پێنادرێت..

ئەوانەی لەبەر من و بۆ سەلامەتیم، حەزیان دەکرد لەهەولێر بڕۆم و کە دووریش کەوتمەوە، خەمیان بوو، دەیانزانی بۆ هەولێر دەسوتێم، چونکە من لەمێژە زۆر لەسەر هەولێر دەنووسم و لەدانان و گەورەکردنی نیوەی شاری هەولێر هاوبەش و دەست بوویمە.

بە (باوکم)، بەم کارەساتانەو سێ کوڕە گەورەکەی هەریەکێکیان کەوتنە قوڵێک و نەیانتوانی لە ناشتن و پرسەکەی ئامادەبن.

بەوانەی ڕۆژانەی هەولێر دەنووسنەوە.

بە خانەوادەی ئەوانەی ئەزیزەکانیان کردە قوربانی و دوای ڕاپەڕین خوێنیان شەرمەزار کرا..

ئەوانەی لەبیریان ناچێتەوە دەبابە هەولێری گەمارۆداو ئاگری تێگرت.

بەوبرسیانەی گومرگی زۆر لەپارووی نانیان وەرگیرا.

بەوانەی بەدزی (هەولێر .. تا دبلن)ی منیان خوێندەوە.

بەوانەی بڕوا دەکەن بێلایەنانە ئەم ریپۆرتاژەم نوسیووە.

بە کەناسەکانی شار، چایەچیەکان، وەستاکانی کەباب، تیمەکانی تۆپی پێ، بە شەترەنج زانەکان، بەو ماڵەی ئەرشیفی گەورەیان هەیە، بەوانەی جوان سەرچۆپی دەگرن، دەست ڕەنگین و کارمەندەکان، بەو باخچەچینانەی شار پڕ سەوزە دەکەن، بە ڕاستگۆکان، ماندووەکان، بە پرسەگەرمەکان، بە خوێندکارەکان کە بە کۆنە کتێب فێری زانست بوون.

# بەغدا بۆ هەولێر

□ بەغدا بۆ هەولێر

□ چەند دێری رۆژانەی هەولێرە، لە ٩- ٨- ١٩٩٥ تا ٣١ ی ئاب ١٩٩٦

□ ریپۆرتاژ : نوسین و گەلاڵە و نوسینەوەی شێرزاد هەینی - سوید

□ سوید ١٩٩٨

□ تیراژ : ١٠٠٠ دانە

## ئەو قەسەیە هەر دەکەم..!

بەماندووبونێکی زۆرو گەڕان و نوسینەوەو هەڵبژاردن لەناو ئەرشیفەکەیماڵەوەمو خوێندنەوەی ڕۆژنامەکان و گەلاڵەکردنی بەیانەکان و ڕێکخستنی ئامارو خشتەو نەخشەو بە بەردەستی بەردەوامی (کەڤان)ی کچم و (کاژڤان) ی کورم، کە هەردووکیان شەوانە، ڕۆژنامەو هەواڵنامەکانیان بۆ ڕێز دەکردمو لەسەر مێزەکەمیان دادەناو منیش ورد ورد بە ستونەکانیاندا شۆڕدەبوومەوەو لەناو هەواڵ و ڕۆژو کارەسات و موژدەو برگە، پێویستیەکانم هەڵدەبژارد. پاش ئەرکێکی قورسی چەند مانگە..(هەولێر... تا دبلن) م ئامادەکرد.

دیارە بۆ من چاپکردن و بڵاوکردنەوەی زۆر ئاسان نەبوو! لە دوو ڕووەوە تەگەرەم هەبوو، یەکەمیان پارەبوو، دووەمیش، لە ترسی هەردوو حیزبی دەسەڵاتدارو مەبەست و شەڕکەر! هەردووکیان، خوێنی گەشیان ڕژاند! شارەکەیان بۆمبارانکرد! دەرگای خوێندنیان داخست!

مامۆستایانیان بێمووچە کرد! کەناسەکانیان برسیو بێ گێسك کرد! کارەبایان کوژاندەوە! مامۆستای سەربەرزی زانکۆیان لەخوێن وەردا! چاویان لە فێرخوازو مامۆستایان سوورکردەوە! دەستی دڕیان لێ قیتکردەوە!

پەیکەریان شکاند! پارەیان بەچەك دا! چەکیان وەرگرت! دزییان کرد! پارەی ئاوو کارەباو زەرییەو گومرگو خێرو سەدەقەیان دایە چەکدارەکانیانولە بانقەکانی ئەوروپایان ئاخنی! زۆریان کرد. هەر حیزبەو بەشی خۆی لەم رستانە (کارانە) دەناسێتەوە ئەوەی درۆ نەکات چاك دەزانێ کامیان دەستیانوەشاند، کام حیزب هەولێری زامدارو برسیو گەمارۆو شەرمەزارو ماندوو و تاریك کرد.. هەمووی دەزانن.. کامیان..

ببوورن، بە ئاسانیو بە وردی دەتوانم دەستنیشانی بکەری رووداوەکانو تاوانەکانو هێرشەکانو ژمارەکانی، هەردوو حیزب بکەم، بەلام! بڕوا بکەن، هەزار کیلۆمەتر دوورم، چەندین دەریاو چیاو ولات لەوان دوورم، ئەوجا دەترسێم ! لێیان دەترسێم! لەحەفتاو پێنجییەکانیان، لەزیندانەکانیان، لەپارەکانیان، لەزمان لووسو ماستاوچیو جاشەکان، دەترسێم! لێرەش، قەلەمو قورگو چاوترسنۆك دەبێ، چونکە دەستی دووەم، بەچەكو رقو رەقو گەورەو درێژو زۆرداربێ، زەحمەتە. هێشتا ئێمە ماومانەو ئەوانیش زۆریان ماوە. بۆ نموونە، زۆرن ئەوانەی دەلێنو سوورن کەپارەو داهاتی پێنجوێنو ئیبراهیم خەلیل وەك یەکە. زۆرن ئەوانەی هێرشی پاسداران بۆ سەر بنکەکانی دیموکرات وەك هێرشی ١٩٩٦/٨/٣١ تەماشاو بەراورد دەکەن. هەردوو بۆچوونو دەستە دانابەزنو راستی نالێن، زۆرمان ماوە؟!

بەڵێ نوسینەوەی ئەم رووداوانەو دەستنیشانکردنی هەندێکیان و تاوانبارکردنی حزبێك، حزبێکی بەدەستەڵاتو هەزارەها چەکدارو بوونی کلكو دەست لەناو چەند حکومەتو لەسەر سنوورو لەدەرەوەش؛ ئاسان نیيە! لێرەش بترسمو نەترسێمو نوسینەکەم ترسێ بگەیەنێ.. یان نەو! بەهەرحاڵ من بەو رێبازو شێوەیە ئەم ریپۆرتاژەم نووسیو پەشیمان نیم!!

ویستم لایەنێك بەوە رازی کەم، ئەوان خۆیان بۆم چاپ بکەن، ئەویش حکومەتی هەولێری سەوز (کەسك)ی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، ئەگەربوو، ئەوا لەگەڵیان بۆ بڵاوکردنەوەو پارەو ناوەڕۆکەکەی کێشەم نابێ! دیارە منیش ئەوانم دوور بە دووریو سڵاوو هەر بەناو دەناسی. چونکە من بێجگە لە خۆشەویستی، هەڵوێستو دۆستایەتیو دڵسۆزی هێڵو بەرنامەو بارەگاو پێشمەرگایەتیو سەرهەڵدان، پەیوەندی زیاترم، دوورو نزیك بەم حیزبەو حیزبی تر نەبووە.

بەهۆی ئاشنایەتیم بە بنەماڵەی (فەرهادی) داوام لە(عیماد فەرهادی) بەرپرسی وەرگێڕانو راگەیاندنی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران کرد رەشنووسەکەم بگەیەنێتە لای (کۆسرەت رسول عەلی). دەستنوسەکە، (٧٠) لاپەڕەی وردو گەورەبوو، دیارە هاوکات ئەو دەمەش هاوڕێی خوێندنم (سەعدی ئەحمەد پیرە) ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتیو وەزیری حکومەت لە ئامادەبوونەکەو دیتنی دەستنووسەکە بەشداری دەکات بۆ یارمەتیو چاپو بڵاوکردنەوەکەیو پشتیوانی. لەسەری نووسی، لەسەر ئەرکی ئێمە چاپ بکرێت، کە دیداریشم کرد، دووبارە هاوکاری نواندو منیش سوپاسم کرد.

دەستنوسەکەم لەنوسینگەی (ئەپڵ)ی کۆمپیوتەرو لەسەر ئەرکی خۆم چاپکردو ئەوانیش هاوکارییان کردم لە نۆرەو خێرایی‌و جوانی چاپەکەو منیش گفتم بە ئەندازیار (سۆران) دا، کە پارەکەم وەرگرتەوە پارەی زۆریان بدەمێ.

هاوڕێم (زادە) نەخشەی بەرگەکەی بۆکردم‌و دانە چاپکراوەکەم گەیاندە چاپخانەی پەروەردەی وەزارەتی پەروەردەو نووسراوی ئەنجومەنی وەزیران‌و وەزارەتی پەروەردەم نیشان دان، بەڵام! بەداخەوە، پاش گەڕان‌و هاتوچۆو ئیمڕۆو سبەی‌و کاتی نییەو دوایی‌و ئامادەیین‌و خەمت نەبێ! بۆیان چاپ نەکردم‌و ناڕاستەوخۆ ئاگاداریان کردمەوە بەتایبەتی بەڕێوەبەرە تازەکەی چاپخانەکە، ناچار وازم هێنا.

ئاشکرایە ئەوەی وڵات جێ‌دەهێڵێ، بێجگە لە پارەو هەندێ پسولەی تایبەت هیچی تری پێ‌هەڵناگیرێت. منیش کە گەیشتم. چاوم هەر لە ڕێگابوو دانە تاقانەکەی (هەولێر.. تا دبلن) م بگاتە دەست‌و بڵاوببێتەوە. بەدڵسۆزی هاوڕێم (حوسێن سەرگەڕانی) دانەکەی گەیشتە دەستم‌و بەهاوکاری برادەران پەنجا دانەم کۆپی کردو دڵسۆزێك دانەیەکی گەیاندەوە سلێمانی‌و لەوێش چەند دڵسۆزێك لەسەر ئەرکی خۆیان زیاتر لە (٥٠٠) دانەیان چاپکردو بەخۆڕاییش بڵاویان کردەوەو گەیشتە دەستی دڵسۆزان‌و لاپەڕەیەکی هەولێر لە کتێبێکدا لە سلێمانی‌و لەدەرەوە بڵاوکرایەوەو لە هەولێریش قەدەغە بوو.

((بەداخەوە، من باسی ژانی شارو خوێنی جەستەو تەقەی رق‌و زامی شیراتۆن‌و پیرمەقەڵات‌و باداوەی ژان‌و شەقامی سیروان‌و شێخەڵڵای ئاپورەم کردووە. لە شەڕی ناوخۆو ڕۆژانی تاریکی‌و برسیەتی‌و کەمارۆم))

## بەفدا بۆ هەولێر

نوسیوەتەوە، لە شاری (بێ ئاهەنگو بێ جەژنی سەرەسالّو ئەستەمی خوێندنو شێواوی زانکۆو ململانێی حیزبایەتی..) بەقسەهاتووم، ئینجا دانەیەکی کەمی گەیشتووەتە هەولێرو گلەییو گازاندەشم بۆ هاتووە، گوایە لایەنگیری سلێمانیو یەکێتیم کردووەو لەسلێمانیش قسە هەر کراوە گوایە راستەوخۆو زۆر بوێرانە کارەساتو رۆژانەکەم نەنوسیووەتەوە. گەرچی لەلاپەڕەکانی بلاّوکراوەکاندا زۆری لەسەر نوسراو ناوی هاتووە.

لە ئەوروپاش گۆڤاری بەهاداری رۆشنبیریو سیاسی (هاڤیبون) بەشێکی زۆری لەژمارە ٢و٣ی١٩٩٨ بلاّوکردەوەو ئامانجیان بەوەداوە کەوەك کتێبێکی تیراژ زۆرو چاپ جوانو لەسەر ئەرکی خۆیان چاپی بکەنەوەو لەکاتی نوسینی ئەم دێرانە لەژێر چاپە.

ئەوان، چۆنی تێدەگەن، چۆنی حیساب دەکەن، دێڕەکان، ستونەکان بەچی تێدەگەنو چییان لەدڵەو نیازیان چییە! چی لەلای ئەوان دروستکردووە، من هەولێری سووتاوو برسیم نووسیوەتەوە! من لە هەولێری گەمارۆو هەولێری پایتەختو پەرلەمانی خۆشەویست و وەزیرو حکومەتی هەرێمم خۆش ویستووە، من دەزانم گوللەی شەڕ جەستەو دیوارو گوڵی زامدارکرد، دەفتەری زارۆکی دڕاند، شەهیدی شەرمەزار کرد، راپەڕین شەرمەزار کرا. هەولێر گەورەیەو لەوان مەزنترە، لەوان کوردترە! لەوان کۆنترە! وا لێرەش بەشی دووەمیو بەهەمان رێبازو بەرنامەو هیوا دەنووسمەوەو هیواشم زۆرە بە ئەرکی خۆمان چاپ بکرێت. ببورن!

**شێرزاد هەینی**

دیمەشق: ١٩٩٨/١١/٢٠

# بەغدا... بۆ هەولێر

## ڕیپۆرتاژ

سەرەتا گوتم، کە دەرچووم، پێخواس و سەرکۆت و ڕاونراوبووم، هیچم لەگیرفان و هەگبەو دەست نەبوو. دڵشادبووم کە دانەی (هەولێر.. تا دبلن)م گەیشتە دەست، مرۆڤ هەروایە چاوی تێر نابێ، ڕاناوەستێ، بۆیە ئەمجارە پەرۆشی (دەفتەرە ڕەشەکەم) بووم، دەفتەرێکی گەورەو وردو پیرۆز، ڕۆژانەی تێدا نووسرابۆوە، زۆر پێوە ماندووببووم، زۆرم خۆش دەویست. زۆریشی لێ دەترسام. لە ترسی (تەحەری) شار بکەوێتە ناو ئاگرو بسوتێ، دەترسام. بەڵام دڵسۆزی (سەورە)ی هاوسەرم، گەیشتە دەست هاوڕێم (فەتاح خلیل فەتاح) ئەویش مەردانە بە پۆستی خێرا گەیاندیە دەستم لە سوێد.

لێرەش هەر چاوەڕوان بووم، ئەرکی پیرۆزو ماندووبونی زۆر ((بەغدا.. بۆ هەولێر)) م چاپ بکرێت و ئاگام لێ بێ. بۆیە لەم بۆشاییە، لەم تەنیاییە، لەم وڵاتە ساردو دوورە، لەم زۆربوونەی کاغەزو قەڵەم و هەبوونی ئازادی و زۆری نان و کارەباو کات، وا دیسان، هەولێر ژان و گوللەیە. دیسان شەقامی شێستمەتری دەماری خوێنەو سینگی قەڵا ڕووانگەی تۆپە! باڵای پەرلەمان لە ئامێزی دوژمن، ڕقی گوللەیە، وا ئەم ڕۆژانەیە دەنووسمەوە، دڵشادم، دڵبریندارم، سەرشۆڕم، سەربەرزم، گەورەم، گچکەم!.

هەموومان ئەوە دەزانین کە لەئەنجامی چەند شەڕێکی خوێناوی و شەرمەزاری شەڕی ناوخۆ. هەولێر کەوتە دەست هێزەکانی یەکێتی). پارتی بێجگە لە تەلەفزیۆنی گوڵان و هەواڵ و سەردان و هاتوچۆی دۆستەکانیان بۆ پیرمام. نەمابوون. دیوارە زەردەکان کەسک کرا.

نووسینەکان نەما! ئـەوان دوورکەوتنـەوە، بەرپرسـەکانیان گـۆڕان، بزۆزەکانیـان دەرکـران، لایـەنگیرەکانیان بێدەنـگ کران ! وێنەکان، دروشمەکان نەمان. کەدوور بوون چەندین هێرشـیان هێنـا، هیوایـان چـاند، کۆششـیان کـرد، لەبەرنامەکانی ئاشتیدا داوای چۆڵکردنیو بێ چەککردنیان کرد. گەڕانەوەیان بەشەڕو ئاشتی زەحمەت ببوو، قوربانی زۆریان دا، زیانی گیانیو ماڵی زۆریان دا.

ئەو ڕۆژانەی من لە هەولێر دەدوێم، سەردەمی حکومەتی سـەوزە. سـەرۆك وەزیران، کۆسرەت رسول عـەلی، ئـەندامی مەکتـەبی سیاسـی یـەکێتی نیشـتمانی کوردسـتانە، وەك کەسایەتیەکی سیاسیو عەسکەری یەکێتی لەسەر ئاستی ناوەوەو دەرەوەدا ناوداربوو. وەزیرەکانو دەستەلاتدارەکان بێجگـە لـە دوو وەزیـر، وەزیـری تەندروسـتیو کاروبـاری کۆمەلایـەتی (کـەمال شـاکر) پـالێوراوی حـیزبی شـیوعی کوردسـتانو (یونـادم یوسـف کنـا) وەزیـری ئیشغالونیشـتەجێ کـردن، پـالێوراوی بزوتنـەوەی دیموکراتـی ئاشـووری بـوون، هـەردووکیان بـۆ خۆپیشـاندنیان بەبێلایـەنیو لەبـەرچاوی پـارتیو دەسـتەلاتی حزبـەکانیان لـە دەڤـەری بادینـانو دەروازەی خابوور بۆ هاتنیان بۆ سوریاو ئیبراهیم خلیل بۆ تورکیا، کەم دەوامیان دەکردو ناویان نەدەهات، بەلام، کەمال شاکر زیـاتر کاروبـاری گـەیاندنو ئـەنجامدانی تاقیکردنـەوەو پرسیارو ئەزموونـەکانی بەکالۆریای هـەردوو حکومـەتو ناوچـەکانی بـەهاوکاری یونیسـێف دەکـرد. سـەرجەم بەڕێوەبـەرو بەڕێوەبـەرە گشـتیەکانو ڕێکخـراوە جەماوەرییەکان، سەر بە لیستی سەوز بوون، کەسایەتی بێلایەن لە هەندێ شوێنو دەزگای حکومی هەبوون، شوێنە چۆلەکانی پارتیان پڕکردەوەو زۆریشیان گۆڕی، یان خۆیان خانەنشینو دوورەپەرێز کرد. بەلام سەرۆكو عەمیدەکانی

زانکۆیان نەگۆڕیو بەپێچەوانە هاوکاریان کردنو سەرپشك دەبوون لە زۆربەی بڕیارەکانیان.

بارەگای مەکتەبی سیاسیو هەموو دەزگابالاکانی یەکێتی لەهەولێر بوون، مەکتەبی سیاسی حزبی شیوعی کوردستانی عێراقو حزبی سوسیالیستی دیموکراتی کوردستانو حزبی زەحمەتکێشانو ئاشوریو یەکگرتووی ئیسلامیو ڕێکخراوی تێکۆشانو رزگاریو کاری سەربەخۆییو چەندین بارەگای حزبو ڕێکخراوی پیشەییو ڕۆشنبیریو حزبی عێراقیو تورکمانیو ئیسلامیو کوردستانی باکوورو خۆرهەلات لە هەولێر بوون، بێجگە لە دەزگا حزبیەکان، هەولێری مەلبەندی سیاسیو ئابووریو زانستیو سەکۆی سەربەستو دەنگی ناپەزاییو هاوکاریو فرەحزبیو فرەبۆچوونو دیداری هەمەجۆری تێدابوو.

تەلەفزیۆنی پارێزگارانو زەحمەتکێشانو تورکمانلیو ئازادیو یەکگرتووو گولانو کوردستانو سۆسیالیستو *IBC* و گەلی کوردستانو ئاشووریو ئێرانو سووریاو جارجار (الشباب)ی عیراقی پەخشی لە هەولێر هەبوو. چەندین گۆڤارو ڕۆژنامەو کتێبو بەیانی حزبیو پیشەییو ناڕەزاییشی لێدەردەچوو. ڕێکخراوە بێگانەکانو دەزگاکانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکانو ئۆفدای ئەمریکیو ئیکیلۆبەری فەرەنسیو منداڵپارێزی بەریتانیو ئەنترناشنالی جیهانیو (ئەمەل)ی خێرخوازیو ئیغاسەی ئیسلامیو چەندین ڕێکخراوی خێرخوازیو تەبشیریو ئیسلامیو تورکمانیو عەرەبی لێبوو.

شارۆچکەی عەنکاوە، لەبەر چەند هۆیەك، وەك بچوکیو خاوێنیو لاچەپیو نزیکی لەهەولێرو هێمنیو کەمی دیاردەی چەکداریو ڕۆشنفکری خەڵکەکە، شارەکە بووە شاری دەزگاکانی بێگانەو نمایندەی ڕێکخراوەکانی یونیسێفو خاچی سوورو بارەگاکانی (یوئێن)و تەبشیری

مەسیحی و پەکەکەو ئاشووری و شوێنی حەسانەوەو میوانداری ئەوانەی لەدەرەوە بۆ سەردان دەگەڕانەوە. عەنکاوەی سەفارات و حەسانەوەو جوانی و شارستانی بوو. دیارە حکومەتی هەرێم ئیشی بۆ هێمنی راگرتنی عەنکاوە دەکردو زاڵگەیەك لە دەروازەکەی بە وردی چاودێری دەکردو تا رادەیەکی چاك سەرکەوتوو بوون. هەر لەبەر ئەوەش بوو ماڵ و شوێنی کەسایەتی حزبی و حکومەتی زۆریش لەم شارۆچکەیە بوو.

هەولێری گەورەو ترساو! شاری گەمارۆ بە خەرەند! شاری تاریك و برسی! پارووبەك بوو لەنێوان ددانی تیژو خواردن و قووتدان، دەلەرزی، ترسی لەسەربوو، ماوە ماوە رێگای دەرەوەو هاتوچۆی دەگیرا، رژێم بەبیانوو بێ بیانوو رێگایەکی دەداخست، هاتووچۆ بۆ سلێمانی و گەرمیان بە رێگایەکی دووربوو، رێگای هەولێر - کۆیە بە گوندی کەسنەزان گیرابوو. نێوانی لەگەڵ پیرمام (سەربەن) بەترس و بەپسولە بوو. بازنەیەك شارەکەی داخستبوو.

هەولێر، شاری شێخەڵڵایەکی ئاپوورەو گرانی و دەریایەك هەناسەو کەللەی سەرو چاوەڕوانی و چاوی برسی. شارێك هەزارەها ریمی گواستنەوە یەك ملیۆن مرۆڤی دەگەیاندو سواری دەکردن. مەترسی پارە لەغوکردن و هێرشی پارتی و دەبابەی حکومەت و کارەبا بڕان و ئەرزاقی گومرگ زیادکراو، هەزارەها ئاش گەنم و جۆی دەشتی هەولێری دەهاڕی و بەشی ورگی گەورەی برسی شاری نەدەکرد! سەدان رێگای ماندوو و قیری شکاو و رێبواری، دەگواستەوە. سەدان و زۆرتریش بیری ئیرتیوازی قوڕگی وشك و باڵای نەمامی تێر نەدەکرد، شار پیسەو سەیارەکانی ماندووو کۆنن شارەوانی و مەچەك و دەست و گێسکی شڕی کەناسەکان خاوێنی نەدەکردەوە، دیاردەی چەکداری، دزی، ماڵە ئاوارەی زۆر، زۆربوون، ئەوانە شارەکەی کەنەفتەو ماندوو بێزار کردبوو، هەولێری

نەخۆش و ئیفلیج و زامدارو ترساو کردبوو. خەمی شار هەندی پیرەقەڵات گەورەبوو..!

مەولود بێخاڵی لە رۆژنامەی (ئاڵای ئازادی)ی زەحمەتکێشان، ژمارە (٢٠٨) ی رۆژی ١٩٩٦/٢/١١ سۆزی بۆ هەولێر وا دەربڕیبوو:

((برایان دۆستان، ئەم هەولێرە دێرینە گەلێ جاری تر شلەژاوەو لەتەنگ و چەڵەمەو ئاژاوەی توندتر ئالاوە، بە ئاقڵمەندی و قسەزانی رێنیشاندەرانی دەربازبووە، زیانی بۆ رەوتی خەباتی نەتەوەکەی نەبووە، لەم قۆناغە ناسکەدا لەرێڕەوی قارەمانە کۆنەکانی لاناداو هەر هەولێری جارانە، لەسەری قەڵایەو لەبنی بازێڕو قەیسەری هەیەو لە دێر زەمانەوەش گرنگی پێدراوە، لەو سەردەمەش بەرهەمی خەباتی تێکۆشانی نەتەوەی کوردی پێدرایەو، بەپایتەختی هەرێمی کوردستان نێونرایە، دەبێ بایەخ بەهێمنی وئاسوودەیی و سەرو سامانی دانیشتوانی بدرێت)).

بەڵێ مام سەید، هەولێرت چۆن دی و ئیمڕۆش چۆن دەیبینی، تۆ ناوو کارو رەوشت و زمان و رەچەڵەك و گەڕەك و وێنەکانت نووسیووە، ماندووبوویت، هەولێرت دی، خەمت بوو، ئارەزوومان بوو، شەیدابوویت، هەولێر ببێتە پایتەخت و ئاڵای لەسەر هەڵکرێ، پولی لێ چاپ بکرێ، مافی پەنابەری بداتە کوردی بەشە داگیرکراوەکان، خەنی بووین کە لە پەرلەمان سوێند خوراو یەکەم کابینەی وەزیران خوێندرایەوەو کوڕانی زەحمەتکێش و خەڵکی ماندوو بووینە وەزیری کوردان. پەرۆش بووین، زۆرترو زووتر گەشاوە بێ!

زۆرتر بایەخ بە جوانکاری و هونەرکاری و گەشەپێدانی بدرێت و لەدیواری قەڵا ناوی شەهیدان و ماندوونەناسەکان و سەروەرییەکان بنووسرێتەوە. هەولێری پایتەخت، پێشوازی بێگانەی دیبلۆماسی و جورنالیست و نوێنەری

حزبەکان و کەسایەتی گەورەی جیهانی و کوردی بکات، نەك داگیرکەرو چەکیان، نەك پرۆژەکانیان، پێشوازی لە شکۆو خەبات بکات، نەك ترس و نۆکەرایەتی و دزی... چاوم لەوەبوو، چۆن عەرەبەکانی هەولێر لەدوای راپەڕین باریان کردو رازی نەبوون لەژێر سێبەری حکومەتی کوردی دانیشن، ئەوهاش کوردەکانی ناو رژێم بگەڕێنەوە، بەتەمابوین، چەکدارو چەکمان لەسەر سنووربێ، نەك دەستی چەکداری بێگانە راکێشین.. نەك..!

هەولێری پیرم ماندووکرا، زامدارکرا، بێدارکرا، بەلافاو شاریان جێهێشت، بەکاروان رۆیشتن.. هەولێری بوونە ئاوارەو ئاوارەو عەرەب و تورکمانی هاتیێ. کوردەکە بووە تورکمان و نۆرەی درێژو دەستی تورکمانیان ماچ کرد بۆ وەرگرتنی ئاردو رۆن، هەولێری ماندوو، پایتەختی گەورەی بێ جوانی، زانکۆی سەرسام، فنجانی کارەبای شکاو، تێلی پچڕاو، کارگەی خەوتوو، رێگای گیراو، هەولێری ((عبدالخالق معروف))ی گەورەو شەهیدو زانا، شارێك دانیشوانی گومرگی هاتنی (نان و نەوت و جگەرەو جل و بەرگ و خورما) دەداتە کورد! شارێك، کەسایەتی جیهان و کوردی و ئایینی، حزبە کوردستانیەکان، لیژنەی هاریکاری نیشتمانی، بەرەی کوردستانی، لەدەرەوە، لە ناوەوە، کوردو بێگانە، هەموولایەك بۆ ئاشتی و ئارامی ئیش دەکەن.قسە دەکەن، بڕیار دەدەن، هاوار دەکەن، دەنووسن، پەیام دەردەچی، بانگەواز بڵاودەبێتەوە.. بەڵام سوودی نییە، شار هەر لانکێکی هەژارو جۆلانەیەکی پچڕاوو گوڵێکی ژاکاوە.. هەر ماندووو چاوکراوەو پاسەوانە..!

پیاوی چەك بەدەستەو لەناو خەرەندە. گوللە گرداره، تفەنگ سوارە، سروود بەهاوار، پیلان، درۆ، بوختان، پارە، دزین! بۆ هەولێر بوو. ئەم شارە وەرچەرخانێك بوو لە مێژووی پاش راپەڕین، بۆ ئەم شارەیە، وڵاتانی دراوسێ، دیدارو راسپاردەیان هەبوو، چەك کرا، فەرماندە دروستکرا،

ویژدان فرۆشرا، کورسی خەڵاتکرا، بڕوانامە دابەشکرا، دەست لەکونی ماری رەش و ئەشکەوتی دێوی سپی و جەهەنەمی سوتان راکرا.
هەولێر، تۆ ئەزیزو بسک ئەستوورو چاوکەژاڵ و دەفتەر پیرۆز بوویت! تۆ گەنجینەت لەناخدا شاردرابۆوە، تۆ پایتەختی گەورەو بانك و خوێندنگا بوویت! تۆشاربوویت، یان بەهەشت و قیبلەگە بوویت، بۆ؟ وا شەیدای تۆ بوون، بۆ تۆ زۆریان کرد.. بۆ تۆ شەرمیان نەکرد، پارە لەخراپی تۆ سەرف کرا، خیانەت کرا! خوێن رژا! مێژوو نوسرا.!
ئەنقەرە لە تاران زوێربوو، بەغدا هاواری کرد، سوریا پەرێشان، کۆبوونەوە، دیداری دزی و ئاشکرایان سازکرد.. بۆ تۆ دەبابە هات! فڕۆکە هات، جڤاتی ئاسایش کۆبۆوە. سەرۆك کۆمارو پەرلەمان و مافی مرۆڤ و پنتاگۆن و ئەوروپای هاوبەش، روسیا هەڵگەڕایەوە، چین پێی لەزەویدا! هاتنە دەنگ، ئیستگەکان وتیان، حسني محلی، عدنان حسين، الحياة، دیرشبیگل، هاتن، تۆ کەوێکی دەنووك سووری، باڵ خەوتووی ناو قەفەس بوویت و راوچی ترسنۆك و شکاوی تفەنگ بەدەست، نیشانەی کوشتنی لێگرتی! تۆ، درۆت بەزاری کرا.. تۆ ...!؟!

## هەولێرو بەغدا

توێژینەوەو لێدوان لەسەر پەیوەندی، هەولێرو بەغدا، وەك دوو دەستەڵاتی سیاسی جیاوازی نەیار، زۆر هەڵدەگرێت. هەر لەپاش راپەڕینەوە، چەند قۆناخی بڕی، پاش ١٩٩١/٣/٣١ تا کشانەوەی ئیداراتی حکومەت لە تشرینی یەکەمی ١٩٩١ ، لەکوردستان و دواییش ناردن و تەقاندنەوەکانی ناوشارو مین چاندن و مین لکاندن بە لۆریە بارهەڵگرەکانی تورکی کە باری خواردەمەنی و

سووتەمەنیان لەتورکیاوە بەرێگای موسڵ بۆ رێکخراوەکانی (یوئێن)و خێرخوازەکان دەگواستەوە. تا هەڵبژاردن و رێگاگرتن و رێگا داخستن و چوونە ناو رژێم بەسواری لۆری و پەیدا بوونی مقۆ مقۆ گوایە پارتی نێوانی لەگەڵ رژێم نەپچڕیووەو لەدەروازەی (فایدە) ی دهۆك هاتوچۆیان گەرمە. چوونی یانەی هەولێری تۆپی پێ بۆ بەغداو بەشداربوونیان لەیاریەکانی هەڵبژاردەو یانەکانی عێراقی بە چاودێری بەرپرسانی پارتی و هەبوونی پاسی تایبەت بۆ گواستنەوەیان و نەپشکنین و هێنانی کەلوپەل و خواردەمەنی و چاوپۆشین لەلایەن زاڵگەکانی رژێم. ئەم بابەتە، پەیوەندی هەولێرو حکومەت لێکۆڵینەوەو ئەرشیف و دیدارو شاهێدی زۆری دەوێت، بەڵام ئەوەی من لەم بەشەدا دەمەوێ ئاماژەی پێبکەم، یان راستتر، لەبابەتەکەم جێگای دەبێتەوە دوو خاڵی سەرەکی یە:

یەکەم: پەیوەندی حکومەتی یەکێتی لەهەولێر بە رژێمی بەغدا.

دووەم: هاتوچۆی خەڵکی هەولێر بۆ ناوچەکانی رژێمی بەغدا.

یەکەم: ئەوەی چاك هەستی پێدەکرا. کەیەکێتی نیشتمانی کوردستان باڵادەست و فەرمانڕەوای هەولێر بوو و حکومەتەکەش حکومەتی ئەوان بوو، پەیوەندییان لەگەڵ رژێمی بەغدا نەبوو، دیارو ئاشکرابوو، چ لەرووی پەیوەندی و نزیکبوون لە بوارەکانی ئابووری و خزمەتگوزاری و راگەیاندن و جاسوسی و چ لەدیتنی سیاسی و بۆچوون و هەڤاڵبەندیان لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنی عێراقی، هیچ بەدی نەدەکراو لەژێر پەردەشی هیچ بەدی نەدەکراو نەدەخوێندرایەوە. واتە پاش کۆبوونەوەی دبلن تا هێرشی ٣١ /١٩٩٦/٨، هێرش (اب المتوکل باللە) بۆ سەر هەولێرو گرتنەوەی هەولێرو دەرکردنی (حکومەت و سوپاو

حزبی) یەکێتی لەهەولێرو دانەوەی هەولێرو دەزگاکان بە(هێزو حکومەتی) پارتی، واتە لەم ماوەیەدا، کەلەسنووری ریپۆرتاژەکەمە، یەکێتی پەیوەندیو هاتوچۆی سیاسیو تەکنیکی خۆشینەبووە، لەهەموو بوارەکاندا دژایەتیو دوژمنداری هەستی پێدەکرا، دیارە هێرشی شەوەکانی بەهاری ١٩٩٦، بەسەرپەرشتی یەکێتیو حزبە کوردستانیەکان (بێجگە لەپارتیو بزوتنەوەی ئیسلامی)و ئۆپۆزسیۆنی عێراقی، باشترین نموونەو بوونی هەولێر بە بارەگاو بنکەو گۆڕەپانی سیاسیو عەسکەریو راگەیاندنی هێزە عێراقییەکان، بەتایبەتی *INC* و حزبە شیعەکانو تورکمانەکانو قەومییەکانو چەپەکانی عەرەبیش، ئەمەش باشترین سەلماندنن. ماوە ماوەش تۆپخانەی حکومەت کوێرانەو بەچڕی تۆپبارانی سەنگەرەکانی پێشەوەی یەکێتی لەگوندەکانی ((کانی قرژاڵەو پیرداودو سێبیرانو کارگەی غازو عەوێنە)) هەروەها فڕینو نزیکبوونەوەی هیلیکۆپتەری عەسکەری لەم ناوچانە، نموونەی دیاربوون. ئەوەش هێزەکانی یەکێتی ماندووو بێزار دەکردو نیگەرانیو ترسی بۆ خەڵکی شار دروستکردووە. ئەو ناوچانەی بۆمباران دەکران زیانیماڵیشیان بەردەکەوت. ئەوەش هەڵوێستو بۆچوونی خەڵکانی یەکێتی توندتر دەکردو بەرنامەیان دژترو توندتر دەبوو، رۆژ بەرۆژ زاڵگەکانو خاڵەکانی (تەماس)ی هەردووکیان توندتر دەبووو دژایەتیش زۆرتر. خۆ لەبوارەکانی راگەیاندن هەردوولا کەمیان بەیەکتر نەدەکرد، بۆ پەردە رۆژنامەکانی ((العراق،الجمهورية، القادسية، بابل)) زۆریان دژی یەکێتی وەك حزبو هەڵوێستو کەسایەتی دەنووسی. رۆژانە کارەساتی بچووكو سادەو تایبەتیان گەورە دەکردو زۆرجار راگەیاندنی جیهانیشیان ئاگادر دەکردەوە، درۆیان هەڵدەبەستا، رووداویان بەرەواژ دەگێڕایەوەو زۆریان لەسەر

دادەنا، دیداریان لەگەڵ جاشەکانی ناو رژێم و ئەندامانی تەشریعی دەکرد، تەقەمەنیان دەنارد و ناوی خراپ و جاسوس و کلکایەتیان لێدەنان و بەکلك و خۆفرۆش، ناویان دەبردن. رژێم دریغی نەدەکرد، ئاژاوەی سیاسی دروست بکات. هەروەها ئیشی دەکرد بۆ شێواندنی ئابووری ناوچەکە. بۆ نموونە:

خورما:

خورما و قەسپ، خواردنێکی پێویست و گرنگ و رۆژانەی لەمێژینەی خەڵکی کوردستانە، وەك زەخیرەی ساڵانە بۆ زستان، بۆ مانگی رەمەزان، هەڵگیراوە و رۆژانەش بەکارهاتووە و جەمێکی چەورو گەرم و بەسوود بووە بۆ لەش و وزە. لەبەرئەوە و نرخی هەرزانی و زۆری، زۆربەکارهاتووە و خواردنی تری لێ دروستکراوە، بەتایبەتی خێزانە هەژارەکان و خەڵکی ناوچە ساردەکانی خۆشناوەتی و باڵەك و پشدەرو هەروەها ناوچەکانی تریش، بۆیە کڕین و هاتن و هەڵگرتنی خورما لە وەرزی زستان وەك کارو کاسبی و پێویستی رۆژانە پێویست و گرنگ بووە. هەورەها بازرگانیشی پێوەکراوە و خەڵکێکی زۆری کاسب سوودیان لێبینیووە، کە ساڵانە بەرێگای قەڵادزە ئاودیوی ئێران دەبوو لەوێش دەگەیشتە وڵاتانی کۆنە سۆڤیەت و ئەفغانستان، واتە هاتن و مامەڵەی خورما، سەرچاوەیەکی ژیانی سەرەکی و بەخێر بووە. کەوەرزی خورماو سەرماو دەستەڵاتی یەکێتی لە هەولێرو پشدەربوو، هێڵی هاتنی کە ساڵانی رابردوو لە مووسڵ و کەرکوك راستەوخۆ دەگەیشتە هەولێرو لەهەولێریش زیادەکەی دەرۆیشت بۆ قەڵادزە، هەروەها بۆ سلێمانیش دەرۆیشت لە خاڵەکانی خۆیان. خاڵەکانی پشکنین لەناو کوردستان بۆ هەر تۆنێ (٢٠-٣٠)

دیناریان (أجور کشف) وەردەگرت و بەس. زووو خێراو تازەو خۆش و هەرزان دەهات و دەڕۆیشت.

بەڵام!

دوایی وای لێهات، گران لەسەر کڕیارو فرۆشیار دەوەستا، چونکە:

- ((حکومەتی بەغدا فرۆشتنی خورما بۆ کوردستانی، کردە پسولە و بازرگانی و زەریبەو پسولەکانیشی دەدایەوە کەسانی گەورەی حکومەت و ئەوانیش بە ئارەزووی خۆیان نرخیان لەسەر دادەنا)).

- هاتنی خورمای لەکاتی خۆی دواخست.

- وەرگرتن و کڕین و وەرگرتنی پسولەکان کاتی دەویست.

- ڕێگای گەیشتن و هاتنی بۆ هەولێر گۆڕی.

خورمای کەربەلا: بەغدا موسڵ فایدە دهۆك زاوێتە (شاخە بەرزەکان و ڕێگا سەختەکان) قەسرۆك ئاکرێ حەریر شەقڵاوە هەولێر

(زستانی ١٩٩٦)

خورمای کەربەلا: بەغدا موسڵ هەولێر

((ساڵانی ڕابردوو))

خورماکە لەبەغدا پسولەکەی دەفرۆشراو گران دەکڕا، لە باخچەکان باردەکراو بۆ بەغداو لەوێش بۆ دهۆك، لەدهۆك گومرگ دەکراو ڕەزامەندی پارێزگاری دهۆکی دەویست و ئەوەش دوو ڕۆژی دەویست، بارەکە دەڕۆیشت تا دەگەیشتە بەستۆڕە ((دواخاڵی پارتی)) دووبارە گومرگ و (اجور کشف) و شاباشی لێ دەدراو دەگەیشتە هەولێر، ئەو بارە چەند ڕۆژ دەمایەوە، بێجگە لەوەی لەهەموو زاڵگەکانی حکومەت سەرانە و خاوەیان وەردەگرت، لەناو پارتیش گومرگی زۆری لێوەردەگیرا دووجار پارەی دەویست، ئەوەش کرێی لۆریەکەو مەسرەفی هاوڕێیەکانی زۆر دەبوو، مەسرەفەکان بەرووتکردنەکانی شەوانەی نێوان ئاکرێ -

حەریر، هەر کیلۆیەك خورماکە (٥) دیناری دەهاتە سەر. نرخی یەك کیلۆ خورما ساڵی ١٩٩٥ تەنیا (٢- ٣) دینار بوو گەر بەپێوانەی نرخی دۆلاری ئیمساڵ و پار بەراورد بکرێت دەبووایە نرخی یەك کیلۆ بەنیو دینار بووایە، بەڵام بەپێچەوانە لەبازاڕی هەولێر نرخی گەیشتە (١٠) دیناروو بۆ پشدەریش دەگەیشتە (١٢- ١٣) دینار و هەرکیلۆیەك خورما دوو دینار گومرگی لێوەردەگیراو زیاتر لەدوو دیناری حەقی ڕێگای دەهاتە سەر، ئەمەش نرخی خواردەمەنی گران دەکردو گومرگی بۆ پارتی زۆرتر دەکرد.

هەروەها سوتەمەنی. گاز، نەوت، بەنزین، غاز، هاتنی بۆ ناوچەکانی هەرێم لەڕێگای فایدە - دهۆك بوو، لەوێشەوە بۆ هەولێرو سلێمانی و پشدەرو گەرمیان دەڕۆیشت، بێجگە لەگومرگ‌و باری ڕێگاو کاروانە درێژەکەی هاتنی، گران لەسەر هاولاتیان رادەوەستاو ئەوەش نیگەرانی پەیدادەکردو تا خەڵك بڵێ، ناوچەکانی پارتی هەرزانترە، بۆئەوەش نموونە زۆرە.

دووەم:

چوونی هاولاتیان بۆ ناوچەکانی رژێم لەهەولێر بەدوو ڕێگا بوو، ڕێگای کەرکوك‌و موسڵ، بۆ کەرکوك کەمترو بوارەکانی کەمتر بووو زۆرتریش ئاوارەکانی کەرکوك‌و هاتوچۆی بەغدابوو، بەڵام ڕێگای موسڵ، زۆرتر بازرگانی بوو، بۆیە ئەم خاڵە گەرمتر و باشترە زۆرتر بنوسرێتەوە:

بۆ دەچوونە ناو رژێم: بۆ:

- دکتۆرو نەشتەرگەری‌و تیشکی لیزەرو نەخۆشی ترسناك.
- خوێندنی باڵا.
- هێنانی نەوت‌و غازو گاز و بەنزین.
- پارە گۆڕینەوەو هێنانی پارەی قەڵب.

- هێنانی جەوازو وەرگرتنی ڤیزای تورکیاو هەنگاریا و وڵاتانی تر.
- کڕینی خواردەمەنی و وردە شتی پێویستی ڕۆژانە.
- بۆ هێنانی ئامێری گەورەو کەرستەکانی پێویستو فرۆشتنەوەیان بەئێران.
- چوونی خانەنشینەکان بۆ وەرگرتنی موچە لەمەخمورو بەرتلەو شارەکانی تر.
- بۆ بردنی قوماشو جلوبەرگی ئێرانی و خواردەمەنی تورکی.
- هێنانی ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی ڕژێم.
- نوێ کردنەوەی موستەمسەکاتی حکومی وەک سەنەوی سەیارەو نفوسو مۆڵەتی لێخوڕینو جنسیەی عێراقی و دەفتەرخدمە.
- بۆ جاسوسی و خراپەکاریو چوونە ناو ڕژێم.
- بوونی پەیوەندی کۆمەڵایەتی و خزمو خزمانێ.
- بۆ ڕابواردن.

چوونی هاوڵاتیان ئاسایی بوو، داوای هیچیان نەدەکرد بێجگە لە نفوسو مانەوەی زۆریش کێشە نەبووە، بەڵام بۆ ئەوان هەتا ١٩٩٦/٨/٣١ ئاسایی نەبوو، زۆرجاریش (ئاسایش) ڕەزامەندی ویستووە، ئوتومۆبێلی تایبەتیو هەموو جۆرە ئوتۆمبیلێك قەدەغە بوو، لەدواخاڵی هەولێر لۆری دەوەستاو نەفەرەکان بە لۆرییەکە تا دوا خاڵ دەڕۆیشت لەوێش سواری ئۆتۆمبێلی ئاسایی دەبوونو لۆرییەکان تایبەت بوونو هەموو لەناو بۆدی سواردەبوونو نەخۆشو پیرو ژنو کەم ئەندام بەقاڵدرمەیەك سوار دەبوونو بەقاڵدرمەکەش دادەبەزینو بەگەرمی و بەساردی هاتووچۆکە بەم لۆریانە زەحمەت بوو، تا ڕۆژێکیان لۆرییەك

## بەغدا بۆ هەولێر

لەخاڵی (چەمچەماڵ) سوتاو خەڵكێكی زۆر بوونە قوربانی ئەم بارە لۆریانە بەجۆرەها نەفەرو بار.

بۆ موسڵ:

- هەولێر - كەلەك -خەبات - خازر- موسڵ.
- هەولێر - كەلەك - قەسرۆك - بەرتلە - موسڵ.
- هەولێر - كەلەك - گوندی سفەیە بە(دوبە)و (كەڵەك) دەپەڕینەوە.
- هەولێر - موسڵ بەرێگای گوندی (مەتراد).
- هەولێر - موسڵ بەرێگای گوندی ((ئەبو شیتە)).
- هەولێر - موسڵ بە رێگای گوندی ((لاجان)).

رێگای گوندەكان قاچاخ بوو، نەوت و غازو گاز و بەنزینو ئامێرو جۆرەها قاچاخی دەبردو دەهێنا، عەرەبەكانی ئەم گوندانە هاوبەش بوون لەئیشەكان.

بۆ كەركوك:

هەولێر - شێراوە - كەركوك.

ئەم رێگایە بواری قاچاخ و شەو و پەڕینەوەی نەبووەك رێگای موسڵ.

ئەوەی باسمان كرد، دیدو تەماشای حكومەتو یەكێتیبوو بەرامبەر یەك، رێگاكان و پەیوەندییەكان بوو، بۆیە ترسی هاتنەوەی حكومەت و دەبابە هەر هەبوو، تا بەچاوی خۆمان دەبابەو رەفیقو جیشی عەسكەریمان لە شێخەڵڵا و كەسنەزان بینیو رۆژانە سەدان ئوتومویێلو بازرگان و دەستفرۆشی موسڵاویو عەرەبی تر هاتنە هەولێر و رۆژانە باری بێ گومرگو بێ پشكنینو هەرزانیان دەبرد. بۆ سلێمانی، گەرمیانو پشدەریش گومرگ دەكرا!؟!

* * *

رۆژنامەنووس فریاد رواندزی لەگۆشە تایبەتەكەی خۆی كاتژمێری (دووشەممە)دا لەكوردستانی نوێی ژمارە (١٠٥٥) ی رۆژی ١٩٩٥/٨/٧ نووسیبووی، دانیشتنی

یەکێتی و پارتی لەسەر ئاستی مەکتەبی سیاسی بۆدیداری ئاشتی و ئاشتبوونەوە دەکرێ و ناوی ئەندامانی هەردوو وەفدەکەو مەبەستی دیدارەکەی ئاشکراکرد. هەروەها تەلەفزیۆنی گولان وتی:

بەپێی هەواڵ و ئاژانسەکان دیدرای ئاشتی لە دبلن دەبێ، دیدارەکەش لە ژێر چاودێری حکومەتی ئەمریکایە. تەلەفزیۆنی *IBC* ئۆپۆزسیۆنی عێراقی کە پەخشی لەپیرمام بوو رایگەیاند دیداری ئاشتی پارتی و یەکێتی لەژێر چاودێری ئەمریکا دەبەسترێت، تەلەفزیۆنی *MBC* وتی:

یەکەم دیداری دبلن لە ١٠ ی بەیانی تا ٣ی پاش نیوەڕۆ درێژەی هەبووە، دانیشتنی دووەم لە شەشی ئێوارە بووە. ((رۆبرت دویچ)) بەرپرسی کاروباری خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکی، دڵنیایی و گەشبینی بە دیدارەکە راگەیاند. هەروەها سەرۆکی پارتی مسعود بارزانی بۆ رۆژنامەی (الشرق الاوسط) وتی:

جێبەجێکردنی بەرنامەی ئاشتی بەئیشە. راگەیاندنی یەکێتی وەڵامی دایەوە. کۆششیان کرد بۆ ئارامکردنەوەو هێمنی. بەڵام! تەلەفزیۆنی گولان رێبازو بەرنامەی هەر نەگۆڕی. لە رۆژانی دیدارەکە، هەردوو زاواکەی سەرۆکی عێراقی، حسێن کامل و سەدام کامل لەبەغدا بۆ ئوردن رایانکردو میدیاکانی جیهان زۆر بایەخیان پێدا. ئەم هەواڵە نزیکبوونەوەی رووخانی رژێمی نیشاندا. بۆیە گەشبینی لەدیداری ئاشتی پەیدابوو، بەڵام زۆری نەخایاند، مەرج و ئەگەرەکانی و چۆنیەتی چۆڵکردنی هەولێرو دوورکەوتنەوەی هێز لە هەولێرو بۆنی دەستی دەرەوەو ئەگەری تر، پەردەی لادا و خاڵی ناکۆك لەسەر هەولێر و پەکەکە ئاشکراکرا، دووبەرنامەی جیاوازو بیری جیاوازی سیاسی لەیەك دوور، دەرکەوت، ناوو بەرنامەو خەونی دیداری دبلن نەماو (رۆبرت دویچ) یش هەر خەریك

بوو... بەڵام ناکۆکی هەرماو هەولێر هەر لە خەتەر و ئەگەری شەڕو هێرش هەر هەبوو.!!

* * *

لەگەڵ هیواو چاودێری هەواڵەکانی دبلن و گەشبینی و بڕوانەکردن بە ئاساییبوونی وەزعەکە، پڕۆژە خزمەتگوزارییەکانی ناوشار لەلایەن سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر هەبوون، دیارە شاری هەولێر، سەنتەرەکەی زۆر کۆنە، گۆڕستانە کۆنەکان زۆربەیان لەناو سەنتەری شارن وەك، گۆڕستانی چراخ، شێخەڵڵا، ئیمام محمد، خوراسان، ئیمام تەعجیل، ئیمام ساقز، شێخی چۆلی، عوزێر پێغەمبەر، شێخ ئۆمەر، قەبرۆکە... رووبەرێکی فراوانی شاری گرتووەو هەندێکیان شوورەی پتەوو بەرزو دەروازەیان هەبووە، ئەم رووبەرە پانە ببووە سەرچاوەی شوێنی پیسایی فڕێدانی پاشماوەو پیسایی، بەتایبەتی ئەو بەشانەی خانەوادەی گۆڕەکان نەماوون و سەردانیان ناکەن، بۆیە لەسەر داوای ئەنجوومەنی وەزیران و لەبەر رۆشنایی راسپاردەی ئەنجومەنیشارەوانی هەولێر، بودجەیەکی تایبەتی بۆ پاککردنەوەیان تەرخانکراو هەڵمەتی پاککردنەوەی گۆڕستانی چراخ و شێخەڵڵاو راکێشانی ئاو بۆ ئەو رووبەرانەی درەختی لێ چاندراوەو بواریش خۆشکرا دارو نەمامی تازەی لێ بچێندرێت.

* * *

هەر لەم رۆژانەدا، دەستەی فریاکەوتنی قەڵای هەولێر، دەست بەکاربوون، بەرنامەیان پاراستن و رێکخستن و نوێکردنەوەی دیوارو نەخش و دیوەخان و تاق و پەنجەرەو دەرگا کۆنەکان و تازەکردنەوەی نەخش و هونەرکارییەکانی چەند خانووی دەستنیشانکراوی قەڵای هەولێر بوو، پارەکەی لەلایەن سکرتاریەتی مام جەلال تەرخانکرابوو،

هـێرۆ ئیـبراهیم ئەحمـەد چـاودێری و سەرپەرشتی راستەوخۆی کارەکان و دەستەکەی دەکرد. دەستەکە لە بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری هـەولێر لـەگردی قـالینچ ئاغا بـوون و خوالێخۆشبوو (هـادی چاوشـلی) سـەرۆکی دەسـتەکەو ئەندامەکانیشی چـەند کەسـایەتی نـاودارو پسپۆڕو ئەندازیاری شار بوون. دەستەکە، دووجار پلیتی یانەسیبی بۆ پشتیوانی پرۆژەکان بڵاوکردەوەو دەفرۆشرا. وێنـەی قـەڵای لەسـەرکرابوو و لەپشـتەوەش خەڵاتـەکان نوسرابوو.

هـەربۆ خزمـەتکردن و پێشکەشکردنی خزمـەتگوزاری، ئەنجومەنی وەزیران دووبڕیاری تـەملیکی متەجاوزینی بۆ هـەولێر دەرکرد، بڕیاری ژمارە (١) و بڕیاری ژمارە (٢) لـە ١٩٩٥/٧/١٢ بـۆ ئامادەکردنی پێویستیەکانی تـەملیك لـە گەڕەکـەکانی ((بەهار،گێمـە دێ، سـەیداوەی سـەید بەهیە، گڵکـەند، تـەیراوە، باداوە)) و چەند شوێنێکی تر، چەندین تیم و دەستەو روونکردنـەوە بـۆ ئـەم مەبەسـتە ئامادەکرا، بەهیوای ئەو هەزارهـەزار خانووە بێ تاپۆکان تاپۆ بکرێن بەسەر خاوەنەکانیان.

## رۆژەکان دەگێڕنەوە...!

١٩٩٥/٨/١٥

لـەم رۆژەدا، کۆمەڵـە لاوێکـی خوێـن گـەرم و دۆسـتی ((پارتیکـاری سـەربەخۆیی کوردسـتان)) لـەناو باخچـە بچووکەکـەی تەنیشـت بارەگاکـەیان، بەرامبـەر هوتێلـی (القصر الذهبي) بۆ پاڵپشـت و هاوسـۆزی مانگرتووەکـانی زیندانـە سیاسیەکانی کوردسـتانی بـاکوور، کـە لـەژێر رەشماڵێکی گـەورە (٢٢) رۆژ مانیـانگرتبوو، کۆتاییـان بـە مانگرتنەکەیان هێنا.

1995/9/6

لەبەرەبەیانی ئەم ڕۆژەدا، قەنینە غازێکی بەمین چاندراوی ناو عارەبانەیەکی دەستی لە تەنیشت کۆمیتەی کاسبکارانی یەکێتی، بەرامبەر دادگای هەولێرو باڵاخانەی جەلیل خەیات، تەقیەوە. لەزۆری هێزو تەوژمەکەی دیاربوو، مادەی تیئێنتیەکەی زۆر چڕو خەست بوو، بۆیە دەنگی گەیشتە هەرچوارلای شاری هەولێر. کەناسی کرێکاری شەقامەکەی بەرکەوت و گیانی لەدەست دا، کە لەنزیك شوێنەکە خەریکی پاککردنەوەی ڕۆژانە بوو، زیانی ماڵیش لەناوچە نزیکەکان زۆربوو. تەواوی دوکانەکان و دەزگاکانی حکومی جام و دەرگاو پەنجەرە و جامخانەو دەرابەیان تەقی و شکا. بەتایبەتی جام و کریستاڵەکانی باڵاخانەی جەلیل خەیات و سینەمای کریستاڵ و هوتێلی تاوەر، یەکێتی دوژمنانی ئاشتی تاوانبارکردو پارتیش نیگەرانی ڕاگەیاند.

1995/10/6

لەم ڕۆژەدا، لەبازاڕی دۆلار، هەزار دیناری قەڵب ((عادی)) بە (16) دیناری سویسری بوو.

1995/10/28

بەیاننامەی پێکهێنانی (دەستەی ڕۆژنامەنووسانی ئازاد) لەناوەندی ڕۆشنبیری سەردەم لەناوەڕستی قەڵات ڕاگەیەندرا.

1995/11/10

لەم ڕۆژەدا، یەك بەرمیلی نەوتی سپی بە (920) دیناربوو، نەوت لەدهۆك بە تەنکەر دەهاتە هەولێرو هەر بەرمیلی (200) دیناری گومرگی لەبازگەکانی پارتی لێوەردەگیرا.

1995/12/23

لەکاتژمێری 11،30 بەیانی، فڕۆکەیەکی هیلیکۆپتەرێکی سەربازی عێراقی لەناو گۆڕەپانی مەکتەبی سیاسی یەکێتی

نیشتمانی کوردستان نیشت، فڕۆکەوانەکە رائید ((حامد الدلیمی))و هاوڕێیەکەی لەلایەن ئەندامی (م.س) یەکێتی جەبار فەرمان پێشوازی لێکراو فڕۆکەوانەکە وتی: من لە زۆرداری رژێم رامکردووەو دەزانم یەکێتی تەسلیمی رژێمم ناکاتەوە.

۱۹۹٦/۱/۱۲

لەم رۆژەدا، بەپێی نرخی بەرمیل دەبەکانی سەرجادەکان و بەنزینخانە سەفەریەکان و تەنکیەکان، نرخی یەك لتری بەنزینی سەیارە پێنج دینار بووە.

۱۹۹٦/۱/۲۸

ئەم شەوە، تەقەیەکی ئاسمانی زۆرکرا، تەقەی خۆشیبوو، تەقەکان چاولێکەری بوون، هیچ هەواڵو موژدە نەبوون، خەڵکەکە چرپەی نەخۆشکەوتنی ((سەدام)) یان کردبوو وایان زانی مردووە، دوایی هیچ نەبوو، بێجگە لە لاسایی و بەس.

۱۹۹٦/۳/۱٤

لەم رۆژەو لەرۆژانی رابردوو، شەقامی ئیسکان، لە چوارپیانی هۆڵی (أبن المستوفی)، تا چوارپیانی (قصر الشمال)، قیر کرا.

۱۹۹٦/۳/۱٦

لەم رۆژەدا، لەیادی کیمیابارانی هەڵەبجە، سەدان لافیتەو فۆلدەرو بڵاوکراوەو بەرنامەو وێنە لەشار دابەشکرا، تا کاتژمێری ۱۲ ی نیوەڕۆ شار داخرا. لە کاتژمێری ٥ ی ئێوارەدا بۆماوەی سێ دەقیقە، سەیارەو جوڵەو پیادە وەستا. دەزگا رەسمیەکان، تا کاتژمێری ۱۲ی نیوەڕۆ نەبوو، یادی هەڵەبجە کرایەوە، ئێوارە حیزبە کوردستانیەکان، کۆڕی وتار خوێندنەوەیان سازکرد، سیماو یادو بیرەوەری هەڵەبجە تایبەت بوو، بایەخی زۆری پێدرا.

۱۹۹٦/۳/۷

لەم ڕۆژەدا، سەرکردایەتی سیاسی لیژنەی هاریکاری نیشتمانی کوردستان پێکهاتوو لە حیزبە کوردستانیەکان یاداشتێکیان بۆ ئاشتی و ئاشتبوونەوە پێشکەش بە هەردوو حیزبی ناکۆك کردو هەروەها بەیاننامەیەکیان بۆ جەماوەری خەڵکی کوردستان بڵاوکردەوە.

١٩٩٦/٣/١٥

کۆمەڵەی مافخوازانی مرۆڤ لە کوردستان، کۆنفرانسیان سازکردو ڕاپۆرتی پێشێلکردنی مافی مرۆڤیان لە کوردستان خوێندەوە.

٢٠ - ١٩٩٦/٣/٢٦

لەم ڕۆژانەدا، لە ساڵۆنی سینەمای کریستاڵ، گروپی سینەمای کوردستان، هەفتەی سینەمای کوردییان سازکرد، لە ٢٠ - ١٩٩٩٦/٣/٢١ فلیمی (ڕێگا) و لە ٢٢و ١٩٩٦/٣/٢٣ فلیمی (سترانێك بۆ بەکۆ) و لە ١٩٩٦/٣/٢٤ فلیمی (خەج و سیامەند) و لە ١٩٩٦/٣/٢٥ فلیمی ((ژیان لە هەکاری)) و لە ١٩٩٦/٣/٢٦ فلیمی ((مەم وزین)) نیشاندرا.

١٩٩٦/٥/٤

لەم ڕۆژەدا، کیلۆی ماست بە شەش دینارو پەنیری کوردی بە ١٥-١٨ دینار بوو.

١٩٩٦/٦/٢٩

لەم ڕۆژەدا، کەسایەتی ناوداری شاری هەولێر (هادی چاوشلی)، کۆچی دوایی کرد، لەسەر ئاستی ڕەسمی، پرسەو هەواڵی کۆچی دوایی و ناشتنەکەی گرنگی پێدرا. بەرپرسانی حکومی و حزبی و ڕۆشنبیری بەشداربوون. خوالێخۆشبوو، دوا وەزیفەی پێش کودەتاکەی ١٩٦٨ جێگری وەزیری ناوخۆی عێراقی بووە، لە دوای ئەم بەروارەدا خەریکی کاروباری کشتوکاڵی و نووسین و کاری تایبەتی خۆی بووە لە بەغدا. چەندین کتێبی کۆمەڵایەتی و مێژوویی و شوێنەواری و یاسایی ئیداری بەکوردی و عەرەبی چاپکردووە، دەستنووسی تریشی هەبووە.

## شێرزاد هەینی

چەند کتێبێ لەسەر هەولێر چاپکردووە. چەندین لاپەڕەی مێژووی شارەکەی لەرووی شارستانی و کۆمەڵایەتی پەخشکردووە. چاوشلی هەر لە سەرەتای وەزیفەی خۆی وەك (مدیر ناحیە)ی تەینالو قایمقامی پشدەرو کۆیەو سەرۆکی شارەوانی هەولێرو وەزیفەکانی تری لەسەر ئاستی عیراق و دیبلۆماسی و یاسایی، بەکەسایەتییەکی کوردو عێراقی زۆر پاك و یاسایی و رابردوو خاوێنو یاسازان ناودارابووە، نموونەی دڵسۆزی و دەستپاکی زۆری دەگێڕنەوە. راستگۆو زاناو چاونەترس بووە، هەر بەرژەوەندی گشتی رەچاوکردووە. کتێبخانەو ئەرشیفێکی کوردیو عەرەبی و ئینگلیزی چاکی هەڵگرتبوو. زۆربەی گۆڤارو رۆژنامە کوردییەکانی چلەکانو پەنجاکانی هەڵگرتبوو، کەخانەنشین کرا، زۆر جار وەزیفەی گەورەیان نیشان داوە، بەلام ئەو هەمووی رەتکردیتەوە، دوا ئیش لە هەولێرو بەبێ ((مووچە)) بەرپرسی دەستەی فریاکەوتنی قەڵاتی هەولێربوو و ئەوەش هەر بۆ خزمەتو خۆشەویستی بۆ زێدی خۆی قەڵای هەولێر قبوڵ کردووە، گەرچی نەخۆشو زۆر پیر ببوو، بەڵام هەفتانە تەماشای خەرجی و پارەو ئیشی دەستەکەی بە وردی دەکردو تەدقیقی دانابوو. هەردوو حیزب بە بروسکەی مەکتەبی سیاسیو حیزبەکانی تریش بەشداری پرسەیان کرد، زۆرجاریش لەسەر ئاستی شەخسی زۆر دیدارو سەردانی دەکرا. خوالێخۆشبوو، زۆرگەڕا بوو لەجیهان، بۆیە چاپکراوی لەسەر وڵاتانو فەرمانڕەواییان چاپکردبوو.

١٩٩٦/٦/١٢

لەم رۆژەدا، فرانك بیکەر، سکرتێری یەکەمی باڵیۆزخانەی بەریتانی، لە ئەنقەرە، سەردانی بارەگای لیژنەی هاریکاری نیشتمانی کوردستانی کرد، ماوە ماوە سەردانی کوردستانی دەکرد و لە هەولێر و پیرمام دیداری

بەرزی هەبوو، هەمووجارێ دیداری لەگەڵ سەرۆکی حکومەت لەهەولێر دەبوو.

١٩٩٦/٦/٣

لەم ڕۆژەدا، کۆبوونەوەی نائاسایی پەرلەمانی کوردستان لەنێوان گوندی مەلا ئۆمەرو شاوێس لەسەر ڕێگای هەولێر - پیرمام بەسترا. ئەندامانی هەردوو لیست کە ژمارەیان (٧٥) پەرلەمانتار بوو ئامادەبوون، هەروەها نوێنەری حزبەکانی کوردستانیش ئامادە بوون. ئەم کۆبونەوە وەك کۆبونەوەی گوندی ((دارەبەن)) بۆ نوێکردنەوەی ماوەی تەواوبوونی یاسایی پەرلەمان بەسترا. لێرەو لەم کۆبونەوەدا پەرلەمان وەك هەیکەلی ئیداری‌و بۆ نوێکردنەوە (سێ مانگ) نوێ کرایەوە. نەژار عزیز ئاغا جێگری سەرۆك پەرلەمان وتی:

لە داهاتوو کۆبونەوەی بەرقەراربوونی ئاشتی دەبەستین.

فرنسۆ تۆما حەریری بەرپرسی فراکسیۆنی زەرد لە پەرلەمانی کوردستان وتی:

ناکرێ کێشەکان لەداخل چارەسەر بکرێ، ئێمە ئەزمەی سقەمان هەیە، کۆبونەوەی داهاتوو لە مەیدانی حەیوانان دەکەین، بۆ مەسەلەی فراوانکردنەکە، یەکێتی دەیەوێت چەند ئەندامێکی حیزبەکان بێنێ‌و دایانێن‌و هەردەمای کۆبونەوەبکەن، ئێمە فت بکەن. من دیسان دەڵێم متەشائیلم، ئێمە لەهەولێری داگیرکراودا کۆبونەوەی پەرلەمان ناکەین.

نەهلە سەعدوڵڵا، پەرلەمانتار لەسەر لیستی سەوز وتی: بۆ دەربازبوون لەرێژەی ٥٠ بە ٥٠ پەرلەمان فراوان بکرێت، چونکە ئەم پێکهاتەیە واتە مانەوەی ناکۆکی لەنێوان هەردوولا.

قادر عزیز، سکرتێری حیزبی زەحمەتکێشان‌و پەرلەمانتار وتی:

ئێمە حزبەکان چاومان لەوە نییە بە کورسی زیاتر بۆ خۆمان بچینە پەرلەمان.

مەلا غەنی، ئەندامی سەرکردایەتی بزوتنەوەی ئیسلامی وتی: ئەگەر پەرلەمان لەماوەی ئەم سێ مانگە بەفیعلی ئیش بۆ چارەسەرکردنی هەموو مەینەتیەکانی خەڵکی کوردستان نەکات و هەر بۆ درێژکردنەوەی بێت، من گەشبین نیم.

پەرلەمان لەناو رەشماڵێك درێژکرایەوەو لەهەولێرو بینایەی پەرلەمان کۆبونەوەی هەردوو فراکسیۆن نەکرا، زۆر وترا، یەکێتی هەر وتی، ئاشتی دەکەین و پارتی هەر وتی پەرلەمان داگیرکراوەو شەرعیەتی نییە، تا لە ١٩٩٦/٨/٣١. تۆپی بەعسی پێکەوت...!؟!

١٩٩٦/٥/١٢

لەم رۆژەدا، وتارو دیدارو نوێژ لەسەر گۆڕی، هەشت قوربانیەکەی یەك خێزانی رۆژی ١٩٩١/٣/٣١ لەگۆڕستانی چراخ سازکرا، بۆ گۆڕەکان مجێورێکی شیاو کێل و نوسین و ناساندنی شەهیدەکان کرا. گۆڕەکانیان هەڵبەستاو شوێنەکەیان پاککردەوەو لەلایەن سەرۆکی حکومەت کرایەوەو نوێژو تەلقینیان بۆ کردن. کە لە رۆژی کارەساتەکەدا بەکۆمەڵ نێژرابوون، ئەوەی شایانی باسە، خەرجی و رێکخستنی گۆڕەکە لەلایەن سەرۆکایەتی شارەوانی و کۆمیتەی تایبەتی یەکێتی سازکرابوو. شەویش لەتەلەفزیۆنی گەلی کوردستان یەکەم هەواڵ بڵاوکرایەوە. پاش دیدار لەگەڵ دایکی قوربانیەکان (سعاد) ریپۆرتاژێکم ئامادەکردو لە ژمارە (٢٢) ی رۆژنامەی هەرێمی کوردستانی رۆژی ١٩٩٦/٦/١٣ لەلاپەڕەیەك و ستونێك بەناوی ((پاش ١٨٦٣ رۆژ نوێژ لەسەر تەرمی هەشت قوربانیەکەی سعاد کرا)) بڵاو کردەوە.

١٩٩٦/٤/١٧

لەم شەوەدا، شەقامی پێش چایخانەی (مەچكۆ)) قیرتاو كرا.

1996/4/22

لەم شـەوەدا، شـەقامی پێش تەكیـەی شێخ عبدالكریم قیرتـاوكرا، لەبـەر ئـاپوورەی رۆژو ئیشكردنی ئامێرەكـانی شارەوانی لە قەڵای راپەڕین، شەوانە هەڵمەتی قیرتـاوكردنی شـەقامە سـەرەكییەكان دەكـرا، ئیشـەكە تـا 12ی شـەوی دەخایاندو كارگەی قیری ((قەتەوی)) شـارەوانی بەنـەوتی رەشـی ((شیواشۆك)) ئیشی دەكـردو رۆژانـەش كرێكـارو كارمەندەكان رۆژانەی زیادیان وەردەگرت.

1996/4/14

لە سەعات 12 ی نیوەڕۆ بۆ یادی ئەنفال بازاڕی هـەولێر داخراو هاتوچۆ راگیرا.

1996/7/2

لـە ئێوارەی ئـەم رۆژەدا، خـولی ((ئاشـتی و تـەبایی)) ی زانكۆی سەلاحەدین سازكرا. جەماوەرێكی زۆر ئامادەبوون، بـەرێو رەسمێكـی جوانو شارستانی كرا، خـەڵاتی مـام جـەلال 100 سـەد دۆلار بـۆ یەكەمـەكانو 50 دۆلار بـۆ دووەمو سێیەمەكان دابەشكرا، خەڵاتی سـەرۆكی حكومـەت سـەعاتێكی دەسـت بـوو و لـەجیاتی جێگـری سـەرۆكی حكومـەت خـەڵاتی (200) دینار دابەشكرا، هـەر لـەم رۆژەدا بڕیـاردرا كۆلێـژی كشـتوكاڵ لـە زانكـۆی سـەلاحەدین بكرێتەوە.

1996/7/22

لــەم رۆژەداو لــە رۆژانــی داهــاتووش، ئیـش لــە چیمەنتۆكردنی ((كۆڵانی عارەبان)) كراو لەدوا قۆناغەكانی بوو، موختاری كۆڵانی عارەبان وتی:

لەسەردەمی ((عبدالكریم قاسم)) ئێمە داوامان هـەبوو و داوا دەكـەین، وا ئیمـڕۆ لەسـەردەمی حكومـەتی هـەرێم جێبەجێكرا. وەزارەتی دارایی و ئابووری حكومـەتی هـەرێم

میزانیەکی چاکی بۆ داناو برپاریش درا بەشە چیمەنتۆکەی لەکارگەی چیمەنتۆی تاسلوجە بەخۆڕایی بێت. شارەوانی هەولێر، قۆناغی یەکەمی کۆڵانەکانی دەست پێکرد، چواردەوری بەندیخانەو نزیک تەکیەی شێخ محی‌الدین بوون، بەرنامە هەبوو لە قۆناغی داهاتوودا تەواوی کۆڵانەکانی تر چیمەنتۆ ڕێژ بکرێت، ئیشەکە جوان و ئەندازیاریی دەڕۆیشت و تیمی ئاو و زێرابەکانیش هاوکاربوون بۆ دانانەوەی قەپاغەکان و پاککردنەوەی زێرابەکان. دانیشتوانی ئەم کۆڵانانە زۆر ستایش و ڕێزیان هەبوو کە لەم هاوینە گەرمە، لەم چڵپاو و پیسایییە ڕزگاریان بوو، بۆیە هەر بەخۆیان چاودێری و ئاوپێژییان دەکرد.

🗗 ١٩٩٦/٨/١٥

لەم ڕۆژەدا، لەیادی شۆڕشی تەباخ، مەڵبەندی میزیۆپۆتامیا، ئاهەنگێکی قەشەنگیان لە باخچەی خانزاد سازکرد. ئەم مەڵبەندە ڕۆشنبیرییە، بارەگاو لقی زۆرەو سەر بەپەکەکەیە.

🗗 ١٩٩٦/٨/١٦

لەم شەوەدا، ئاگر پژێنی پیرمام لەیادی دامەزراندنی پارتی لە هەولێر جوان و ڕەنگین دیاربوو.

🗗 ١٩٩٦/٨/٢٦

لە سەرەتای دەوامی ئەم ڕۆژەدا، مامۆستای ناوداری هەولێر (عبدالقادر فەرهادی) کت وپڕ لەناو کۆلێژی ئاداب کۆچی دوایی کرد. مامۆستا سەرۆکی بەشی ئینگلیزی کۆلێژی ئاداب بوو، ماستەری لەئەدەبی ئینگلیزی هەبووو بۆ تەواوکردنی خوێندنیش لە زانکۆکانی بەریتانیا وەرگیرابوو. مامۆستای خوالێخۆشبوو وەک کەسایەتێکی نیشتمانپەروەرو لە خێزانێکی ئایینی و نیشتمانپەروەرو ڕۆشنبیریی (فەرهادی) بوو، ماوەیەک سەرپەرشتی بەشی لاپەڕەی ئەدەبی ڕۆژنامەی هەفتانەی یەکێتی نیشتمانی بە زمانی ئینگلیزی بووو لەژمارەکاندا چەندین شاکاری

## بەغدا بۆ هەولێر

ئەدەبی وەرگێڕایە سەر زمانی ئینگلیزی و لەگەڵ شاعیری گەورەی کورد (شێرکۆ بێکەس) بەرنامەی هەبوو دیوانی (دەربەندی پەپولە) بکاتە ئینگلیزی، ئەنجومەنی وەزیران و زانکۆی سەلاحەدین بە رەسمی بە خاکیان سپارد و لە دەزگاکانی راگەیاندنی حزبەکان هەواڵەکەیان راگەیاند. لەمزگەوتی (قادر بلە)دا پرسەیەکی گەرمی بۆ دانرا.

🗗 ١٢/١٢/ ١٩٩٥

لەم رۆژەدا، لەناوەندی رۆشنبیری سەردەم، گروپی سینەمای کوردستان. *G.C.K* دامەزرا، ئامانجی گروپەکەش:

- ناساندنی هونەری سینەما.
- کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر هونەری سینەما.
- دامەزراندنی کتێبخانەو ئەرشیفێکی سینەمایی.
- سازکردنی کۆڕو دیداری سینەمایی.
- بەرهەم هێنانی فیلمی کوردی.
- دەرکردنی گۆڤاری کوردی تایبەت بە هونەری سینەما.

🗗 ١٩٩٦/٨/١٤

لەم رۆژەدا، لە هۆڵی هوتێلی (القصر الذهبي) و لەژێر دروشمی (با خوێندکارو لاوان سەرمەشقی گۆڕانکارییەکان بن، لەپێناوی گەڕانەوەی ئاشتی و ئاوەدانکردنەوەی کوردستان، قووڵکردنەوەی پرنسیپە دیموکراسیەکان، دەستەبەرکردنی خوێندنێکی هاوچەرخ و بنیاتنانی کۆمەڵگایەکی مەدەنی) یەکێتی خوێندکارو لاوانی زەحمەتکێشانی کوردستان کۆنفرانسی خۆیان بەست.

* * *

## زۆر كورتكراوە!

- دكتۆرێكی ئیتاڵی پسپۆر لە نەخۆشییەكانی مێشك لە نەخۆشخانەی میلانۆی ئیتاڵیا بۆ چەند نەشتەرگەریەك لەنەخۆشخانەكانی هەولێر بە رەسمی بانگكرابوو.

- فریاكەوتنی ئیسلامی، چەند دكتۆرێكی بیانی پسپۆڕ لەنەخۆشییەكانی چاویان بۆ چارەسەركردنی خەڵك بانگ كرد بوو.

- لە رۆژانی سەرەتای شەڕی پەكەكەو پارتی، نرخی رۆژنامەی وڵات گەیشتە حەفت دینار.

- گۆڕینی عەمیدی ئامۆژگەی تەكنەلۆژی هەولێر پارتی زۆر باسی كرد.

- منداڵ دزین و پارە داواكردن بە تەلەفۆن هەبوو.

- نوێنەری بازاڕی ئەورووپای هاوبەش بەرەسمی لەهەولێر پێشوازی لێكرا.

- ژمارە (٧) ی رۆژنامەی (ئەمڕۆ) لەوتارێكیدا هێرشی توندی كردە سەر ئیسلامییەكان.

- لەماوەی یەك مانگدا مامۆستایان، شەش موچەیان وەرگرت.

- محەویلەیەكی گەورەی كارەبایی لە سلێمانی بەسێ رۆژ گەیشتە هەولێر.

- حاكم سەمەد قائیمقامی مەركەزی هەولێر بەرەسمی بووە پارێزگاری هەولێر.

- كۆنە وەزیری حكومەت ((عبدالستار طاهر شریف)) گەڕایەوەو لە تەلەفزیۆنی گەلی كوردستان وتی: پارتی پەیوەندی لەگەڵ رژێم هەیەو پارتیش بەتوندی وەڵامی دایەوەو بەجاش ناویان هێنا.

- زۆر باسی مردنی دۆستی كورد بە نەخۆشی شێرپەنجە ((فرانسوا میتران)) دەكرا.

- بڕیاردرا دەڵاڵخانە بگوازرێتەوە پشت کتێبخانەی گشتی، بەڵام سەری نەگرت.
- هێزی زۆری سلێمانیو گەرمیان لەترسی هێرشی پارتی هاتنە هەولێر.
- یانەی برایەتی لە یانەی ئاسۆی بردەوە، کەلەخولی یانەکانی تۆپی پێی کوردستان، دوا یاریان لەهەولێر سازکرد، خولەکە زیاتر لە بیست تیپی پلە یەکەمی کوردستان بێجگە لە یانەی هەولێرو دهۆك، بەشداربوون.
- دەستەی فریاکەوتنی قەڵای هەولێر، پەیکەرێکی گەورەی لە دەروازەی قەڵا داناو لەلایەن سەرۆکی حکومەت پەردەی لەسەر لادرا، پەیکەرەکە لەلایەن پەیکەرتاشی گەورەی کورد هونەرمەند ((زایەر سەدیق)) تاشرابوو، هونەرمەندی ناوبراو خاوەن چەندین پەیکەری گەورەو نازداربوو.
- تەنگاوی لەناو پۆلیسی هەولێر پەیدابوو، چونکە موچەیان دواکەوتبوو.
- بڕیاری (١١) لە ١٣/ ٢/ ١٩٩٦ بۆ ئازادکردنی زیندانی دەرچوو.
- نەوتی شیواشۆك بۆکارکردنو بەرهەم، گەیشتە شارو کارگەکانی کوردستان.
- یادی رۆژی زانکۆی سەلاحەدین کرایەوە.
- تەرمی سیاسەتمەدارو ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان ((لەشکری یابە)) لە دەرەوە، کە بۆ چارەسەرکردن لەدەورەوەبوو، گەیشتەوە هەولێر. گەورە لێپرسراوانی حکومیو حزبیو جەماوەرێکی زۆری هەولێرو کوردستان ئامادەی پرسەو ناشتنەکەی بوون.
- پەیکەری مەرمەرو بچوكو نایابی.(ڕێبان) لە سەنتەری شەقامی شێخەڵڵا پەردەی لەسەر لادرا. ڕێباز

پێشمەرگەی سەرەتایی و نووسەرو کورە زەحمەتکێشی هەولێر لەشەڕی ناوخۆ بەدیلی کوژرا.

- وەفدێکی ئابووری زانکۆکانی تورکیا هاتە هەولێر.
- نێوان یەکێتی و بزوتنەوەی ئیسلامی شڵەژا، بەڵام زوو چارەسەر کرا.
- یاریەکانی جامی ئەوروپای تۆپی پێ، راستەوخۆ لە تەلەفزیۆنەکان پەخش دەکرا.
- ((کتێبی پیرۆز)) سێ رۆژ کۆڕی تەبشیری لە هۆڵی میدیا ساز کرد.
- موچەی دوو مانگی خانەنشینەکانی هەرێم درا.
- یەکگرتووی ئیسلامی لە کوردستانی عێراق کۆنگرەی دووەمی لە هۆڵی میدیا سازکرد.
- یانەی هەولێرو یانەی برایەتی یاریەکیان کرد، برایەتی ٢-١ بردییەوە.
- بەگەرمی لەمزگەوتەکان و شەقامەکانی شار یادی لەدایکبوونی محمد (د.خ) کرایەوە.
- پارتی رایگەیاند، هەموو بڕیارو کارە رەسمیەکانی هەولێر لەپاش ١٩٩٤/١٢/١٥ شەرعی نی یە.
- رۆمانەکانی (خسرۆ جاف) کە لە بەغدا چاپ دەبوون، رەواجی خوێندنەوەیان زۆر بوو.
- ساڵی پار لەبەر دژواری شەڕی ناوخۆ، رۆژژمێر چاپ نەکرا، بەڵام بۆ ساڵی ١٩٩٦ رۆژژمێری بچووک و دیواری و وێنەدارو یەك لاپەڕەیی و بە چەندین شێوە، بەپارەو بەخۆڕایی لەلایەن دەزگاکانی حکومی و حزبی و پیشەیی و بازرگانیەکان، دابەش دەکرا.
- هونەرمەند جوان بامەڕنی دەرهێنەری فلیمی ((وەژ بیرناکەین))ی تەلەفزیونی خەریکی ئامادەکردن و دەرهێنانی فلیمی تەلەفزیونی گەورە ((١٤ رۆژ داستانی سماقوولی)) بوو.

- ماوەیەکە نویێکردنەوەی ((سنویە))ی سەیارە گەرمەو بۆ هەر ساڵێك نویێ کردنەوە، مرور (٢٥) دیناری وەردەگرت و بەرێوەبەرایەتی هاتوچۆی هەولێر بەگەرمی ئیشی دەکردو ئەوەی مۆڵەتی لێخوڕینو ساڵانەی ئوتومۆبێلی نویێ نەکردبایەوە، سزا دەدرا، هەروەها ئوتومبێلەکان کەشف دەکراو مۆڵەت نویێ دەکرایەوە و ژمارەی ئوتۆمبێلی چاپی هەولێریش بۆ ئوتۆمبێلی بێ ژمارە دادەنرا.

- فێرگەی پێگەیاندنی ئەفسەرانی پۆلیس، راهێنانی جوان و پوختیان دەکرد. کۆلێژەکە (فێرگە) کەلەپشت کۆلێژی زانیاری بوو، ئەفسەری گەورە پۆلیسو یاسایی مەشقیان پێ دەکرا.

- رێکخراوی (ئیکلیوبەری) فەرەنسی، ئەرزاقی بەسەر مامۆستایانو کارمەندانی تەندروستی، مانگانەو بەبەردەوامی دابەش دەکرد، مانگانە ٢٠ کیلۆ ئاردو ٢ کیلۆ روونو ٢ کیلۆ شەکرو ٤ قۆدی ئاوی تەماتەو لەگەڵ هەندێ نۆك بوو.

- رۆماننوسی گەورەی کورد (محمد موکری) بەشێکی تری رۆمانی (ئەژدیها)ی نووسی.

- (داستانی ژیانەوە)ی عەبدوڵڵا ئوجەلان لە هەولێر، بەکوردیو چاپێکی جوان چاپکرا. دانەی بەچل دینار دەفرۆشرا، نوسینەکە لە (ملحمة الانبعاث)ی عەرەبی وەرگێردرابوو، کەرۆژنامەنووسی تورك (یالچین کوچوك) لەگەڵی سازکردبوو بەعەرەبی لەساڵی ١٩٩٤ بە (٣٨٠) لاپەرە دەرچووبوو. کتێبەکە (دیدارەکە)) گێرانەوەی ساڵانی ژیانو بەرخودانو سیاسیەتی.

* * *

## رهينة الماضي

ئەلفریدۆو گۆدەلوپی، دووناو و شەوچەرەی بەردەوام و تەماشاکردنی لەبیرنەچوو و گۆشەیەکی خۆشەویستی تەلەفزیۆنەکان بوو، شەوانە، دوور لە پەرلەمان و تەقەو شەڕە قسە و برسیەتی و سەدام و نەوت و نان و دۆلار، ئەم زنجیرەیە میوانی هەموو خێزانێك بوو، هەموو بارەگایەك، گازینۆیەك. ئەوەی زمانی عەرەبی بەوردی گوێی بۆ ئاخاوتنەکان رادەگرت و ئەوەی عاشقی جوانی بوو چاوی لەشاشەکە گیر دەکرد، ئەوەی مەستی دەرەوە بوو، بەسۆزەوە ئاهی بۆ دیمەنەکان هەڵدەکێشا. دیمەنی جوانی، جل وبەرگی تازە، سۆزو ناسکی، رەنگی پەمبەو ژنی نازدارو کوڕی کۆك و چیرۆکی سوتان و نازو مۆدێل شەوانە دەبینرا. شەوانە هاوکارو هاودەمی ئەم زنجیرە تەمسیلیە بێگانەیە دۆبلاج کراوە بە عەرەبیە پاکە، لەکەناڵی (*MBC*) ی عەرەبی فەزایی و لەتەلەفزیۆنەکان راستەخۆو ناڕاستەوخۆ پەخش دەکرا. لە شەوی ١٩٩٦/٤/١ ئەڵقەی ژمارە (١٥٠) دوا ئەڵقەی بوو. هەموو ئەڵقەیەك ماوەکەی چل دەقیقە بوو. ئێواران *PUK* سەعات ٥،١٠ پەخشی دەکردو لەبەرکاتی دووەمی کارەباکە سەعات ١٠،٣٠ هەمان ئەڵقە دووبارە دەکرایەوە، هەروەها *KTV* لە سەعات ٦،٥ ی ئێوارە پەخشی دەکرد و تەلەفزیۆنی *KCP* لە سەعات ٩،٥ پەخشی دەکرد.

بەکۆتایی هاتنی ئەم ئەڵقەیە چاوەڕوان دەکرا *MBC* و کەناڵە عەرەبیەکان زنجیرەی تر پەخش بکات، وەك چاوەڕوان کرا، ئەڵقەی تری پەخشکرا. لەم زنجیرەیە دوو رووانگە هەبوو مەلاکان و مزگەوتەکان، زۆر دژی بوون و

لەخوتبەکانی هەینی باسیان دەکردو گلەییان زۆر بوو، هەروەها سەرچاوەی سەرەکی دووانو زمانی عەرەبی بوو لەپاش راپەڕین، بوارێك بوو بۆ فێربوونی عەرەبی، هەرچی بووبێت، زنجیرەکە ئەوانە لە هەموو ماڵێك تەماشا دەکرا.

## هەولێر، مەڵبەندی بلاوکردنەوەو سەکۆی ئازاد

بوونی سێ چاپخانەی گەورەو بەبەرهەمو کادیری لێهاتوو و شارەزا، لەبوارەکانی چاپو مۆنتاژو وێنەگرتن، هاندەری سەرەکیبوون، هەولێر ببێتە مەڵبەندێکی گەورەی پەخشو بلاوکردنەوەی سیاسیو رۆشنبیریو زانیاری. رۆژانە، رۆژنامەی رۆژانەو هەفتانەو مانگانەو وەرزی و جۆرەها گۆڤارو کتێبو سەرچاوەی ئەدەبیو سیاسیو زانستی دەربچێت. چاپخانەی رۆشنبیری، کەسەر بەوەزارەتی رۆشنبیری بوو، ئەرکی چاپو بلاوکردنەوەی گۆڤارو کتێبو رۆژنامەکانی لەسەربوو، وەزارەتی رۆشنبیریو چاپخانەکەش بەم ئەرکەو بەرهەمی داهاتی، موچەی خۆیانو ئەرکی وەزارەتیشی سووك دەکرد. بێجگە لەم چاپکراوانە، کەمو زۆر کەرتی تایبەتیش کاریان بەم چاپخانەیە هەبوو، ئەوەش هاندەرێکی بژێوی رۆژانەی ژیانی کارمەندان بوو، دیارە لێزانیو کاری شەو و رۆژیان بەرهەمی زۆری هەبوو و رۆژانە بەرنامەیان بە مەکینە ماندووەکانیان جێبەجێدەکرد.

چاپخانەی پەروردەش، کەسەر بە وەزارەتی پەروەردە بوو. ئەوانیش چاپو بلاوکردنەوەیان هەبوو، گەرچی مەکینەو کادیرەکانیان زۆرتر و شارەزاتربوونو زۆریشیان خولی فێربوونیان لە دەرەوەی وڵات دیبوو، ئەوان زۆرتر کتێبی خوێندنگاکانی سەرەتاییو ناوەندیو ئامادەییو پیشەییو هەندێ رۆژنامەو گۆڤارو کتێبیشی لێ چاپ دەکرا. بۆ نموونە رۆژنامەی وڵاتو وطن الشمس لەم چاپخانەیە چاپ دەبوو.

بێجگە لەم دوو چاپخانەیە، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، بەشێکی بڵاوکراوەکانی لێ چاپ دەکراو رۆژنامەی هەفتانەی (الاتحاد) لەوێ چاپ دەبوو.

هەرسێ چاپخانەکەش دەزگای کۆمپیوتەری چاپیان هەبوو، بەڵام کەم بەکار دەهات و زیاتر پیتچنین و چاپی بڵاوکراوەکان لەسەر ئەستۆی خۆیان بوو، زۆریشیان خۆیان مۆنتاژیشیان دەکردو دەگەیشتە چاپخانە بۆ وێنەگرتن، ئەوەش بواری رەخساند، هێدی هێدی چاپ و پەخشی تایبەتیش لە بواری کۆمپیوتەرو چاپ لەهەولێر بڵاوببێتەوەو چاپخانەی ئەهلیش دەوریان هەبوو.

سەبارەت بە خوێندنەوەی ئەم بڵاوکراوانە، واتە ئەوانەی کە من ریپۆرتاژەکەم دەیگرێتەوە، حەزدەکەم سەرپێی هێمایەك بەم بابەتە بەدەم، چونکە ئەوەیان گرنگەو پێویستە بنوسرێتەوەو تۆمار بکرێت. رۆژنامەی (کوردستانی نوێ) کەهەموو بەیانیان لەرۆژی یەکەمی دەرچوونی بێ دواکەوتن دەرچووە، رۆژانی سەرەتای دەرچوونی تیراژی زۆری لێ بڵاودەبۆوەو خوێنەری زۆربوون و نرخی لە ٢-٣ دینارەکەی خۆی تێدەپەری و دەستکەوتنی ئاسان نەبوو، بەڵام لەم دواییەدا خوێنەرو نرخی فرۆشتنی وەك جاران نەمابوو، بەڵام رۆژنامەی (الاتحاد) هەفتەنامەی راگەیاندنی یەکێتی، لەبەر زۆر هۆ زۆرتر دەفرۆشرا. رۆژنامەی کوردستانی نوێ و الاتحاد و هەندێ رۆژنامەی تر، دەزگاکانی حکومی و حزبی و رێکخراوە جەماوەرییەکان و خێرخوازەکان و حزبە کوردستانیەکان و کەسایەتی رۆشنبیری و خاوەن ئەرشیفەکان و خوێنەری زۆریش بەشداری رۆژانەیان هەبووە، لەهەر دەزگایەکی حکومی و حزبی، ئەگەر رۆژانە یەك رۆژنامەیان هەبوایە زیاتر لە بیست خوێنەری بەردەوام و تینووی هەبوو. رۆژنامەی حیزبەکان، رەواجیان هەبوو، دەنگیان دیاربوو، بۆ نموونە (ئاڵای ئازادی)

کەهەفتانە حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان دەری دەکرد، زۆر لە ئامێز دەگیراو سەکۆیە ئازادەکەی دەنگی دیاری هەبوو، رۆشنبیران و رۆشنفکرەکان بەشدارییان لە نووسینی دەکردو قەڵەمی هەمەرەنگ و بوێری زۆری تێدابوو، (هەڵوێستمان) لە لاپەرەی یەکەمیدا زۆر دەخوێندرایەوەو چاوەڕوانیش دەکرا. لە دەرەوەش نووسینی بۆ دەهات. بەڵام تیراژی کەم بوو، رۆژنامەی (بۆ پێشەوە) جارجار دژ بە ئیسلامیەکان دەتەقیەوەو دەنگۆیەکی زۆری لەسەر دروست دەبوو.

رۆژنامەو بڵاوکراوەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان/ یەکگرتوو، کەلەپیرمام و دهۆك بە تیراژی کەم چاپ دەبوو، دەگەیشتە هەولێر، بەڵام بە دانەی کەم و دەگمەن و لە دەزگاکانی راگەیاندنی یەکێتی دەبینرا، کەسایەتیش هەبوو بۆیان دەهات. حزبە کوردستانیەکان دەستیان هەبوو لەگەیاندنی و هەروەها کتێبخانەی (سۆلاڤ) ئاڵوگۆڕی لەگەڵ کتێبخانەکانی پیرمام و دهۆك دەکرد. هەروەها هەمان سەرچاوەو پێناو رۆژنامەو بڵاوکراوەکانی یەکێتی (کوردستانی نوێ، الاتحاد، سیاسەتی دەولی...) دەگەیاندە دەزگاکانی پارتی.

لەرۆژانی گەرمی شەڕو بانگەوازو بەدرۆخستنەوەی هەواڵێك یان وتارێك لەرۆژنامەکان، پێشوازییان لێدەکراو دەخوێندرایەوە. دیارە ئەم رۆژنامەو گۆڤارانە دەگەیشتنە ناو رژێم و دەزگاکانی پەیوەست و ئەوانەی تایبەت بوون بەکاروباری کوردستانی ئازاد، بەتایبەت رۆژنامەی (الاتحاد) سوودیان لێ وەردەگرت و لەبەر رۆشنایی لاپەرەکانیدا، ئەوان درۆو بوختان و هەواڵی چەواشەو هەواڵی راستیشیان لێوەردەگرت. بەڵام! هەرگیز بەچاك و بەخراپ ئاماژەیان بەناویان نەداوەو نەیانویستوە بڵێن رۆژنامەی رۆژانەو پەخشی رۆژنامەگەرییان هەیە! ئەوەی ماوە بیڵێین، رۆژنامەو گۆڤارەکانی ناو رژێم بێ پەردە

هاتووەو هیچ رۆژێك قەدەغەنەكراوە گەر توندترین هێرش و پڕوپاگەندەی شەخسی و درۆشی تێدا بووبێت، بەڵام خوێنەرو كڕیاری نەبوو، زۆربەیان بە بەستراوی دەفرۆشراوە دەستفرۆشەكان، هەندێ رۆژنامەی وەرزشی و ئەدەبی خوێنەریان هەبوو. رۆژنامەو گۆڤارەكانی ناو رژێم كە بە كوردی دەردەچوون وەك (هاوكاری، رۆشنبیری نوێ و بەیان و رەنگین و كتێبی ئەدەبی و رۆشنبیری) دەهاتن و خوێنەریان هەبوو. نرخیان هەرزانتربوو، تیراژیان زۆرتر، ئەوەی دەبێ بوترێت، كتێبە چاك و بەنرخەكان بە قاچاغ دەهات و ئەوانەی دژی رەوشەكەو هەرێم بوون. ئازاد دەهاتن.

لەكۆتاییدا، ئاماژەش بۆ ئەوە دەكەم، كە هۆی سەرەكی كەم خوێندنەوەو كڕین و چاپیان، زیاتر بۆ دوو هۆی سەرەكی دەگەڕێتەوە، یەكەمیان گرانی نرخی رۆژنامەكان بۆ ئەوانەی كە شەیدای خوێندنەوەبوون، راستە لەچاو شتی تر هەرزان تربوون، بەڵام بۆ كەسانی موچەخۆرو خوێندكارو، كەم دەرامەت زۆربوو رۆژانە (٣-٥) دینار بەیەك رۆژنامە بدات و رۆژنامەكانیش زۆر بوون بۆ هەموو كەس نەدەگونجا. دیارە بەهۆی زۆری تەلەفزیۆن و رادیۆی ناوخۆو دەرەوە گەیشتن بەزانیاریەكان زۆر ئاسان و بە خۆڕایی بوو، هۆی دووەمیش، شەڕی ناوخۆو شەڕە جنێوو هەواڵ بوختان و نائومێدی و ترسی دواڕۆژو ترسی گەڕانەوەی حكومەت و رۆیشتن و هاتنەوەی هێزەكان، چونكە رۆژنامەكان زۆریان حزبی بوون و دەنگی ئازادیش جار جار دەخنكاو رەقیبیش هەبووە.

ئەو رۆژنامەو گۆڤارانەی كە نەدەخوێندرانەوە، ئەوەش بابەتێك بوو، هەندێ لە رۆژنامە كوردییەكان، هەفتەنامەكان، خوێنەریان كەمتر بوو، هەبوو بەدەگمەن دەخوێندرایەوە، هەبوو، بەخۆڕایی دابەش دەكرا. رۆژنامە عەرەبییەكان و توركمانیەكان چەند دانەی زیاتری لێ

نەدەفرۆشرا، دەستفرۆشەکان وەریان نەدەگرت. گەر وەریانگرتبایە رایاندەخستو هاوبەشی هەر نەبووە، ئەو رۆژنامە عەرەبیانەی ئۆپۆزسیونی شیعە لە ئێران بە تیراژی زۆر چاپی دەکردو بەخۆرایی لەهەولێر دابەش دەکرا، نەدەخوێندرایەوە. هەروەها بڵاوکراوەکانی دەرەوە کوردیو عەرەبی دەگەیشتنو دەستی دەکراو هەناسەی تایبەتیان هەبوو، رابونو یەکگرتن لەناو رۆشنبیران پیرۆزبوون، سروەو ئاوێنەی ئێرانو گۆڤارە رێنوسە لاتینەکانی باکوورو سوریا کەم کەم دەهاتن.

رۆژنامە عەرەبییەکانی دەرەوە بەهۆی کەسایەتیو پۆستەی دەرەوە بەدەگمەن دەبینرا وەك (الحياة. الشرق الاوسط...) و گۆڤارە عەرەبییەکانیش، هەروەها خوێنەری زمانی فارسیش زۆربوون، سەرچاوەی فارسی لەئێران زۆرترو ئاسانتر دەگەیشتن. بەهۆی بەغدا رۆژنامەکانی (ئوردن) ی نزیك لە رژێمی بەغدا دەهاتن. رۆژنامەو پەخشی ئیسلامی زۆربوونو خوێنەریان هەبوو. بڵاوکراوە چەپەکانو کۆمۆنیستەکانی ئێرانیش خوێنەریان هەبوو.. دەستفرۆشو کتێبی هەرزانی سەرشۆستە و فرۆشتنەوەی کتێبخانەی تایبەتو ((ئار ئار)) ی وەزعە تایبەتیەکان کتێبی دەگمەنیش دەردەکەوت.

هەولێر وەك پایتەختو مەڵبەندی بریار. سەرچاوەی پەخشو بڵاوکراوەش بوو. وا لە خوارەوە پێرستی ئەو رۆژنامەو گۆڤارانە دەنووسمەوە کە لە پاش دانیشتنی دبلن و تا کارەساتی ١٩٩٦/٨/٣١ لەهەولێر دەرچوونو بڵاوکراوەتەوە، بەتایبەتی ئەوانەی لە لام پارێزراوبوون یان ئاگادری دەرچوونیان بووم:

رۆژنامەی کوردستانی نوێ:

ئەم رۆژنامەیە، دەزگای ناوەندی راگەیاندنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، رۆژانە دەری دەکرد، رۆژانی شەممە پشودانی بوو، لە ١٩٩٥/٨/١٠ ژمارە (١٠٥٧) ی دەرچووەو

دوا ژمارەی لەهەولێر ژمارە (١٣٧٣) لە ١٩٩٦/٨/٣٠ دەرچوو، بێجگە لە رۆژنامەکە، پاشکۆی ئەدەبیی و هونەریو وەرزشیو زارۆك و زانستی هەبووە.

رۆژنامەی ((ولات)):

رۆژنامەیەکی هەفتانە بوو، هەفتەی دووجاریش دەردەچووە، لەسەری نوسرابوو (سەربەخۆی سیاسییە) بەلام بەئاشکرا دەنگی یەکەکەی یێوەبوو. هەر خۆیان دەیاننووسیو دەنگی کەسانی تری کەم تێدا هەستی پێدەکرا، نرخی دوو دینار بوو، خۆیان راستەوخۆ سەرپەرشتی چاپو فرۆشتنیو بلاوکردنەوەیان دەکرد. بواری ئەوەیان نەدەدا گرانتر بفرۆشرێت، ژمارە (٨١) لە ١٩٩٥/٨/١٠ و لە ٢٦ ١٩٩٦/٨ ژمارە (١٨٨) ی لێ دەرچوو و پاش کارەساتی ٣١ ی ئابیش هەر بەردەوام بوو. کەمو زۆریش رووداوەکانی دوایی باس نەدەکرد.

رۆژنامەی الاتحاد:

زمانحالی، یەکێتی نیشتمانی کوردستان بوو، هەفتانەو رۆژانی شەممە و بەیانیەکەی بە(١٢) لاپەرەو بەزمانی عەرەبیو بابەتی چاكو دراساتی زۆرو شێوەی جوان دەردەچوو دوا ژمارەی رۆژی شەممە ١٩٩٦/٨/٣١ ژمارە (١٩٩) چاپکرابوو، بەلام لەهەولێر بلاونەکرایەوە.

رۆژنامەی رێبازی ئازادی:

رۆژنامەی هەفتانەی حیزبی سۆسیال دیموکراتی کوردستان بوو، ژمارە (٥) ی لە١٩٩٥/٨/١٦ دەرچووەو تا ٣١ ی ئاب لە هەولێر بەردەوام بوو.

رۆژنامەی رزگاری:

رۆژنامەی پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان بوو، ژمارە (٢١) لە ١٩٩٥/٨/١٩ ژمارە (٢٨) ی لە ١٩٩٦/٢/١ دەرچوو و هەر بەردەوام بوو.

## بەغدا بۆ هەولێر

رۆژنامەی ئاڵای ئازادی:

رۆژنامەی هەفتانەبووە، ژمارە (١٨٣) لە١٩٩٥/٨/٢٠و ژمارە(٢١٩) لە ١٩٩٦/٧/١ دەرچووەو خوێنەری تایبەتی هەبوو، پاش١٩٩٦/٨/٣١ لەهەولێر دەرنەچوو.

رۆژنامەی یەکگرتوو:

رۆژنامەیەکی هەفتانەی یەکگرتووی ئیسلامی بوو، ژمارە (٦١) ی لە ١٩٩٥/١٠/٦ و بەردەوام بووەو پاشکۆی عەرەبیشی بەهەمان ناو هەبوو.

رۆژنامەی ڕێگای ئازادی:

رۆژنامەی حیزبی رزگاری کوردستان بوو، ژمارە (١٠) ی لە ١٩٩٥/١٢/٤ دەرچووە.

رۆژنامەی هەرێمی کوردستان:

رۆژنامەی وەزارەتی رۆشنبیری بوو، جاران بەناوی هەرێم دەرچووەو دوایی ناوەکەیان گۆڕی بە (هەرێمی کوردستان) ژمارە (٢) ی لە ١٩٩٥/١٢/١٣و ژمارە (٥) ی لە١٩٩٦/١/٢٣و بەردەوام تا ٣١ /٨ دەرچوو.

گۆڤاری (سیاسەتی دەولی):

گۆڤارێکی وەرزی سیاسی ستراتیژی بوو، لەلایەن مەڵبەندی لێکۆڵینەوەی ستراتیژی سەر بەیەکێتی نیشتمانی کوردستان دەردەچوو، سەرنووسەرەکەی (فەرید ئەسەسەرد) و دەستەی راوێژکار چەند لێزان و پرۆفیسۆرو مامۆستایانی زانکۆبوو، ژمارە (١٦) لە١٩٩٥/١١/٢٦ دەرچووە.

رۆژنامەی (وطن الشمس):

رۆژنامەیەکی عەرەبی بوو، لەسەری نوسرابوو ((سەربەخۆیە)) بەڵام دەنگی پەکەکەو بوو. هەفتانە بەهەمان ڕێبازو شێوەی وڵات دەردەچوو، ژمارە (٣) لە ١٩٩٦/١/٢ دەرچوو، بەردەوام بوو.

رۆژنامەی هێڤی:

پاشکۆی کوردستانی نوێ، تایبەت بەزارۆك بوو، ژمارە (٢) ی لە ١٩٩٦/١/٩ و ژمارە (٣) لە ١٩٩٦/٣/١٣ دەرچوو، ناوی (فەرید ئەسەسەرد و دارا محمد یاسین)ی لەسەربوو.

رۆژنامەی پاڵە:

رۆژنامەی بزوتنەوەی جوتیارانی کوردستان بوو، ماوەیەك بە قەبارەی بچوك و بە رۆنیۆ دەردەچوو، ژمارە (٨) ی لە ١٩٩٦/١/١٧ دەرچوو.

رۆژنامەی جەنگاوەر:

کۆمەڵەی جەنگاوەرانی پێشەنگی کوردستان ژمارە (١) لە ١٩٩٦/١/٢٢، دەرکردو خاوەن ئیمتیازی (محمد اسماعیل عەوێنەیی) و سەرنووسەری (حسین محمود) بوو.

رۆژنامەی خەباتی کرێکاران:

ژمارە (٤) ی لە ١٩٩٦/١/٣١ دەرچووە.

رۆژنامەی ئۆلۆمپیک:

لیژنەی ئولۆمپی کوردستان ژمارە (١) ی لە١٩٩٥/١٠/٣١و ژمارە (١٥) ی لە ١٩٩٦/٣/١٥ دەرچووە.

رۆژنامەی سەربەخۆیی:

رۆژنامەی پارتی پارێزگارانی کوردستان، ژمارە (سفر)ی لە١٩٩٦/٤/٢٦و ژمارە (١) ی لە١٩٩٦/٥/٣١ دەرچووە، هەروەها رۆژنامەی (پارێزگاران) یان دەردەکرد.

گۆڤاری سەرهەڵدان:

گۆڤاری رۆشنبیری - سیاسی، مەڵبەندی چواری بادینانی یەکێتی بەکوردیو بە عەرەبیو بابەتو دراساتی چاك دەردەچوو، ژمارە (١٦) لە ١٩٩٦/٦/١٩ دەرچووە.

رۆژنامەی المؤتمر:

رۆژنامەی کۆنگرەی یەکگرتووی نیشتمانی عێراقی *INC* بە زمانی عەرەبی بوو، دەستەی نوسەرانی لە شەقلاوە بوونو لە هەولێر چاپو پەخش دەکرا. هەروەها لەدەرەوەی

وڵاتیش چاپ دەکرا، ژمارە (١١١) لە٤/٦/١٩٩٦ دەرچوو. پاشکۆی کوردیشی هەبوو. ژمارە هەبوو لە دەرەوە دەرچوو، لە هەولێر چاپ دەکرایەوەو بەپێچەوانەش لەهەولێر دەردەچوو لەدەرەوەش چاپ دەکرایەوە، نووسەرو سیاسی کورد زۆر بابەتیان بەعەرەبی تێدا دەنووسی.

بڵاوکراوەی بانگی مرۆڤ:

بلاوکراوەی وەزری کۆمەڵەی مافخوازانی مرۆڤ لە کوردستان، دەری‌دەکرد و ژمارە (٣) لە ١٩/١٠/١٩٩٥ دەرچووە.

رۆژنامەی «الاتحاد الدولي»

رۆژنامەی عەرەبی دەزگای راگەیاندنی یەکێتی نیشتمانی بوو، شێوەی لە گۆڤار دەچوو، تایبەت بوو بۆ دەرەوە، ژمارە (١) ی لە ١١/٦/١٩٩٦ دەرچوو.

گۆڤاری صوت الكتاب المقدس:

گۆڤاری عەرەبی تەبشیری، ژمارە (٢١) ی لە ١٤/٦/١٩٩٦ دەرچووە.

تەکان:

حیزبی رزگاری کوردستان ژمارە (١) لە ١/٧/١٩٩٦ دەرکرد.

گۆڤاری ئێستا:

گۆڤاری ئەدەبی، دەزگای راگەیاندنی یەکێتی، ژمارە (١) لە ١٧/٧/١٩٩٦ دەرچووە.

رۆژنامەی رێبازی خوێندکاران:

رۆژنامەی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان، ژمارە (١٦) لە٢٩/٧/١٩٩٦ دەرچووە، بابەتی ئەدەبی و فیکری و هونەری بڵاودەکردەوە.

گۆڤاری سەراب:

گۆڤاری ئەدەبی هاوچەرخ بوو، سەرنووسەرەکەی (دانا سەعید سۆفی)، بایەخی بە ئەدەبی هاوچەخ و دراساتی تازە دەدا، ژمارە (٥) لە١٠/٨/١٩٩٦ دەرچوو، دەستەی نوسەران چەند شاعیرو ئەدیبی نوێخوازبوون.

رۆژنامەی (الرسەن):

رۆژنامەیەکی ئیسلامی بوو، ژمارە (سفر) ی لە ١/٩/١٩٩٥ و ژمارە (٨) ی لە ٢٢/١٢/١٩٩٥ دەرچووە.

رۆژنامەی تورکمان الی:

رۆژنامەی پارتی نیشتمانی تورکمانی، بەعەرەبی و تورکی دەرچوو، هەر دوو هەفتە ژمایەرەکی دەردەچوو، بێجگە لەم رۆژنامەیە حزبە تورکمانیەکان رۆژنامەی زۆریان هەبوو، بەڵام خوێندەواریان نەبوو.

رۆژنامەی وەرزش:

ژمارە (٨) ی لە ٧/٩/١٩٩٥ پاشکۆی کوردستانی نوێ دەرچوو.

رۆژنامەی مطرقة الجماهير:

رۆژنامەیەکی عەرەبی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی بوو، ژمارە (١) لە١٥/١١/١٩٩٥ دەرچوو.

رۆژنامەی کوردستان تریبیۆن:

ژمارە (١) بەچوار لاپەڕە، رۆژنامەیەکی چەپ بوو.

* * *

بێجگە لەو گۆڤارو رۆژنامانە، چەند رۆژنامەو گۆڤارو پەخشنامەو وەرزنامەی حزبەکان و دەزگاکانی حکومی و رێکخراوە خێرخوازەکان و پیشەییەکان و کۆڕو دیدارەکان، ماوە ماوە بە پچڕپچڕی دەرچووە. وەك رۆژنامەی ژیانی نوێ، گۆڤاری کاروان، پێشمەرگە، ئاو، ئاژەڵداری... هەروەها بڵاوکراوەکانی پارتیش دەگەیشتن. وەك (گوڵان، برایەتی، خەبات، مەتین، گارا، رامان، پەیمان، پێشکەوتن، دەنگی ئافرەت)و چەند کتێبی سیاسی و بیرەوەری و

بەغدا بۆ هەولێر

ئەدەبی، هەروەها (لالش) دەگەیشت سەرجەم بڵاوکراوەکان مانشێتو سەروتارو هەڵوێستو دەنگو رەنگو رێبازو سەکۆو ستوونیو دیدیان بۆ ئاشتیو هەڵبژاردنی تازەو دژە بەعسیو گوزەرانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانو پاراستنی دەستکەوتەکانو پەرلەمانو راپەڕینو کوردستانی گەورەو سەربەخۆییبوو، چەپو راست، شۆڕشگێڕ، نەتەوەیی، کوردستانی، فیدرالیزم، ئیسلامی، شیعە، سونە، عێراقی، تورکمانی، عەرەبی، شیوعی، مارکسی، مەسیحی، یەزیدی، توندڕەو، ئەدەبیو هونەری، وەرزش، منداڵانو تەندروستی و زانستیو فۆلکلۆری بوون.
زۆربەیان مۆڵەتیان لە وەزارەتی رۆشنبیری وەردەگرتو بەرامبەر مۆڵەتەکەو نوێکردنەوەکە پارەیان دەداو بۆ چاپکردن مۆڵەتەکەی دەویست، کە ناوی خاوەنی ئیمتیازو سەرنووسەرەکەی لەسەر دەبوو. بەڵام بەهیچ شێوەیەك (رقابة)و چاودێری و خوێندنەوەی پێش بڵاوکردنەوە نەبووە، گەر چاودێریش کرابێت، پاش دەرچوونی و تەواوبوونی بووە لە بازاڕ. هیچ بنوسیٚ لەسەر نوسینێ نەگیراوە، کەسیش چاوی لێسوور نەکراوەتەوە.
چوونی ئەم رۆژنامەو گۆڤارانە بۆ دەرەوەی وڵات ئاسان نەبوو، چونکە دەروازەی سوریاو تورکیا لەدەست پارتی بووەو ئێرانیش هەرگیز بواری رۆیشتنی چاپەمەنی کوردی لە سنوور بە ئاشکرا نەداوەو قەدەغەی لەسەر بووە، زۆرریش لە رۆژنامەکان حکومەتی هەرێم کەم و زۆر یارمەتیان داوون.

نرخی دۆلار لەنێوان ١٩٩٥/٨/١١ تا ١٩٩٦/٨/٥ لە هەولێر

| رۆژ | نرخی یەک دۆلار بەرامبەر دیناری عێراقی چاپی سویسری |
|---|---|
| ١٩٩٥/٨/١١ | ٤١،- |

| | |
|---|---|
| ٨/١٣ | ٣٩،- |
| ٩/٩ | ٣٩،٧٠ |
| ١٠/٥ | ٤١،٥٠ |
| ١١/١٢ | ٤٣،٥٠ |
| ١٩٩٦/١/١٢ | ٤٧،٥٠ |
| ١/٢١ | ٣٩،- |
| ١/٢٤ | ٣٧،٥٠ |
| ١/٢٨ | ٣٢،٥٠ |
| ٢/٢ | ١٢،٥٠ دوازدەو نیو |
| ٢/٣ | ٢١،٥٠ |
| ٢/٤ | ١٨،- |
| ٢/٥ | ٢٠،- |
| ٢/١٩ | ٢٤،٥٠ |
| ٢/٢١ | ٢٥،- - ٢٨،٥٠ |
| ٢/٢٩ | ٢٥،- |
| ٣/٣٠ | ٢٣،٦٠ |
| ٤/٢٤ | ٢٥،٦٠ - ٢٧،٥٠ |
| ٥/١٠ | ٢٨،٥٠ |
| ٥/١٧ | ٢٥،- |
| ٥/٢٧ | ٢٣،٧٠ |
| ٦/١٨ | ٢١،٦٠ |
| ٦/٣٠ | ٢٢،٣٠ |
| ٧/٣ | ٢١،٨٠ |
| ٧/٩ | ٢٣،- |
| ١٩٩٦/٨/٥ | ٢٣،- |

● نرخی دۆلار ڕۆژانە لە بازاڕی دۆلاری هەولێر وەرگیراوە.

## تەقە:

▱ لە ١٩٩٥/٩/١٤:

تەقە لە عەمیدی کۆلێژی بەڕێوەبردن و ئابووری زانکۆی سەلاحەدین (د. محمد قرەداخی) کراو کوژرا، پارتی بە ئەندامێکی پارتی ژماردو یەکێتی تاوانبارکرد، زۆر بەیان و دیدارو کۆڕو یادو چلەی بۆ سازکرد، یەکێتی ناڕەزایی بڵاوکردەوەو پرسەی لەزانکۆ بۆدانرا.

▱ لە ١٩٩٥/٩/٢٦:

دوو تەقینەوە لە هەولێر بوون، زیانیان نەبوو.

▱ لە ١٩٩٥/٤/٢:

تەقە لە کەسایەتی ناوداری عەشیرەتی هەرکی (محمد اسعد فتاح هەرکی)) لەرێگای هەولێر - کورانی عەنکاوە کراو بەسەختی بریندارکراو لە نەخۆشخانەی (رسول) ی تایبەت تیمار و نەشتەرگەری بۆکرا، خۆیان کەسیان تاوانبار نەکردو سەرۆکی حکومەت سەرپەرشتی تیمارو سەردانی کردو دوایی خۆی هەولێری جێهێشت.

▱ لە ١٩٩٦/٣/٢٦:

لەپێش ماڵی خۆی و لەکاتی گەڕانەوەی لەناو سەیارەی تایبەتی خۆیدا، تەقە لەبەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی هەولێر مامۆستا ((حسن عوسمان)) کراو بەرنەکەوت.

▱ لە ١٩٩٦/٢/١١:

تەقە لە بەڕێوبەری چاپخانەی رۆشنبیری هەولێر ((محسن کریم)) کراو پاسەوانەکەی کوژراو خۆشی بەسەختی بریندار بوو.

▱ لە ١٩٩٦/٢/١٢:

تەقینەوەیەك لە یاریگایەکی گەڕەکی ئازادی منداڵان روویداو ١٤ زارۆك زامدار بوون.

▱ لە ١٩٩٦/٥/١٨:

## شێرزاد هەینی

ئەم شەوە، تەقینەوەیەك لە سینەمای سەلاحەدین بوو، زیانی ماڵی هەبوو.

▱ لە ١٩٩٦/٣/٢٥:

تەقە لە (د. چیا) کادیرێکی یەکێتی کراو کوژرا.

▱ لە ١٩٩٦/٤/٢٢:

ئەم شەوە، مادەیەکی زۆری تیئێنتی لەژێر شوورەی ئامادەیی پیشەسازی (وەستا رەجەب) تەقیەوەو زیانی ماڵی لەدانیشتوانی ناوچەکەدا، پیشەسازی ناوبراو لەتەنیشت نەخۆشخانەی منالان لەگەڕەکی ((مەلایان)) بوو.

▱ لە ١٩٩٦/٦/٧:

تەقینەوەیەك لە بەنزینخانەی شیواشۆك، لە چوارڕیانی شەقلاوە، بەرامبەر کۆنە ((حدیدو خشب)) نزیك نەخۆشخانەی کۆماری ((فێرکردن)) روویداو زیانی ماڵی هەبوو، بەنزینخانەکە هی کورەکانی ((فاخیر مێرگەسۆری)) بوو.

▱ لە ١٩٩٦/٧/٢١:

تەقینەوەیەك روویدا، زیانی نەبوو.

▱ لە ١٩٩٦/٨/١:

دووجار تەقەی دوور بەدووری لە بارەگاکانی دیموکراتی کوردستانی ئێران کراو زیانی نەبوو.

▱ لە ١٩٩٦/٨/٢٣:

ئەم شەوە، تەقینەوەیەکی زۆر گەورە لەبارەگای کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان روویداو پاسەوانەکە کوژراو زیانی ماڵیشی بەبارەگاکە گەیاند، بارەگاکە دەکەوتە بەرامبەر کارگەی مافووری هەولێر، لەسەر شەقامی شێستمەتری

▱ لە ١٩٩٥/٨/٢٤:

تەقە لە کۆنە مستشار ((یاسین)) کراو کوژرا، ناوبراو تازە لەناو رژێم گەڕابۆوە.

کوشتن و غافڵکوژی و لەسەر پارەو دزی و قەرزو لەسەر ژن و کوشتنی ژن لەسەر نامووس و لەدەست دەرچوون و بەتەقەی خۆشی و رفاندن و شاردنەوەو گوم بوون و کارەساتی ئۆتۆمۆبێل... زۆر بوو...بێجگە لەوانەی لە رۆژانی شەڕەکان تەقەیان بەردەکەوت و دەکوژران، هەردوو حزبیش لەشەڕەکان زۆر دەکوژران و دیلیان دەکوشت و بریندارى سەختیش تەواو دەبوون، زۆر بوونی نەخۆشی و کەمبوونی دەرمان و چارەسەر کردن، هەموویان دیاردەی زۆر بوونی چەکداری و نەبوونی سزاو زیندان و چاوپۆشین لە بکوژان و دەستی بێگانەو کلکایەتی و بێگانە پەرستی و عەقڵیەتی عەشایری. دیاردەی کوشتن زۆر بوو. هەروەها پەرپینەوەی بکوژان لەم حزب بۆئەم حزب و خۆشاردنەوەو چوونە ناو رژێم و راکردن لە یاسا و زیندان و چوونە دەرەوە، پاداشت دان و پاراستنی بکوژانیش تەقەی کوشتنی گەرم و خۆش و ئاسان دەکرد.

## کوشتنی محەمەد حەلاق

خوێنەر نی‌یە، ناوی (محمد حلاق) ی نەبیستبێ، بۆیە ئێمە هەر ئەوەندە دەڵێین، کادیرو پێشمەرگەیەکی حزبی شیوعی و ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان، کەسایەتیەکی ناودارو خاوەن فیکرو دیرۆکێکی درێژ لەخەبات دژی رژێمی بەعس و هەڵگری بیری کوردستانی لەناو شیوعیەکان. ئەویش بووە قوربانی شەڕی ناوخۆو بەبەرنامەیەکی داڕێژراو لەلایەن یەکێتی نیشتمانی کوژرا، سەرەتا یەکێتی ویستی رووداوەکە بشارێتەوە، بەڵام دوایی بەسادەیی باسی کردو پارتی و پارتی کارو حزبە کوردستانیەکان و میدیای دەرەوەش هەواڵەکەیان گەیاند و کارەساتەکەیان باسکرد. یەکێتی وتی لەئەنجامی دروستبوونی تەقە لەنێوان ئەوو

یەکێتیدا کوژران، پارتی کار بەهۆی رادیۆیەکەیان ((نیشتمان)) وتی: لە٤/١١/١٩٩٥ هاوڕێ (محمد حلاق) و هاوڕێکانی لەلایەن یەکێتی تیرۆرکران و خۆی و هاوڕێکانی زیندە بەچاڵ کران.

کوشتنی محەمەد حەلاق، نارەزایی لەلایەن جەماوەرو حزبەکان و هەتا دۆستانی یەکێتیش دروستکرد. راگەیاندنی پارتیش ماوەیەکی زۆر باسی کرد. لەهەولێریش پارتی کار پرسەیەکی گەورەی بۆ داناو جەماوەری هەولێرو حزبەکان و دۆستانی یەکێتی بەشداری پرسەکەیان کردو رۆژنامەیەکی تایبەتیان بەم بۆنەیە دەرکردو یادو بیرەوەری کرایەوە. لەرۆژانی گەرمی پرسەکەیدا، سەرۆکی حکومەت گەشتێکی رەسمی بۆ ناوچەکانی سلێمانی و گەرمیان کرد.

هۆی کوشتنی بەم جۆرە و لەم رۆژەدا کەراگەیاندنی پارتی زۆری باس کردو رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و جیهانی وروژاند. زۆر روون نەبووە، گەر لەبەر هاوکاری پارتی و هاتوچۆی هەڵەبجەو رۆژانی شەڕی شیراتۆن و بەحرکە بوو. وەك باس دەکرا، ئەوا کەسایەتی و حزبی تر زۆرتریان کرد بۆ هاوکاری و یارمەتی پارتی لە شەڕەکانی ناو هەولێر، هەموو حزبەکان هاوکاریان کرد لە رزگارکردنی چەکدارو کادیرو دەزگاو چەك و هاوەڵ و بریندارو خێزان و ماڵ پاراستن و سیارە گەیاندنە پیرمام و جۆری تر.

بۆیە هۆی کوشتنەکەی زۆر دیارو ئاشکرانیيە؛ چونکە یەکێتی بە رەسمی هیچی رانەگەیاندو پارتی کاریش هیچ هێمایەکی نەدرکاند و خەمخۆریەکەی پارتیش هەر بۆ ناوزڕاندنی یەکێتی بوو.

* * *

## قارداشلقکوژی

بارەگای بەری تورکمانی لە بەرامبەر کارگەی مافوور بوو، زۆر نەبوو ئەم بەرەیە دامەزرابوو، (سەنان چەلەبی) گەرچی لە بنەماڵەیەکی کورد پەروەر و خۆیان بە خۆشناو دەزانی و زۆریشیان هەر زمانی تورکمانی هەولێریان نازانن و کەسایەتی ناوداری کوردپەروەری بزاڤی قوتابیان و دامەزرێنەری یەکێتی قوتابیانی کوردستان لە سەرەتای پەنجاکان (مەئمون دەباغ) ئامۆزای حەقی ئەوەو پارێزەر (محمد شهاب دباغ) خاوەنی ئیمتیازی گۆڤاری (هەتاو)ی مامۆستا گیو موکریانی بووەو کەسایەتی زۆریان هەبووە لەبزاڤی نیشتمانپەروەری و هزری کوردایەتی هاوسۆز بوونە. خودی (سینان چەلەبی) لەم بنەماڵەیە (چەلەبی) یان (دەباغ) بووەو کەسێ لە هەولێر بیری لەوە نەکردەوە رۆژی لەو بنەماڵەیە کەسێ هەبێ بیری تورکمانی و هەلۆیست و هزری حزبی تورکمانیان هەبێ. پەیدابوون و دروستبوونی ئەم ناوەو لەم بوارەدا بەهۆی خاڵۆی (ئیحسان دۆغرەمەچی) کەسایەتی دیارو دەست رۆیشتوو لەناو تورکیا، دەستی گرت و هاتە پێشەوەو بەدروستبوونی چراو ئەستێرەی (موزەفەر ئەرسەلان)ی سەرۆکی حزبی نیشتمانی تورکمانی کزو لاوازکرد، سەنان چەلەبی بووە سەرۆکی بەرەو بارەگاو ناوی پەیداکرد، ئەوەش بووە هۆی دووبەرەکی لەنێوان تورکمانی کەرکوک و تورکمانی تازەی هەولێر، هەموولایەك پشتی بەرەی تورکمانیان گرت و سەرۆکایەتی (سەنان چەلەبی) لەلایەن حکومەتی تورکیاوە مەقبول بوو. ئەوەش وای کرد کەسایەتی و حزبە تورکمانیەکانی دوورخستەوەو دلگرانی دروستبوو، تا رۆژی ١٩٩٩٥/١٢/١٩ هێرشیان کردە سەر بارەگای بەرەی تورکمانی و تەقەیەکی زۆر دروست بوو. بۆیە وتیان قارداشلقکوژی پەیدابوو، بەلام چەکدارانی هەردوولا

شەڕکەرو دڵسۆزنەبوون. ئەوان بۆ پارەو ئەزراق چووبوون، بۆیە بە هاتنی مەفرەزەیەکی ئاسایش شەڕەکە وەستاو دوورخرانەوەو ئاگرەکە کوژایەوەو ئاسایش پاسەوانی بۆ بارەگاکەو بارەگاکانی تر لە هەولێر دانا، ئەگەر بە سەعاتێك هەموو بارەگاکانیان چەگ دەکران و هێزی (ئاپ ئاپ) لووسیان دەکردو کەسیان نەدەکردەوەو هەندێ پێش بینی هەبوو و خەڵکێکی زۆر ئامادەو چاوەڕوان بوون، بەڵام ئاسایش بواری نەداو خەڵکەکەی دوورخستەوەو لە ئەنجامی شەڕەکە یەك کوژراوو (١٥) بریندار سووك هەبوو.

دیارە گەشەو زۆربوونی حزبە تورکمانیەکان سەرچاوەی یەکەمی پارەو دەست و ویستی حکومەتی تورکیا بوو، هەروەها چەندین کەسایەتی تورکمانی راکردوو و لەناو رژێم و دەرەوەی وڵات، دەورییان هەبوو، هەمووش پاش راپەڕین بوو، لەپێش راپەڕین و رۆژانی راپەڕین و کۆچ رەوەکە لەوڵات و لەدەرەوەش هەست بەهێزی ئۆپۆزسیۆنی تورکمانی نەکراوە، بەتایبەتی لەشاری هەولێرو ئەو ناوو حزبانەو بەرنامانە هەر وجودی نەبوو.

بوونی (مانگی سووری تورکی) و دابەشکردنی خواردەمەنی و دروستکردنی پسولەی حزبایەتی بۆ وەرگرتنی یارمەتی و موچەو ئیش، خەڵکێکی زۆری برسی و بێ ئیش و بێ هەڵوێست و بەرەڵڵایان لێ کۆبۆوەو ژمارەیان زۆربوو.

تەلەفزیۆنی تورکمانلی بە بەرنامەیەکی تورکی و خوێندنەوەی هەواڵ و ریپۆرتاژی تورکمانلی و وەرگرتنی بەرنامەی بەسۆز و جوانی تورکی لە کەناڵەکانی تورکی و بڵاوکردنەوەی گۆرانیە بەجۆشەکانی چۆکەژاڵ و ئاکار قەشەنگ و هونەرمەندە سەرنج راکێشەکان و بڵاوکردنەوەی دوانی رۆژی هەینی لەلایەن ((مەلا بەشیر) بەزمانی تورکی و فیلمی شەوانەی بێ پەردەی تورکی، وای کرد عاشق و

شەیدایانی تەلەفزیۆن و رادیۆکەیان زۆربوو. بێجگە لە بواری راگەیاندنی حزبە تورکمانیەکان، لەبازاڕو شەقامەکان و گازینۆکانیش گۆرانی و ئاوازی تورکی زۆر ببوو، ئەوەش هەستو جۆشی تورکمانی خرۆشاند، دیارە سەردانی تورکیاو گەڕانەوەو مامەڵەی بازرگانی و کۆمەڵایەتیش لەگەڵ تورکیا، دەوری زۆری هەبووە، هێزو حزبو بەرەو بەرنامەو خوێندنو کۆلێژی (أشق) ی تورکمانی زۆربوو. گەرچی زۆر گلەیی و ناڕەزایش هەبوو، بەڵام بواریش نەدەدرا دژایەتیان بکرێت، بەڵکو بەپێچەوانە هاوکارییان زۆربوو. هەردوو حزب لە بەرنامەی تورکمانەکان دەگەیشتن و دەیانزانی سەرەڕای پشتیوانی و هاوکاری و پاسەوانیان، ئەوان دەربڕین و وشەی (کوردستان) یان لاحەرامو شەرم بوو، هەرگیز وشەی (هەرێم) یان بەسەر زاری نەهاتووەو هەر وتویانە (منطقة) لەسەر ئەوە ئەوان زۆرتر لێیان دەچوونەپێش و نازیان دەکێشان، هەمووشی لەبەر چاوی حکومەتی تورکیابوو، هەردوو حزب پێشبڕکێیان بوو، کامیان زۆرتر نازیان بکێشێ!؟!

یەکەکە زۆرجار لەبەرنامەکان و هەڵوێستی خۆی دژ دەوەستا، بەڵام سەنگی نەبوو. خوێندنگایان بۆ زۆرترکردن و بەشی تورکمانی پەروەردەیان داناو کۆلێژی (أشق) گەشەی کرد.

خەڵکی هەولێر گەشەی تورکمانەکان و یارمەتی حزبەکان و زۆربوونی رۆژنامەی تورکی و پەخشی تەلەفزیونەکەیان لا خۆش نەبوو زۆریش شتەکانیان بەکارتۆنی دەزانی و ئەوانیش دەیانزانی جەماوەرەکەیان بۆ پارەو گەیشتنە تورکیایە و بوونی بەرنامەی تورکمانلی وەرزشی و خاوەن پارە و دەسەڵات، جەماوەری لاوانی زۆری کۆکردەوەو دواخاڵیش کە خاڵی سەرەکی گەشەی تورکمانی لە هەولێر ناکۆکی هەردوو حیزب و شەڕی

درێـژی نـاوخۆ و بڕوا لـەقبوون بـە حکومـەتی هـەرێمو بەرقەرارنەبوونی ئاشتی بوو.

## ئەدەبو هونەر

▱ لـە ڕۆژی ١٩٩٥/١٠/١٥، هونەرمـەندی بـەتوانا (کامـەران ڕەئـوف) لەنوسـینو دەرهێنـانو نواندنـی، شانۆگەری (وێرانە)ی لەهۆڵی (ابن المستوفی) نمایش کرد. شـانۆگەریەکە لەوێرانـەکردنو ئـاوارەیی و ژانـی ڕاکـردنو ڕۆیشتنو خەمی دوورکەوتنەوە دەدوا.

▱ لە ڕۆژی ١٩٩٦/٨/١٢، لە وەرگێڕانی ئازاد بەرزنجی و دەرهێنانی هونەرمەند (حسین میسری)و نواندنی هەردوو هونەرمـەند، عـەلی کـەریمو جیـهاد دڵـپاک، شـانۆگەری (پاسـەوان) نمـایش کـرا. هـەردووکیان جوڵـەو دەنـگو ئەزموونیان شاکارێکیان خوڵقاند.

▱ لـە ڕۆژی ١٩٩٦/١/٨، لـە نوسـینی فـلاح شـاکرو وەرگێڕانی دلاوەر قەرەداغیو دەرهێنانی (جسین میسری) شانۆگەری (خۆشەویستی) لەهۆڵی أبن المستوفی (گـەل) نمایشکرا. هەردوو هونەرمەندی بەتوانا (کامەران ڕەئوفو کوێستان محمد) دەوریان بینی.

▱ تیمـی هونـەری (بینانـانی هەڵەبجـە) لـە ڕۆژی ١٩٩٦/٣/٢٠ بۆ یـادو بـیرەوەری هەڵەبجـە لـە کۆمـاری ئیسلامی ئێران بە ڕەسمی گەیشتنە هەولێرو لەهۆڵی میدیا چـەندین کـاری هونـەرییان پێشکەشکرد، لـەناو شـاردا فۆڵدەریان هەڵواسی و نوێنـەری گۆڤاری سـروەو ئاوێنـەی کـوردی ئێرانیـان لەگـەڵ بـوو. دیداریـان لەگـەڵ بەرپرسـی ڕاگەیاندنی یەکێتی (عادل مراد) سازکرد.

▱ پەیکـەری (شـلاما) پەیکـەری ئاشـتی لـەدەروازەی شـارۆچکەی عـەنکاوەدا لەلایـەن (سـەعدی پـیرە) لە١٩٩٦/٥/٢٩ پەردەی لەسەر لادرا.

## بەفدا بۆ هەولێر

□ کۆڕی نەوای کوردی، یەکەمین چالاکی هونەری خۆیان لە ۱۹۹٦/۸/۲۰ نیشان دا، چالاکییەکە چەندین گۆرانی و ئاوازی بەجۆشی مۆسیقا بوو لەهۆڵی میدیا سازکرا.

□ بەرنامەی تەلەفزیۆنی (سێگۆشە)) لەئامادەکردنی (نەهرۆ هەینی)و بەهاوکاری ( ئارەزوو ئیسماعیل و سەرکەوت رەسول) لەشەوی ۱۹۹٦/۷/۲۱ لە تەلەفزیۆنی زەحمەتکێشان TTV پەخشکرا، بەرنامەکە تایبەت بوو بەدیدار لەگەڵ د. فەرهاد پیربال و ئەڵقەیەکیشی تایبەت بوو بەدیدار لەگەڵ (شێرزاد حسن)، میوانەکان، باسی ئەزموونی نوسین و هزری خۆیان دەکرد. بەرنامەکە لەژێرزەمینە کۆنەکەی دیوەخانەی ((رەشید ئاغا)) لە قەڵای هەولێر ئامادەکرابوو، بەرنامەکە لە رووی شوێن و بابەت و ماوەو کەرەستەی بەرنامەکەو جۆری پرسیارو ئازادی دووان، تازەبوو، هەردوولا لە گفتوگۆکەدا یەکتریان دەوروژاند و لەرووی وێنەگرتن و دەرهێنانیش تازەبوو، لەسەر داوای بینەرانیش چەند جارێك دووبارە کرایەوە.

□ لە ۱۹۹٦/۷/۱۷، ژمارەی (۱) ی گۆڤاری ئەدەبی (ئێستا)ی پاشکۆی (کوردستانی نوێ) دەرچوو، گۆڤارەکە بەسەرپەرشتی (دڵشاد عەبدوڵلا) بوو، هەروەها لە۱۹۹٦/۷/۳۱ دەزگای گوڵان لەپیرمام (تێرامان)ی ئەدەبیان بڵاوکردەوەو، گەیشتە هەولێرو فرۆشرا، لە ژمارەکانی داهاتووی ناوی گۆڤارەکە ((رامان)) بوو، لەلایەن سەرۆ قادر سەرپەشتی دەکرا.

□ لە ۲۷- ۱۹۹٦/۲/۲۸، شانۆگەری (سەراب) لەدەرهێنانی (مەهدی حسین)و نواندنی خوێندکارانی پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی هەولێر بوو، خوێندکاران (تاڤگە، هەڵاڵە، مەولان، ئەیار) نمایشیان کردو لەهۆڵی (ابن المستوفی) پێشکەشکرا.

## شێرزاد هەینی

▭ لە ١٩٩٥/١٢/٢٠ ، وەزارەتی رۆشنبیری، فیستڤاڵی شانۆگەریی لە هۆڵی میدیا سازکرد. لەم فیستڤاڵەدا (١٠) شانۆگەری نیشان دراو چەند رۆژێکی خایاند، سەرەتا هونەرمەند (فەرهەنگ غفور)، چەند پارچە مۆسیقاو گۆرانی نایابی پێشکەشکردو یەکەم بەرهەمی شانۆگەری (شۆڕشی مردووەکان)ی وەرگێڕانی (یاسین قادر بەرزنجی) بوو، کەلەلایەن، کۆمەڵەی هونەرەجوانەکانی کۆیە نمایشکرا.

ئەوەی لەم چەند دێڕە نوسراون، تنۆکە لە دەریای داهێنانو کۆڕو سیمینارو دیداری رۆشنبیری لەتەلەفزیۆنەکانو یانەکانو دانیشتنەکانو رادیۆیەکان. شێوەی بەرزی لێخوێندراوەتەوە، رۆمانی لێنوسراوە، هزری تازە، داهێنان، قەڵەمی ئازاو سەکۆی بوێرو یاخیبوونو ئەرشیفی لێلەدایکبووە. لەم شارەدا چەندین مەڵبەندو کۆڕو یەکێتیوسەندیکاو دەستەو سەنتەری فیکریو رۆشنبیریو هونەریو کۆمەڵایەتی لێ بووە، سەدان بارەگا بۆ سەدان، رێکخراوی بیری جیاواز، بۆچوونی تازە، تەماشای نوێ، لەم شارەدا سەدان میوانی گەورەی کوردو جیهانی رووی تێدەکرد، رۆژانە بنوسو رۆژنامەنووسو دەرهێنەرو پیاوی تەبشیریو مەلای توندڕەوو فلچەی رەنگینو قورگی سترانو گوڵی داهێنانو خونچەی تازەو رازاوەی لێبوو، لەم شارەدا، هەموو کەس قسەی دەکرد، هەموو قەڵەمێك دەینوسی، هەموو لاپەڕەیەك بڵاودەکرایەوە. لەم شارەدا گەورەترین ئەرشیفی کوردستانو دیموکراسیو داهێنان لەدایك بوو، لەم شارەدا ملیونێ وشەی جوان وتیان، نوسیان، هاواریان کرد، ئاشتی، ئاشتی، بەقەد هەموو جیهان قورگی ئەم شارە نوسیو هاواری کرد ئاشتی، ئاشتی... بەڵام! بەداخەوە...!!!

## کۆلێرا:

لە رۆژی ١٩٩٥/١٢/٣، رژێم بڕیاریدا، هاتوچۆی نێوان هەولێر - کەرکوك و هەولێر - موسڵ و سلێمانی و ناوچەکانی رژێم بەبیانوی بڵاوبوونەوەی نەخۆشی کولێرا، داخست! وەزارەتی تەندروستی و کاروباری کۆمەلایەتی لەهەولێر رایگەیاند کەچەند حاڵەتی تەشەنەکردنی کولێرا لەسلێمانی بووە، بەلام زوو تونراوە دەستنیشان بکرێت و بواری بڵاوبوونەوەو گەیشتنی بە هەولێر گیراوەو هەموو کۆششەکانی زانستی و بەرگری تەندروستی کراوە بۆ چارەسەرکردن و بڕیاریش دراوە، هەموو کارگە دەستیەکان و شوێنە گشتیەکان کەمەترسییان لێ دەکرێت دابخرێن و چاودێری توند دەکرێت و رێنمایی و ئامۆژگاریش بڵاودەکرێتەوە. بەلام لەهەولێر هیچ حاڵەتی گەیشتن و توشبوون تۆمارنەکراوەو هاولاتیان دڵنیابن.

بەلام! رژێم بەم بیانوە هەموو بوارو رێگاکانی چوونی ناوچەکانی داخست و گەڕانەوەش هەبوو. دیارە هاتووچۆ بەرێگای گوندەکان و بەقاچاغ و بە پارەو دەم چەور کردنی زاڵگەکان هەبوو، کە خاڵەکانی دهۆك کرابۆوە، سەرەتا هاولاتیان ویستیان سوود لەم خاڵە وەرگرن، بەلام رژێم داوای نفوسی دهۆك و بەڵگەی دانیشتووی دهۆکی دەکرد، راگەیاندنی پارتیش زیاد لەئاسایی لەبڵاوبوونەوەی نەخۆشیەکە لەسلێمانی و هەولێر دەدوا و مەترسی زۆری دەنواند و بەبیانوی ئەوەی خزمەتگوزاری و بوارەکانی پاراستنی تەندروستی پاك و خاوێن نیەو چاودێری یاسایی کەمەو دەبێ هاولاتیان گلەیی و گازندە بکەن و نارەزایی نیشان بدەن.

خاڵەکانی ئاودیوبوون داخرا، گەرچی لەخاڵەکانی پشکنین (دواخاڵ) تیمی پزیشکی رژێم (خازر و شێراوە) هەبووەو پسولەی تایبەت و دەرزی پاراستن و خوێن

وەرگیران هەر هەبوو و دەیتوانی بە ئاسانی دەستنیشانی حاڵەتی کولێرا بکات. دیارە ئەم نەخۆشیە زیاتر لەوەرزی هاوین روودەدات و لە سەرما کەمترە. لەگەڵ ئەم رێگاداخستنە، پروپاگەندەی لەغوکردنی پارەی (٥و١٠) ی چاپی سویسری بڵاوبۆوەو نرخی دۆلار بەرزبۆوەو بازاڕی شێواندو نیگەرانی زۆربوو، چونکە هاوڵاتیان ترسی (٢٥) دیناری جاری رابردوویان لەبیرمابوو، ئەمەش هەر بارگرانیو شێواندنی ناوچەکەو سەرلێشێواندنی دەستەڵاتی حکومەتی هەرێمو یەکێتی دروست دەکرد. باش بوو پروپاگەندەی لغوکردنی پارەکە تەمەنی هەر دوو سێ رۆژ بوو، وەزعەکە ئاسایی بۆوە و بازاڕ وەستاو خەڵکەکە دڵنیابۆوە. بەڵام رێگا هەر گیرابوو، نەخۆشو قاچاغچیو خوێندکارو میوان هەربە قاچاغو ترسو پارە دەگەیشتنە موسڵو پارە و سەرانەی زۆریان دەدا.. تا بڕیاری نەوت بەرامبەر نان پەیدابوو.

## هاتنی نوێنەری حکومەتی ئیسلامی ئێران بۆ هەولێر

لە تەلەفزیۆنی کوردستان *KTV*ی پارتی دیموکراتی کوردستان، راگەیەندرا، لەسەر داوای سەرۆکی پارتی (مسعود بارزانی) نوێنەری رابەری کۆماری ئیسلامی ئێران (ایة الله خامنەئی) لەئەنجومەنی باڵای ئاسایشی نەتەوەیی ئێران (ئاغای حاجی علی محمدی) لەخاڵی سنووری (حاجی ئۆمەران) لە١٩٩٥/١٢/٣٠ گەیشتە کوردستان، هەروەها تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان *PUK* هەمان رۆژ وتی:

وەفدێکی حکومەتی ئێرانی گەیشتە خاکی کوردستانو دیدار لەگەڵ هەردوو حزبی کوردستان دەکات، تەلەفزیۆنی سۆسیالیست *STV* وتی: نوێنەری حکومەتی ئێران لەسەر

داوەتـــی ســـکرتێری حزبـــی سۆسیالیســـتی دیموکراتـــی کوردستان (محەمەدی حاجی محمود) گەیشتە کوردستان.

ئاغای حاجی محمدی لەناوچەی (زەرد) دیداری زۆری کرد، سەردانی لێپرسراوانو بەرپرسانی حکومیو حزبیو راگەیاندنی پارتی کرد، وەفدەکە گەیشتە دەڤەری بادینانی دەلالو دیداری بەرزی هەبووو راگەیاندنی پارتی بەگەرمی هەواڵەکەی راگەیاند، لەرۆژانی میواندرای وەفدەکە مسعود بـــارزانی نامەیـــەکی ئاراســـتەی گـــەلی کوردســـتان کـــرد، دووانەکەی لەم چەند خاڵە خۆی دەنواند:

- ئێمە تنازلمان لەزۆربەی دەنگی خۆمان لە هەڵبژاردن کرد.
- گەر شەرعیەت بگەڕێتەوە، پارەی ابراهیم خلیل دەگەڕێتەوە.
- حکومەتی بەغدا بە مزایدات ناپوخێو کەس هیچ بۆ کورد ناکات.
- من هیچم نەبوو بیڵێم، جەماوەرو حزبەکان داوایان کرد قسە بکەم.
- گەر ئاشتی بەرقەرار نەبێ، دوایی قسەیەکم هەیە دەیکەم.

وەفدەکە لە ئێوارەی ١٩٩٦/١/٢ لەلایەن بەرپرسانی پارتی لەدواخاڵی حکومەتی زەرد بەرێ کراو بەهاورێیەتی نوێنەری بزوتنەوەی ئیسلامی گەیشتە یەکەم خاڵی حکومەتی سەوز، واتە لەنێوان شاوێسو مەلائۆمەر، پێشوازی گەرمی لێکرا، کە وەفدەکە گەیشتە زاڵگەی شاوێس دەستەیەك ئەفسەرانی یەکێتی بەرەسمی پێشوازییان کردو لەلایەن ئامادەبووان بەخێرهاتن کران. کاروانەکەیان، چەند لاندکرۆزەری سەربازیو مەدەنی ئێرانی بوونو گەیشتنە ناو سنووری شارەوانی هەولێرو یەکێتی بەهۆی دەزگاکانی حزبیو حکومیو جەماوەری ئاپوورەیەکەی پێشوازیو ئامادەبوونی کۆکردبۆوەو

خەڵکەکەش بەهیوا بۆ دیتنی وەفدەکەو تروسکایەکی ئاشتیو وگوزەران باشی هاتبوون، دەرچوونی کاروانی وەفدەکە لەبەر قەرەباڵغیە بێ وێنەکە بەزەحمەت دەربازبوو. ڕۆیشتنی هێمنو لەسەرخۆبوو، زیاتر لە دووسەعاتی خایاند، تا گەیشتە شوێنی حەسانەوەیان لە ئوتێلی (تاوەر) و بەردەوام دەستیان دەلەرییەوە بۆ وەرگرتنی سڵاو، نوێنەری حیزبە کوردستانیەکانیش ئامادەی پێشوازیو بەخێرهاتنی وەفدەکە ببوون.

وەفدی ئێرانی دیداری لەگەڵ مەکتەبی سیاسی یەکێتی و لەگەڵ مامۆستایانی ئاینیو سەرۆکایەتی زانکۆی سەلاحەدینو پیاوماقوڵانیهەولێر و حزبە کوردستانیەکانو لیژنەی هاریکاری نیشتمانی کوردستان سازکرد. هیوای خواست ئاشتی بەرقەراربێو بەڵێنی کۆمەكو پشتیوانی بەهیوای خودا دەدا.

بە هاتنی وەفدی حکومەتی ئێرانی بۆ هەولێرو پێشوازیە جەماوەریە گەرمەکە کەبۆی کرابوو، حکومەتی عێراق بەیانی نیگەرانی و تووڕەیی ڕاگەیاندو ئێرانی تاوانبارکرد بەوەی دەست لە کاروباری ناوخۆی عێراق وەردەدات، ڕاگەیاندنی ئێرانیش بە ڕەسمی وەڵامی دایەوەو حکومەتی عێراقی دڵنیاکردەوە کەوا هاتنو دیداری وەفدەکە تۆزقاڵێك کار لە پەیوەندییەکانی دووقۆڵیان ناکاتو سوورن لەسەر پاراستنی یەکپارچەیی خاکی عێراق.

لەنیوەڕۆی ١٩٩٦/١/٣ بەئامادەبوونی سەرۆکایەتی حکومەت و حزبە کوردستانیەکانو پیاوماقوڵانی هەولێرو جەماوەرێکی زۆر لە خوێندکاران، کاسبکارانو فەرمانبەرانو ژنو پیاوو دانیشتوانی ئوردوگاکان، لەگۆڕەپانی (سوڵتان موزەفەر) لەبەردەم پارێزگاو بەهاتنی دەزگاکانی ڕاگەیاندنی کوردستانیو ئێرانی، ئاغای محمدی بەزمانی فارسی بۆ ئامادەبووان قسەی کرد بەهۆی

ڕاگەیاندنی ڕاستەوخۆش ئاخاوتنەکەی دەکرایە کوردی. باسی دۆستایەتی گەلانی ئێران و کوردی کرد، لە دۆستایەتی حکومەتی ئیسلامی و کورد دوا، پەیوەندی ئیسلامی ئێران و برازاقی کوردی کرد.

هەروەها وتی: ئێمە بەرژەوەندی گەلی موسڵمانی کورد لەبەرچاو دەگرین و نێوانمان مێژووی دوور هەیە، خاکتان وەك چاوی خۆمان دەپارێزین و کۆشش دەکەین ئاشتی و ئارامی بەرقەرار بێ و ئێش بۆ سەقامگیربوونی ئاشتی لەناوچەکە دەکەین و بەتوندی هێرشی بردە سەر ئەمریکا.

جەماوەرە ئامادەبووەکە، بەهێمنی گوێ بیستی قسەکانی ببوون و چاوەڕوان بوون وەفدێکی ڕەسمی حکومەتی ئێران مۆژدەی ئاشتی و هەنگاوی عەمەلی و بەرنامەی دیار هەست پێبکەن. بەڵام دەرکەوت بێجگە لەسۆز و بەڵێن و دوعاکردن هیچی تریان پێنەبوو.

▫ لەکاتی ئامادەبوونەکە، باران باری، بارینی باران دواکەوتبوو خەڵکەکەش پەرۆشی زۆری بارینی باران بوون بەتایبەتی دانیشتوانی دەشتی هەولێر بۆیە وتی:

(انشاء الله) خودای گەورە وەك ئەم بارانە ڕەحمەتتان بۆ دەبارێنێ، ئەوا بارانی ڕەحمەت هات! بۆیە خۆزگە باران زۆرتر دەبارێ، خەڵکەکەش هەر لەوێ وتیان (ئاغای مطری) و ناویان لەئاغای محمدی نا (ئاغای مطری).

▫ کە هێرشی کردە سەر ئەمریکا، نیگەرانی و ترسی نواند، نوێنەری حکومەتی ئیسلامی و دەستەڵاتدارێك لە سیاسەتی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و نوێنەری ڕەفسنجانی و ئەندامی جڤاتی بەرزی ئەمنی قەومی ئێران و لەم کاتەو لەم شوێنەدا لەناوچەی پارێزراو لەلایەن سوپاو فڕۆکەی ئەمریکی و هاوپەیمانەکانی و بەتایبەتی لەهەولێری پایتەخت و لەم ڕۆژە ناسکەدا، ئاسایی نەبوو! ترس و نیگەرانی دروستکرد، چونکە دووانەکەو کۆبوونەوەکە بێگومان ئەمریکا دڵگران دەکات و هزر دەکرێ تۆڵە

بکاتەوەو دەست لەناوچەکە بکێشێتەوە، دیارە عێراقیش هەر سەرگران و توورەببوو.

دوژمن و دۆست، ناوەوەو دەرەوە هەستیان بە بەرنامەیەکی ئێرانی کردو بە ئاشکراش حکوومەتی ئەمریکی نیگەرانی بە هاتنی وەفدەکە راگەیاند، جەماوەرە برسی و ماندوو و چاوەڕوانەکە قسەو بەڵێنەکانی حکومەتی ئێرانیان لا ئاسایی نەبوو.

☞ ئەوەی شایانی باسە وەفدە ئێرانیەکە چل ئەندام بوون، هەر لە کەسایەتی مەدەنی و عەسکەری و بازرگانی و زانستی و ئایینی تا نوێنەری سەرۆك و چڤاتی ئەمنی ئێرانی، ئەو چەند رۆژەی لە هەولێر مانەوە لە میوانخانەی (تاوەر) ی بەرزو پلە یەکدا دابەزیبوون، ناوچەکە لەلایەن ئاسایش و چەکداری تایبەت کۆنترۆڵ کرابوو.

بەهاتنی وەفدەکەش باران بەردەوام باری. ئەوەش موژدەی خۆشی بوو، پاش کۆتایی هاتنی دیدارەکانی وەفدەکە لە١٩٩٦/١/٥ بەرێگای کۆیە گەیشتە سلێمانی و بەهەمان شێوە بەگەرمی پێشوازییان لێکراو هەر لە دێگەڵە تا سلێمانی پێشوازی کراو لەگەڵ مام جەلال لەسلێمانی دووانیان لەبەردەرگای سەرا بۆ جەماوەری ئامادەبووی سلێمانی دواو بەخاڵی سنووری باشماخ گەڕایەوە ئێران.

بەهاتن و گەڕانەوەو دواییش، هیچ بەرنامەیەکی خزمەتگوزاری و یارمەتی و خەیری و زانستی هەست پێ نەکراو بەڵێنەکان و دوعاکان هیچیان لێ شین نەبوو دیدارەکانی ئاشتی تاران و راسپاردەکانیان بەئاکام نەگەیشت.

## کارەبا

خشتەی رۆژانەی دابەشکردنی کارەبای هەولێر پێش ١٩٩٦/١/١٠ وابوو:

## بەغدا بۆ هەولێر

شار دەبوو بە دووبەش، بەشی یەکەمی:
سەعات ٣ ی پاش نیوەڕۆ تا ٨ ی ئێوارە.
بەشی دووەمی شار:
سەعات ٨ ی شەو تا ٥ ی بەیانی.
خشتەی کارەبای هەولێر پاش ١٩٩٦/١/١٠:
بەشێکی شار، لە ١٢،٥ نیوەڕۆ تا ٤،٥ ی پاش نیوەڕۆ.
بەشێکی شار، لە ٤،٥ ی پاش نیوەڕۆ تا ٨،٥ ی شەو.
بەشێکی تری شار، لە ٥،٨ ی شەو تا ١٢،٥ ی شەو.

دیارە لەم ڕۆژانە شار کراوە بەسێ بەش و هاتنی کارەبا کەمتر بووە، چونکە وەرزی زستان کارەبا کەمتر دەبۆوە.

(ئاوی دۆکان، کارەبا فرۆشتن، دزینی تێل، تاواندنەوەی فافۆن و سفری زەرد، شکانی فنجان، تەقینەوەی موحەویلەی کارەبا، پسانی تێل، خشتەی تازە، موژدەی زۆربوونی کارەبا، موەلیدەی ماڵە مەسئولەکان، خەتی تایبەتی، پارەکۆکردنەوە بۆ کڕینی سلکێت، سێری کارەبایان هەیە، جادەی دکتۆران ئێواران هەیە، ئەوەی پارە نەدا کارەبای دەبڕن، بەیانیان تانیوەڕۆ ناوچەی پیشەسازی کارەبایان هەیە، گوندی زانکۆ شەو ڕۆژ کارەبایان هەیە، هێڵی تایبەتی دەبڕن، نەخۆشخانەکان کارەباو مەحویلەیان هەیە، تاوەریان تەقاندەوە، کارەبای بادینان لە موسڵەو باشترە، کارەبای حکومەتیش خراپە، کارەباو محەویلەیان هەیە، کارەبا بڕان مجەمیدەکانیان سوتاندین، کارەبا نەبێ ئاومان نییە دەستنوێژی پێ بشۆین، مزگەوتەکان کارەبایان باشە، بچینە میواندری ئەوان کارەبایان باشە، زووبن کارەبا دەکوژێتەوە! بەم تاریکیە خویندن ناکرێ، ئەمەشەو نۆرەمان بوو کارەبامان نەهاتەوە، تەلەفۆن هەڵناگرن، خەفارەی موزەفەریە، خەفارەی برایەتی، وەڵام نادەنەوە، درۆ دەکەن، وا هاتین، خۆزگە ماڵە مەسئولێك دەهاتە کۆڵانەکەمان، ماڵ نیە دوو سێ سۆبەی کارەبایان نەبێ، دەوڵەمەندەکە لەفەقیرەکە

زیاتر سۆبەی کارەبایی بەکاردەهێنێ، گرانی نەوت، کڕینی نەوت بۆ سۆبە بە دەبەیە، هاتەوەو بڕاوە، خەمی بێ کارەبایی، خشتەی تازە، شەوانی تاریكو ساردو دابڕان لە بەرنامەکانی تەلەفزیۆن و نەبوونی رووناکی ڕێگاو شەقامەکان، رۆژانە ژان و خەفەت بوون.

## مودەرەعەی ئۆکرانی!

گومان لەوەدا نەما، کەوا پارتی (١٢) مودەرەعەی بەتایەی هەیە! بەم مودەرەعانە هێرش دەکاتەوە سەر هەولێرو هەولێر دەگرێتەوە، جا ئەم مودەرەعانەی لەکوێ هاتوو، چۆن گەیشتن. پرسیارو بۆچوون هەبوون، دەنگێ بوو لەشار، ترسێ بوو، بۆچی بەکاریان ناهێنێ.!؟

وتیان:

- درۆیە مودرەعەیان نیە! پڕوپاگەندە دەکەن.
- لە ئۆکرانیا کڕاوە.
- شەو پاسەوانی زاڵگەی (فایدە)یان گۆڕیوەو کارەبای دهۆکیان کوژاندیتەوە لە موسڵەوە مودەرەعەکان هاتوون.
- لە حکومەتی تورکیا وەرگیراون.
- لە حکومەتی عێراق وەرگیراوەو بۆ پاراستنی بۆرییەکانی نەوتی عێراقی بۆ تورکیا.
- با هەریەکێتی خەرەندو سەنگەر لێدا، تازە، تەواو!
- مودەرەعەش پیاوی دەوێت!
- مودەرەعەش بە ئاربیچی دەسووتێ!
- ئەمجارە هەولێر دەگرنەوەو سەریان لەدوا دەنێن.

مودەرەعەکانی پارتی، ترس و نیگەرانی پەیداکرد. پارتی و دۆستەکانیان ورەیان بەرزبۆوە، لەشار، سۆراخ و پرسیاری راستی و درۆی هاتنی و گەیشتنی مودەرعەکان دەکرا. بڕوا دەکرا: تەلاق دەخورا کەدرۆیە. ئەوانەی دۆستی پارتی بوون، لایان خۆش بوو، هێزو پشتیوانی

دەبن و سەرگرانیش بوون نەوەك لەبەغدا بەدزی وەرگیرابێ، هەر خۆیان وەڵامی خۆیان دەدایەوە، گەر راست بێ، راستە، بەڵام لە ئۆكرانیاو بەپارە كڕاوەو توركیا رێگای هاتنی داوە. وتیان، وا مەشق دەكەن. وتیان چاوەڕێ دەكەن چەند دەبابەش وەرگرن. لەمێژە كورد لەتۆپبارانی نەمساوییو دەبابە ترساوە، چەكدار بە راستی ورەی بەمودەرەعەو زنجیری دەبابە نامێنێ. زۆریش بەرگری كراوەو قارەمانیەتیشی بەرامبەر كراوەو نموونەی شكانی دەبابەو مودەرەعە زۆرن، بەڵام دەبابە وەك دەڵێن جەرگی دەوێ. بەكارهێنانی مودەڕەعەو دەبابە لەشەڕی ناوخۆ لەنێوان دوو حزبی خاوەن چەكی كلاسیكیو دەستیو تفەنگی رێژ، تازە بوو، رەچاوی گۆڕانو شكاندنو سەركەوتنی خێرای لێ دەكرا. بەڵام!

راگەیاندنی پارتی و قسەی پارتی بەدڵنیایەوەو بەتوندی وەڵامی ئەو پروپاگەندانەی دەدایەوە كەهیچ هاوكاریو یارمەتی عەسكەری و پەیوەندی تریان لەگەڵ حكومەتی عێراق نیەو چەكیان وەرنەگرتووەو ئەوەش رابردوو و خەباتی پارتی، هاوكاری وای لێ ناوەشێتەوە.

پارتی مودەرەعەی هەیە، یان نا، پرسیاربوونو وەڵامی راستی نەبوو، (قادر عزیز) سكرتێری حیزبی زەحمەتكێشانی كوردستان لەبەرنامەی (١٥) هەمین رۆژی تەلەفزیۆنی گەلی كوردستان كەرۆژنامەنووس (تاریق جەوهەر سارمەمی) ئامادەو پێشكەشی دەكرد و بە ئامادەبوونی (مەلا حەسەن) ئەندامی سەركردایەتی حزبی شیوعی كوردستانو (یونادم یوسف كنا) ئەندامی مەكتەبی سیاسی بزوتنەوەی دیموكراتی ئاشووریو (سەعدی پیرە) ئەندامی سەركردایەتی یەكێتی نیشتمانی كوردستان؛ وتی:

پارتی چەند مودەرەعەی لەرژێمی داگیركەر وەرگرتووە. دیارە كەسایەتێكی سیاسی وەك ئەوو لەروانگەی ئەم

تەلەفزیۆنەو لەم بەرنامەدا چرپەیەکی دروستکردو بۆ زۆر کەس لە هەردوولا و دۆستانی هەردوو حزب ئاشکرا بووو بڕوایان لادروست بوو. دیارە یەکێتی دووانەکەی لاخۆش بووو زۆر شاهیدیان پێ دەداو پارتیش لای ناخۆش بوو، بەلام بە رەسمی وەلامیان نەداوەو قسەکەیان بەدرۆ نەخستەوە. بەلکو بەپەلارو قسە زۆریان لەسەر وت و رەخنەیان هەبوو.

راستی ئەم قەسەیە هیچ گومانی لەسەر پەیوەندی پارتی و حکومەت نەهێشت و ترس و نیگەرانی دروستکردو ئەزموونەکەو دواڕۆژی ترسناک و نادیاری دەگەیاند، بوونی هاوکاری و وەرگرتنی چەك لەرژێمی بەعس بەئاشکرا، نیشانەی گڕی شەڕو دوژمنداری قوولی دروستکردو باوی ئەو قسەش نەما کەمودەرەعەکان لە ئۆکرانیا کڕاون. گەرچی ئەم قسەیە لەلایەن پارتی رانەگەیاندرابوو و لە هیچ بوارو سەنگەرو شەڕگەو خۆپیشاندان و بۆنەیەکی سیاسی نیشان نەدرابوو و کەم کەسیش بەچاوی خۆی مودەرەعەی لەناوچەکانی پارتی دیبوو. دیارە، ئەوەش لاپەڕەیەکی شاراوەو تەنیابوو لەنێوان پارتی و حکومەت ئاشکرا نەبووو گومانەکەی پەیوەندی نهێنی و دیداری وەرزیی و یارمەتی هەر مایەوەو تا بەیانی رۆژی ١٩٩٦/٨/٣١ ئاشکرابوو بۆ کورد و جیهان مێژووو پەرلەمان.

## کلکە هەواڵ

**(دوور لەشەڕو لەبەر شەڕ)**

نەوتی شیواشۆك. چیمەنتۆی تاسلوجە. بەرنامەی هەنبانە بۆرینەی تەلەفزیۆنی زەحمەتکێشان، مەتری حەریر بە ٦٠ دینار، زۆری پینەدۆز. لەنگەی جل وبەرگ. بەرگدرووی بێئیش، دوورینی قاتی ئەفەندی بەهەزار دینار، پیالەیەك گولەبەرۆژ، قاپێك شێلم، ئەزبەری، پاقلە،

## بەغدا بۆ هەولێر

پاقلاوە بەیەك دینار، ماڵە بەپەلكەنان. بارەگای لقی٢ تەختكرا، پەرلەمانتارو كەسایەتی سیاسی پرسەیان لەبنەماڵەی سورچی كرد. لەئێران لەكورەی خشت ئیش دەكەن. مێرد بەخاریج نەبێ ناكەم، رژێمی بەعسی رەفتار فاشی. ئەوەی لەباڵەك هاتبایە هەولێر رەزامەندی ئاسایش و كەفیلی دەویست. رۆژانە پارەی گومرگی پێنجوێن و باشماغ دەهاتە هەولێر، مووچە بەگوێرەی داهاتی گومرگ دابەش دەكرا، پارە هەبوایە معاشێك دەدرا. زۆر خەم لەموچەی مامۆستایان دەخورا، بلۆك رووخاندنی خانوەكانی ئۆردوگاكان دەفرۆشرا، زەوی پارەی نەدەكرد. ئاژەڵ لەناو شار بەخێودەكرا. رێگا نەدرا هونەرمەند (كامەران رەووف) بچێتە دەرەوە. تەحسین تەها لەهۆڵەندا مرد. رۆژنامەی (الاتحاد) زۆر دەخوێندرایەوە. مەحمود زامدار لەپیرمام هاتەوە. بوتڵی عەرەق بە ٤٥دینار بوو. عەرەقی فەل لەنادی ئیعلام و موظفین و معلمین زۆربوو. تەماتەو باینجان بۆ ناو حكومەت دەرۆیشت. گەنم و جۆ بڕیاری باش نەبوو. رێگای كۆیە لەكەسنەزانەوە هەر نەبوو، ئامانەی شێستمەتری دانرا، بریندارو نەخۆش دەچنە موسڵ و بەغدا، وەزارەتی دارایی ئاماری فەرمانبەرانی بۆ هەویەی یەكگرتوو دەكرد. كەسایەتی یەكێتی بەئێران لەدەرەوە دەگەڕانەوە، نۆرەی پارتی بۆ توركیا ٥_٦ مانگی دەویست. توركمان رۆژانە ٦كەسیان ئاودیو دەكرد. كۆنە پێڵاوو لاستیك دەكڕایەوەو كارگەكان بەكاریان دەهێنایەوە. سەحنی دەستكرد پەیدا بوو؛ لامپای سەحن شەوانە دەدزرا. سۆبەی كارەبا زۆر بوو. یەكگرتووی ئیسلامی جوبەو چەفیەیان دابەش دەكرد، ئوسامە لەرادیۆی یەكگرتوو بانگەوازی یارمەتی بۆ نەخۆش و هەژاران بڵاودەكردەوە. زۆر كۆشش كرا دوكانە متەجاوزەكانی ناو گومرگ هەڵگرن؛ رێكخراوی مافی مرۆڤ داكۆكی دەكرد، ئێواران شەقامی سەلاحەدین بەعارەبانەو دەستفرۆش

دەگیرا، خوێندکار بۆ خوێندنی بالا دەچوونە بەغداو ئەنجومەنی وەزیران یارمەتیان دەدان، کەسایەتی سەربەخۆ کورسی جێگری وەزارەت و بەرێوەبەری گشتیان بەرکەوت. هێڵەکانی تەلەفون مەشغول بوون. ویسکی و جگەرە بەهێڵی حاجی ئۆمەران دەپەرپەوە ئێران. توتن دەرۆیشت. هاوین کەپرێ دەکەینۆ زستانی تێکی دەدەینۆ. کورسی گەل لەمەد تی ڤی. جەوهەر حوسێن سورچی بەتوندی هێرشی دەکرد. مەڵبەندی گەرمەسێر یارمەتی خێزانەکانی گەرمەسێری دەدا. مەلا بەختیار خەریکی لیژنەی ئۆڵۆمپی کوردستان بوو.

کەبابخانەکانی بن قەلات ئیشیان نەبوو. هوتێلی هەورامان هەر کەلاوە بوو. لەپێش دەروازەی قەلات مافوور دەفرۆشرا. چایخانەی مەچکۆ ناوەوەی کەرپووچ ریزکرا، شانۆگەری (سەکرابخانە) پێشکەشکرا. دکتۆر سەدرەدین بۆ راگرتنی ئەندامی شکاوو بریندار بەتێلی ئەلەمنیۆمی دەستکرد رادەگرت.

نەخۆشخانەی کوردستانی تایبەت بەخۆرایی تەماشای نەخۆشی کەسوکاری شەهیدانی پارتیشی دەکرد. نەخۆشخانەی (رەسول)ی تایبەت نەخۆشی زۆر بووە. لانەی جاسوسان چاپکرا، مەستەفا رابەر بریندار کرا. مامەڵەی کڕین و فرۆشتنی خانو لەتاپۆ گەرم بوو. باجی دەرامەت داهاتی زۆربوو.

کیلۆی گۆشت بە ٤٥ ـــ ٦٠ دینار بوو، مەیدانی حەیوانان گواسترایەوە رێگای موسڵ. لەزۆر شوێن ئاژەڵی سەربراو دەفرۆشرا. چوونە ناوچەکانی پارتی رەزامەندی ئاسایشی نەدەویست. حاجی مەسیفی لەزاڵگەی شاوێس سەرناس بوو. بەرێوەبەری پەروەردەی هەولێر حسن عوسمان گۆڕا. رادیۆی نیشتمان گۆرانی تورکمانی لێنەدەدا. سۆزی ئێواران لەرادیۆی مەڵبەندی سێ نامەی زۆری بۆ دەهات. پەخشی رادیۆی خوێندکاران پەخشێکی

باشی هەبوو. بلیتی چارەسەری دکتۆران ٢٥ دینار بوو. هاوتا ئەسعد هەولێری جێهێشت. وەرگرتنی خوێندکاران بۆ ئامادەیی بووە نمرە. یانسیبی فریاکەوتنی قەڵای هەولێر بە (٥) دینار بوو. شەقام بەناوی (سەعدی گچکەو ئەحمەد حەمەد ئەمین دزەییو عونی یوسف مەئموون دەبباغ) کرا. گۆشەی هەفتانەی (هنا نلتقی کل سبت)ی عومەر فەرهادی خوێندەواری زۆری هەبوو. تەلەفزیۆنی سوریا پەخشی دەگەیشتە هەولێر. کورتە رۆمانی (حەسارو سەگەکانی باوکم)ی شێرزاد حەسەن دەفرۆشرا. بۆ کرێکاریو ئاودیووبون زۆر دەچوونە ئێران، زیندانی ئاکرێ ناوی بەخراپە دەهات. کوردەکانی گەردی باکوور بەپارە ژنیان دەهێنا. شاری هەزارەها عارەبانەی دەستی، هەزارەها دەستفرۆشی، پاکەتفرۆشی، عەلاگە فرۆش. منداڵ، پارەی ئاسن بەکاغەزشاری کوشکو دوکانی سەفەری. خوێندنو دەوامی چاك. زانکۆی خاوێن. هەزارەها بەنزینفرۆش بەدەبەو بەرمیلی سەر شەقامە سەرەکییەکان. ماڵ فرۆشتن، شەقامێکی درێژی پانی سەنتەری شار بەماڵ فرۆشتن دەگیرا. کۆنە فرۆش. سەدان شوێنی چاککردنەوەی موزەخەی ئاوو ئامێری تری کارەبا. شاری تەماتەو باینجانی هەرزان. پێنج دەسکە کەرەوز بەیەك دینار. سەموونی بچوكو کولێرە بەرۆن. ئاپوورەی ساحەی ریمان. تەکسی شەقو شڕی ماندوو. هەولێری دەرمان گران. شاری چەندین تەلەفزیۆنو فرە حزبی. شاری قسەکردنو کۆڕو کۆبونەوە، شاری رەخنەو پێشنیار، شاری خۆپیشاندانو داوای ئاشتی. مزگەوتی گەرمو پرسەی زۆر. دەرکردنی ماڵە پارتی. هاتنی ماڵە دەرکراوی باڵەكو سۆران. پارتی مووچە نادا، هەولێر باشترە. پارەی ابراهیم خلیل بەشی مووچە ناکات. دکتۆر دەڕۆن. بەنجی عەمەلیات خراپە. دەرمانی ئێرانی خراپە. قەرەباڵغی و زۆری سەردانی سەرۆکی حکومەت، خۆشەویستی کۆسرەت

رەسول، شیرنەمەنی نازەو ئەحمەد. عارەبانەی ئاش، تراکتۆری ئاش، یەك تەنەکەی گەنم بەپێنج دینار لێدەکرا. نەفەری ریم لەناوشار یەك دینارە. نوری گەرمیانی. شانۆگەری (ئەحەی کڕنو) نەمانی دزیو سەیارە رفاندن. شاری بێچەك. هەولێری بێبەعس و دەبابە.

## روانگە

بەخێرایی و سەرپێی لەو هەواڵو کارەساتو رووداوانە دەدوێین، یان پێناسەیان دەکەین، کە لەشارەکە دەنگی دەدایەوەو کاریگەری لەرووی ئابووریو کۆمەلایەتی لەسەر رۆژانەی هەولێرو هاولاتیانو حکومەت هەبوو.

### ١. پەکەکەو پارتی:

لە ١٩٩٥/١/٢٦ تەلەفزیۆنی گولان رایگەیاند کەپەکەکە هێرشیان هێناوەتە سەر بیست بارەگاو دەزگاو سەنگەرەکانی پارتی لەناوچەکانی دەڤەری بادینانو سیدەکانو دیاناو بارزانو مێرگەسور، شەڕەکان دژواربووەو کوشتارو بریندار هەبووە. هەروەها رۆژنامەی ولاتو تەلەفزیۆنی گەلی کوردستانو مەد تی ڤی و تەلەفزیۆنی KCP، هەواڵەکەیان بلاوکردەوە. گەرچی شەڕەکە لەهەولێر دووربووو بریندار نەهاتنەوە نەخۆشخانەکانو رەشبگیریو سوخرەی ئوتۆمبیلو کوژاندنەوەی کارەباو برانی ئاوو خوێن داواکردنو رێگاگیرانی لەدوانەبوو، بەلام لەزۆر رووەوە نیگەرانی دروستکردو شاری شێواندو بۆ یەکێتیو حزبە هاوپەیمانەکانی بەقازانج دەکەوتەوە.

شەڕەکە هیوای ئاشتیو موژدەکانی کۆبونەوەی دبلنو دیداری تری ئاشتی لەنێوان هەردوو حزبی ناکۆك

بەدوورخستەوە. ناوچەکانی بادینان و ڕێگای قەندیل و حەوزی سۆران کەخاڵی کاریگەرو زیندوو بوون لەرووی ئابووری و هاتوچۆو گەیاندنی سوتەمەنی و خواردن و دەروازەی سەرەکی گەیشتن بەتورکیاو هاتنەوەی کوردە ئاوارەکان لەدەرەوە، ناوچەکە هەناسەو دەروازەو سەرچاوە بوون، کەشەڕەکان گەرم دەبووو درێژەی دەکێشاو دوژمنداریان قووڵتردەبوو، هەولێر گرژدەبووو ئەزموونەکەشمان تەمی لەسەر دەنیشت و هێمای هاتن و هێرشی سوپای تورکیای داگیرکەر خۆش دەبووو مەترسی تووشبوونی یەکێتی و حزبەکانی ترو حکومەتی عێراقیش پەیدا دەبوو. ڕاگەیاندنی هەردوولا دەگەیشتە هەولێرو ڕاگەیاندنی یەکێتی و هاوپەیمانەکانیان درێغیان نەدەکرد لەبڵاوکردنەوەی هەواڵی شەڕو کوشتار. هاتوچۆ بۆ بادینان زەحمەت دەبوو. نەوت نرخی گران دەبوو. کەشەڕەکان و هێرشەکان درێژەی کێشاو دیداری ئاشتی و هیوای دانیشتن نەدەما، هێمای خراپ و ترسی دوارۆژ زۆرتر دەبووو ئاڵۆزی دەنواند. هەر واش کەوتەوە، ماوە ماوە تورکیا بەفڕۆکەو دەبابەو هێز دەهات و عێراق و ئێران هەڕەشەیان کردو جامعەی عەرەبی و وڵاتانی ئیسلامی چرپەیان دەهات، هەموو شتەکان لەهەیبەت و سەربەخۆیی ماڵ و سیاسەتی کوردستانی کەم دەکردو ئابووری لاواز و خوێن بەفیڕۆ ڕژانی بەدوواوە بوو.

## ٢. هەوڵی کوشتنی کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی

## لەهەولێر:

لەبەیانی ڕۆژی ١٩٩٥/٩/٧ لەسەر شەقامی شێستمەتری و چەند هەنگاو دوور لەچوارڕیانی عەنکاوە، مینێکی بەهێزی چاندراو و بەستراو بەوایەرو کۆنترۆڵێکی دوور لەژێر کاروانی سەیارەکانی کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی،

سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، تەقیەوە. بەهۆی بەهێزی زۆری مادەی تیئێنتیەکەی لەهەموو هەولێر دەنگی‌دایەوە، لەئەنجامی تەقینەوەکەدا سێ پاسەوانی کوژران و یەکێکیان ئامۆزای بوو. هەروەها برینداریش هەبوو، زیانی مالێش بەسەیارەکان و ناوچەکە گەیشت. مەڵبەندی سێی یەکێتی لەرادیۆکەیان زوو رایگەیاند کەدەستی (پاراستن)ی پارتی بووە، بەلام ! دوایی هەواڵەکەیان گۆڕی و وتیان دوژمنانی ئاشتی و دەستی بێگانە بووە، خەڵکی حزبی و هاولاتیان و بەرپرسە حکومییەکان و حزبە کوردستانیەکان رێکخراوەکانی خێرخوازی و پیشەیی و عەشایرو رۆشنبیران پیرۆزبایی سەرکەوتن و رزگاربوونیان لێ‌دەکردو جەماوەرێکی زۆر سەردانیان کرد. دیارە خۆشەویستی خەڵکی هەولێر بۆی زیاتر لەم رۆژەدا دەرکەوت. لەرۆژی ۱۹۹٥/۹/۹ جەماوەرێکی زۆری هەولێر لەرێپێوانێکی هێمنانە دژی تیرۆرو لەخۆشی رزگاربوونی سەرۆکی حکومەت لەپێش پارێزگا ئامادەبوون چەندین وتار خوێندرایەوەو کۆسرەت رەسول وتارێکی خوێندەوەو سوپاسی بێ‌پایانی بۆ جەماوەری هەولێرو کوردستان و دۆستەکانی دەرەوە راگەیاند. هەواڵی تەقینەوەکەو رزگاربوونی کۆسرەت لەزۆربەی ئاژانسەکانی جیهانی باسکراو لەدەنگی ئەمریکای کوردیش قسەی کردو کەسی تاوانبار نەکرد.

پاش ئەم رووداوە، دەزگاکانی ئاسایش هەڵمەتی پشکنین و گەران بەدوای تاوانبار دەست پێکرد، بەلام دەزگاکانی یەکێتی هیچی رانەگەیاندو کۆششکرا چاودێری کەپرۆکەو دەستفرۆشی لادیوارو پەناکان بکرێن، چونکە ئەنجامدەرانی تەقینەوەکە سوودیان لەم کەپرۆکە زۆرانەی سەر شەقامە سەرەکیەکان وەرگرتبوو.

دوایی زانرا وایەرە بەستراوەکە بەمادە تیئێنتیەکە زۆر دوور بووەو تاوانباران لەناو کەلاوەکانی ئوردوی هەولێرو

خانووەکانی (ظباط الصف) بووەو کە یەکێتی زۆر لەسەر لێکۆڵینەوەکە نەدوا، دیاربوو بکەرانیان دەناسی، بەڵام وەزعەکەو ئەوکات ئەوەی نەدەویست زیاتر لەسەری بڕۆن. وتیان بکەری سەرەکیش هەر ئەو ڕۆژە لەوڵات دەرچوو و گەیشتە تورکیا و هەندێ خزموکەسیان تەنگاوکردن بەڵام دوایی بەردیان لەسەر دانا.

## ٣. بۆ پێشەوە...!

بۆ پێشەوە، ڕۆژنامەی هەفتانەی هەشت لاپەڕەیی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق بوو، نوسینگەی بەڕێوەبردنی لەسلێمانی بوو، لەهەولێر چاپ دەکراو خوێنەری هەبوو. لەژمارە (٢٢)ی ڕۆژی ١٩٩٥/٩/٢٧ وتارێکیان بڵاوکردبۆوە، لەوتارەکەدا، ئاماژەیان بەهەندێ ڕەوشتی پێغەمبەری ئیسلام محمد (د.خ)و ئیسلامو دیدی ئیسلام لەژنو دژە ئیسلام دابوو. وتارەکە بڵاوبۆوەو زۆر خوێنرایەوە، ڕۆژنامەکە دەستەو دەستی کرد، زوو لەبازاڕ تەواو بوو، وتارەکە دەنگی دایەوەو زۆر باسکرا، لە خوتبەی ڕۆژی هەینی مەلاکانی هەولێر گلەییان کردو نیگەران بوونو بەکافر ناویان بردن، داوای سزایان کردو وتیان کوشتنی بنوسەکان حەڵاڵە، دەبێ ڕۆژنامەکە دابخرێتو نابێ بواری نوسین دژ بەپێغەمبەرو ئیسلام بڵاوبێتەوەو ئیسلام بەچاوی یەکسانی تەماشای ژنی کردووەو ژن هەرگیز نەچەوساوەتەوە. بۆیە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران بەداخستنی ڕۆژنامەکە ئاگاداری وەزارەتی ڕۆشنبیری کردەوە. ئەوەبوو لەڕۆژی ١٩٩٥/١٠/٣ بڕیاری داخستنی ڕۆژنامەی هەفتانەی بۆ پێشەوە دراو بووە یەکەم داخستنی پەخشو بڵاوکراوە، گەرچی زوو ڕۆژنامەی (وڵات) داخرابوو بەڵام لەلایەن وەزارەتی ڕۆشنبیری نەبوو، بەڵکو پارێزگاری ئەوکاتی

هەولێر (عبدالمهیمن بارزانی) ئەم کارەی لەسەر ئەستۆی خۆی کردبوو. لەگەڵ بڕیاری داخستنی بۆ پێشەوە لەبەیانێکی وەزارەتی (ناوخۆ)شدا هاتبوو، کەنابێ بەهیچ جۆرێ‌و بەهیچ شێوەیەك مزگەوتەکان پاش نوێژی عیشا دەرگایان بکرێتەوەو کۆبونەوەی حیزبایەتی‌و کاری سیاسی لێ‌بکرێت‌و ئاسایش بەوردی چاودێری مزگەوتە گومان لێکراوەکان دەکات‌و سزای سەرپێچیکەر دەدات. بۆیە (مەلا غەنی) ئەندامی سەرکردایەتی بزوتنەوەی ئیسلامی لەپیرمام، بەتەلەفزیۆنی گوڵانی راگەیاند، کەئەم بڕیارە رێگاگرتنە لەخوداپەرستی‌و نابێ ماڵی خودا دەرگای دابخرێت، هەردوو بڕیار داخستنی بۆ پێشەوەو دەرگای مزگەوتەکان پاش نوێژی عیشا لەلایەن دەزگاکانی راگەیاندنی پارتی زۆر باسکرا، بەتایبەتی هەواڵی داخستنی رۆژنامەکە گەیشتە دەرەوەو نارەزایی زۆری لەسەر دەرچووو داخستنی مزگەوتیش لەلایەن هێزو حزبە ئیسلامیەکان گلەیی کرا.

بەداخستنی بۆ پێشەوە، حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراقی بێدەنگ نەبوون‌و ژمارە (١)ی بۆ پێشەوە لە ١٩٩٥/١١/١٥ دەرچوو‌و بواریان درا، ئەوەی شایەنی باسە رۆشنفکران‌و دۆستانی یەکێتی‌و خودی سکرتێری یەکێتیش لەگەڵ داخستنی رۆژنامە نەبوون لەگەڵ وەڵامدانەوەو رەخنەو دیداربوون. دەستەی رۆژنامەنووسانی ئازاد لە١٩٩٥/١١/١١ بەبەیاننامەیەك نارەزایەتی دەربڕی.

لەو رۆژانەی دەنگۆو هەواڵ‌و دەرگای مزگەوتەکان گەرم بوو، تەقە لەمامۆستایانی ئایینی‌و کەسایەتی ئایینی ناسراو (مەلا مەجید گوێری) کراو بەخەستی بریندارکراو کورەکەی کوژرا، لە ١٩٩٥/١٠/٦ لەنەخۆشخانە سەربەستانە قسەی کردو دژی تیرۆرو ترسنۆکی بکوژان دووا، هەروەها لە ١٩٩٥/١٠/١٣ تەقە لە((مەلا جەمال محمد

قادن) ئیمامو خەتیبی مزگەوتی ((حیدر ئاغا)) لەکوران کراو ئەویش زامدارکراو کوڕەکەی کوژرا.

پاش داخستنی بۆ پێشەوەو دووبارە چاپکردنو دەرچوونی لەهەولێر، ڕۆژنامەکە زۆتر دەخوێندرایەوەو سۆراغ دەکرا، هەتا مەلاکان زۆریان نەگووتو ڕۆژنامەکە دانەخرا، ڕۆژنامەکەو حزبەکە ئەوەندە ناسراوو دیار نەبوون. هەروەها ئەوانەی لەبوارێك دا دەگەرا دژی یەکێتی بنوسیو قسەبکەن، هەواڵەکەیان گەورەکردو لەحزبەکەو خاوەنی ڕۆژنامە گەرمتربوون، هەروەها داخستنی دەرگای مزگەوتەکان گەرچی خەڵکێکی زۆر نیگەران بوون، بەتایبەتی ئەوانەی هاموشۆی مزگەوتیان دەکردو گلەییان هەبوو لەدیداری سیاسیو دیداری هەرزەکارەکان تا درەنگی شەو لەمزگەوتەکان، کەسانی دوور لەدینداری توندتربوونو لەبیانوو دەگەڕانو بەیانو ناڕەزاییان بڵاودەکردەوە.

## ٤. پاسدار هات، کارەبا کوژایەوە!

ئاژانسەکان وتیان، لە ١٩٩٦/٧/٢٨، هێزێکی تۆپخانەی حکومەتی ئیسلامی ئێرانی لە سنوور هاتوونەتە ژووریو بەشەو گەیشتوونە ناوچە نزیکەکانی بارەگای حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لەدووریانی کۆیە ـ تەق تەقو گوندی تۆبزاوەو هەرمۆتەو بۆمبارانی ناوچەکانیان کردووەو هاتنی سوپاکەش بەرەزامەندی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بووە. هێزەکە شەوێك لەسەربازگەی (سلام)ی سلێمانی بووە. هیچ سەرچاوەیەك راینەگەیاند زیانی گیانی هەبووبێت، گەرچی ناوچەکە وردو زۆر بۆمباران کرا. دیاربوو، ناوچەکەیان چۆڵ کردبوو، کوردە ئێرانییەکانی هەولێر گەیشتنە پێش بارەگای یوئێن لەشارۆچکەی عەنکاوەو بەئاشکرا

ناڕەزاییان نیشان دا. بەم کارەساتە گەورەیە، شار ئاڵۆز بوو، نیگەرانی زۆر پەیدابوو، بەئاشکرا ناڕەزایی نیشان درا، حزبە کوردستانیەکان ناڕەزاییان راگەیاند، دۆستانی یەکێتیش گلەیی و گازاندەیان زۆربوو. هاتوچۆی هەولێر۔ کۆیە، نەما. بۆ بەیانیەکەی واتە شەوی ١٩٩٦/٧/٢٩ کارەبای هەولێر نەبوو، وتیان هێڵەکانی (٢) کیلۆمەتر بە تۆپ بارانەکە پچڕاوەو بواریش نەبوو چاک بکرێتەوە، کۆشش دەکرێ بەزووترین کات چاک بکرێتەوە.

ئەو رۆژە، هەواڵەکەو گەرماییەکە، هەولێری کردە جەهەنەم، بەفرو ئاو نەما. نرخی کێلی بەفر گەیشتە ٨٠ دینار، ئیستگەی مەڵبەندی سێ پەخشی نەبوو. پۆلیس و ئاسایش سەرپەرشتی دابەشکردنی بەفرو ئاویان دەکرد، رۆژی دوایی ١٩٩٦/٧/٢٩ سەعات ٢ی پاش نیوەڕۆ کارەبا بۆ بەشێکی شار هاتەوەو سەعات ١١ی شەویش بەشەکەی تر کارەبای هاتەوە.

کوژاندنەوەی کارەباو نەبوونی ئاوو شەیدای هاولاتیان بۆ ئاوو فێنکی، هەواڵەکەو بۆمبارانەکەی لەبیر خەڵك بردەوە، هەروەها نەبوونی پەخشی رادیۆو دیارنەبوونی زیانی گیانی، زوو هەواڵەکەی خامۆش کرد. بەڵام لەراستیدا، ئەم هەنگاوەو هاتنی پاسداران بۆ نزیك شاری کۆیەو بەئاگاداری و پێشڕەوی یەکێتی و لێدانی بارەگاکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و داخستنی رادیۆکەیان، لەلایەن خاوەن هزرو نیشتمانپەروەرو کوردستانی، زۆر خراپ کەوتەوەو سەدای زۆر بووو نیشانەی دوارۆژی خراپی نواند.

حزبە کوردستانیەکان دەنگیان بەرزبوو، پارتیش بەناوی مەکتەبی سیاسی وتی: لەخاڵی سنووری باشماخ هێزی ئێران هاتووەو بارەگاکانی کوردی ئێرانی بەپێشڕەوی یەکێتی بۆمبارانکردووە. ئەوەش هەموو ئەو یارمەتی و هاوکاری سالانی شۆڕشی کوردی خۆرهەلاتی

لەناوچەکانی مهابادو نەغەدەو مەریوانی یەکێتی بۆ شۆڕشەکەیان دژی پاسداران ڕەش کردەوەو لاپەڕەیەکی تاریکی بۆ خەباتی کوردستانیی یەکێتی تۆمارکرد. گەرچی زیانی گیانی نەبووەو کەسانی یەکێتی هاوکاریو هاودەنگی ئێرانییەکانیان کرد لەکاتی بۆمبارانەکەو بارەگاکانیان گەڕایەوەو بواری سیاسییان هەر هەبووەو هەولێر چەند بارەگای تایبەتیو حیزبیو ڕاگەیاندنی لێبوو.

## ٥ـ نەوت بەرامبەر نان:

لەڕۆژانی دیدارو گفتوگۆی عێراقو نوێنەرایەتی نەتەوە یەکگرتووەکانو جڤاتی ئاسایشو گەیشتن بەدوا بڕیار بەپێی بڕیاری ٩٨٦، ڕۆژانی چاوەڕوانیو پەلەیی هەواڵەکان بوو. گەلانی عێراق بەگشتیو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بەتایبەتی، پەرۆش بوون، چاوەڕوانی وەرگرتنی خواردن بوون، خەڵکی کوردستان بەزۆری نانو خواردنیان دابین دەکردو کڕینی خواردەمەنی ئەرکێکی زۆر قورس بوون. بێجگە لەنرخە زۆرەکەی، هەر خێزانێك ڕۆژانە چەند دیناری گومرکی سەر خواردنەکەی کە لەتورکیا دەهات دەهاتە سەری، کەم خێزان هەبوو، ئارد بەکیلۆ نەکڕێت، بەکارهێنانی شەکرو ڕۆن زۆر گران دەوەستا. بەهەموو پێوانەیەك خەڵکی کوردستان پەرێشان بوون. بێ ئیشیو کەمی موچەو شەڕی ناوخۆو گەمارۆی جیهانیو عێراقیو ناوخۆش لەسەر ژیانی خەڵکی هەولێر ڕەنگی دابۆوە، بۆیە بڕیاری (نەوت بەرامبەر نان) خەڵکەکەی بوژاندەوە، ترووسکایی هەرزانیو خۆراییی دابەشکردنی خواردەمەنی موژدەی خۆشی بوون. ئەوەیان لە رووی ئابوری، هەروەها دانانی بەشە پارەو خواردنو خزمەتگوزاری لەلایەن جڤاتی ئاسایشی هەرێم لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکان بێجگە

لەوەی بڕیارێکی ئابووری بوو، هێمای سیاسی چاکیشی هەبوو. زادو پارەی کوردستان لەدەست رژێمی بەغدای بەفێڵ و دوژمن دوورخستەوە.

ئەوەش چاودێری و پێشکەشکردنی مانگانەش ئاسان و جوانتر دەبێ. وەنەبێ بۆڵە بۆڵ و مەترسی دزی و شەڕی ناوخۆو ڕێگاگرتن نەبووبێت، بەڵام زۆرینەی خەڵك و حزبەکان بڕیارەکەیان وەك سەرکەوتنێکی سیاسی وەرگرت و موژدەی هێنا.

بەئیمزاکردنی جێبەجێکردنی بڕیاری ٩٨٦، نەوت بەرامبەر نان لەسەرەتای شوباتی ١٩٩٦، ڕۆژانە دۆلار شکاو دیناری بەرزکردەوەو نرخی خواردەمەنی هەرزان بوو، بەتایبەتی خواردنە سەرەکییەکان و پێویستیەکانی ڕۆژانەی خێزان. نرخی دۆلار لە ٤٠دینار هاتە سەر ٢٠ دینار. کیلۆی شەکر بووە ١٢دینارو یەك پاکێتی گرێڤن لە ١٥دینار بووە ٦دینار. هەروەها پارەی عێراقی بەرامبەر تومەن زۆر بەرزبۆوە یەك دینار بووە ٢٢ تومەن.

پارەی عادی ((قەڵب)) هەزاری لە ١٧دیناروکەمتر بووە ٢٥ ـ ٢٨ دینار. لەم ڕۆژانەدا، بازاڕ گەرمە، هاتوچۆی ناو رژێم گەرمە، کڕین و فرۆشتن زۆرە، کۆگان کرانەوە، کەلوپەلی شاراوە هاتە بازاڕ، ترسی زیان و نرخ شکاندنی زۆر هەموو شت فرۆشرا، کڕین زۆر بوو، جل وبەرگ و کەلوپەلی ناوماڵ و کەرەستەی کارەبایی و نرخی ئۆتۆمبیل هاتە خوارێ، قسە زۆر بوو، گوایە نرخی دینار دێتەوە بەرامبەر دۆلار وەك جاران! لەرۆژی ٢ی شوبات ١٩٩٦، نرخی یەك دۆلار بووە ١٢،٥ و شەکر بووە ١١ دینار، بەڵام کەگفتوگۆکان ئەگەرێکی دەکەوتە پێش و ترسێ پەیدادەبوو. یان بەرپرسێکی عێراقی، یان دووانی نەیارەکانی عێراق. دووبارە نرخی دۆلار بەرز دەبۆوە، لەرۆژی ١٩٩٦/٢/٣ نرخی دۆلار گەیشتە ١٩ دینارو خواردەمەنیش نرخی بەرزبۆوەو فرۆشتنی کەمتر بوو.

## بەغدا بۆ هەولێر

لەم ڕۆژانە، لەڕۆژانی دۆلار شکان و فرۆشتنی زۆرو گەرمەی کڕین و گەرمەی بازاڕی دۆلارو هاتوچۆی ناو ڕژێم، ئەم دوو دیاردەیە سەری هەڵدا.

یەکەمیان:

ڕۆژانە بەفەردە پارەی قەڵب لەموسڵ بەزۆریی و لەکەرکوک و بادینان دەهاتە هەولێرو پارەکەیان بەدەفتەرە دۆلار (دەفتەرە دۆلار دە هەزار دۆلار) دەداو یەکسەر بەقاچاغ بۆ موسڵ و بەغدا دەڕۆیشت، پارەی قەڵب دەهات و دۆلاری پێ‌دەکڕاو دەبوایە بەقاچاغیش دۆلارەکان بگەڕێتەوە، چونکە ئاشکرابوونی دەگیراو بەخۆرایی دەڕۆیشت! دۆلاریان بۆ دەچوو دەبوایە بەقاچاغ بوایە! بازاڕی پارەی عادی گەرم بوو، وای لێ‌هات بەلێشاو پارە دەهات و دۆلار دەڕۆیشت. بەهۆی بازاڕی گەرمی پارەی قەڵب و زۆری دۆلار لەبازاڕی هەولێر، بازاڕی هەردووکیان گەرم بوو. ئەوەش مەترسی لەبازاڕ دروستکرد، بۆیە ئاسایش و دەزگاکانی ڕاگەیاندن و ڕای گشتی هەولێر، پارەی قەڵبیان قەدەغەکردو مامەڵەیان ڕاگرت و ئەوەی پارەی زۆر لەدەست گیرابایە پارەکەی باجی زۆری لێ‌وەردەگیراو سەرئێشەی بۆ خاوەنەکەی دروست دەکرد. بەڵام خەڵکەکە بەدزی مامەڵەیان بەپارەی عادی دەکرد. کە بازاڕی وەستا، مامەڵەی پارەی ئاسایی ئاسایی بۆوە، ڕۆژی زێڕینی پارەی عادی بوو نرخی گەیشتە ٤٠ دینارو ڕەواجی هەر گەرم بوو.

دووەمیان:

بازرگان و کەسانی ئێرانی گەیشتنە بازاڕو بەهۆی کەسی دووەم و بەهاوکاری بازرگانەکانی بازاڕ، دۆلاریان بەتومەن کڕی، دیارە کەنرخی دۆلار شکا بۆ ئەوان هەرزان بوو، ئەوەش بۆڵە بۆڵی دروستکردو نرخی دۆلاری بەرزکردەوە، واتە کڕیاری ئێرانی زۆر نرخی زۆر کرد، بۆیە

دیسان ئاسایش دەستی بەگرتنی ئێرانی کردو لەخاڵەکانی پشکنین هاتنی تومەن و ئێرانیان قەدەغەکرد، ئەوەش وای کرد هاتنی ئێرانی کەمتر بێتەوە.
لەرۆژانی بڕیاردانی رۆیشتنی نەوت، بازاڕو هاتوچۆ گەرم بوو، قسەو گفتوگۆو پڕوپاگەندەو هەواڵو شرۆڤەی هەواڵو خوێندنەوەی زۆربوون. لەبازاڕدا رادیۆو بیستن هەواڵو سەروتاری رۆژنامەکان و هەواڵەکانی رادیۆی (الامارات)و (کویت)و (دەنگی ئەمریکای کوردی)و (لندن) بەکوردیو بەعەرەبیو فارسیو کەناڵی mbcو کەناڵیتر زۆر و بەوردی تاقیب دەکرا، هەموو سەرە سەعاتێك کورتە هەواڵو تۆژینەوەو دیدارەکان مەبەست بوو. هاتوچۆ لەنێوان هەولێر *دهۆك، زاخۆ*سلێمانیو دەرەوەو نرخی بازاڕو بەراوردکردن لەگەڵ موسڵو تاران و ئەستەنبوڵو ئەزمیرو دیمەشق هەبوو. لەهەموو نوسینگەیەکی بازرگانیو بازاڕی دۆلار رادیۆو تەلەفزیۆن دانرابوو. زوو هەواڵەکان بەتەلەفۆن دەگەیشتن، گەرمەی گۆڕینی دۆلار لەبانقەکانی موسڵو بەغدا بەوردی تاقیب دەکرا.

دەیانووت:

- رۆیشت! دۆلار، ئەمجارە سێ دۆلار دەبێتە یەك دینار!
- هەرگیز ئەو کاغەزانەی (الف باء) کەپارەیان لێ چاپ دەکری، نرخی بەرزنابێتەوە!
- ئەو پارەیە کێشەی زۆر دروست دەکات، لەبەغدا هەزار ملۆنێرو ملیاردێر پەیدادەبێ، سبەی ئەوانە چییان لێدێ!
- ئەوانەی لەدەرەوە دۆلار دەنێرنەوە، وای لێدێ، دەبێ وەك جاران پارەیان بۆ رەوانە بکرێتەوە، ئەوجا هێواش هێواش دێنەوە!

## بەغدا بۆ هەولێر

- یەکێتی خۆی دۆلاری هەیەو ناهێڵێ نرخی دۆلار دابەزێ!
- پارەدارەکان بەکەیفی خۆیانە، بڵندو نەوی دەکەن!
- ابراهیم خلیل‌و گومرك نامێنێ!
- ئەوجا شەڕی ناوخۆ رادەوەستێ!
- ئەو حزبانەش نامێنن، پارە لەکوێ دێنن، حکومەت بەپێی خۆی دێتەوە!
- ئەمریکا لەبەرچاوی شێخەکانی کوێت‌و سعودیە، هەوگی عێراق بەرنادات!
- ئەوجا حەسار لەسەر عێراق هەڵدەستێت.!
- ئەوە نیشانەی نەمانی حەسارە، تازە تەواو، سەدام زیندووبۆوە!
- ئەو نەوت رۆیشتنەش چەند ساڵ دەخایێنێ!
- پارەنی‌یە، گەرنا فرسەتە، شت هەرزانە!
- گەمارۆش هەڵسێ، دۆلار دانابەزێ!
- باشە حکومەت ئەو هەزار دۆلارەی بۆچی‌یە! دیارە هیچ نی‌یە!
- تازە دەبینە حکومەت!
- لەبەر دزی خۆمان هیچمان بەرناکەوێ!
- قەت حکومەت رازی‌نابێ، خواردنی کوردستان‌و پارەکەی جیاوازبێ!
- ئەوە واتە حکومەت دێتەوە!
- لەسەر کێشەی کوردە حکومەت رازی نی‌یە!
- رۆیشت، ئاو و ئاو چوو دۆلار!
- ئۆخەی منالەکان تێر برنج‌و رۆن بوون!
- الانباری وتی...!
- سبەی دوا کۆبوونەوەیە، هێشتا زۆری ماوە!
- ربع‌و درهم زیندوو دەبێتەوە!

## ٦. کوشتنی حوسێن ئاغای سورچی.

تەلـەفزیۆنی پارێزگـاران و گـەلی کوردسـتان و رادیۆی مەڵبەندی٣ و خوێندکاران و سەربەخۆیی وتیان:

کاتژمێری ٥،٣٠ی بەیانی رۆژی ١٩٩٦/٦/١٦ هێزێکی زۆری پارتی هێرشی کردە سەر گوندی (کەڵەکین ـ سەرچیا) گونـدی سـەرۆك عەشـیرەتی سـورچی (حوسـێن ئاغـای سـورچی)و بـراو ئـامۆزاو برازاکـانی، لەئـەنجامی ئـەم هێرشەدا، حوسێن ئاغا کوژراو کوژراو و بریـنداری تریش هـەبوو، گوندەکـەی تـاڵانکراو ئـەوەی خزم‌وکەسـی ئـەم بنەماڵەیە بوو ژن و پیاو گیران.

تەلەفزیۆن و رادیۆکەی پارتی پارێزگاران، کە حوسێن ئاغا برا گەورەی عومەر ئاغـای سـورچی سـەرۆکی پـارتی پارێزگـارانی کوردسـتان بـوو، بانگـەوازو سـروودی بڵاوکـردەوە، بـەهاوکاری رێکخسـتنەکانی یـەکێتی و کۆمیتەکانی شار بروسکەی پشتیوانی زۆریـان بەدەسـت گەیشت، قەرەباڵغێکی زۆر لە پێش بارەگاکەیان دروستبوو.

هەواڵەکـە، ئـەوەندە لـەناکاوو چاوەڕوانکراو بـوو، بـڕوا نـەدەکرا، دوایـی پـارتیش هەواڵەکـەی بەسـادەیی بڵاوکـردەوەو هـەواڵی ناشـتنی لەگۆڕسـتانی بنەماکـەیان لە(سـپیلك) بڵاوکرایـەوە. عومـەر ئاغـا لـەئێران گەڕایـەوەو زیـدی عومـەر ئاغـا کەلەهێرشـەکە دەربـازببوو، پـارتی بیانۆکەی گرتن و کوشتنی ئەوبوو، گوایە هاوکاری یەکێتی کردووەو وتیان (سەرەتانە) لەناوچەکـە. لـە١٩٩٦/٦/٢٢ گەیشـتەوە هـەولێرو بـۆ تەلەفزیۆنەکـەیان قسـەی‌کرد، پرسـەیەکی گـەورەو گـەرمیان لـە١٩٩٦/٦/١٩ لەمزگـەوتی ((شهید صباح)) لەشۆڕش دانا.

* مەکتـەبی سیاسـی یـەکێتی رایگـەیاند، کەکارەسـاتەکە گەورەیەو بێدەنگ نابین.

- بانگەواز هەبوو، عەشیرەتەکانی‌تر هوشیاری خۆیان بن، مەترسییان لەسەرە.
- گەر نیازیان (زید) بوو، خۆ زۆر بەو ڕێگای بن دەشتی وان هاتوچۆی دەکرد.
- حسێن ئاغا تازە بەرێگای سوریا گەڕابۆوەو دیداری هەبوو، بۆیە مەترسی لێکرا.
- عومەر ئاغای سورچی لەبالیسان قسەی‌کردو هەڕەشەی توندکرد داوای تۆڵەی دەکرد.
- هەواڵ هات ژن‌و کوڕەکانیان گیراون‌و مەترسی کوژرانیان هەبوو.
- لەسەر بەشکردن‌و بردنی سامانی ئەم بنەماڵەیە لەم گوندە، کوشتار لەنێوان چەکدارەکان پەیدابوو، ئاشکرایە حوسێن ئاغا یەکێك بوو لەدەوڵەمەندە گەورەکانی عێراق.
- وتیان چەند فەردە پارەی (٢٥)ی لەغوکراو لەم ناوە فڕێ درابوو.
- چەند ئۆتۆمبیل‌و چەك‌و پارەو سامانیان گەیشتە شەقلاوەو پیرمام.
- حیزبەکان بێجگە لەبزوتنەوەی ئیسلامی ناڕەزاییان ڕاگەیاند.
- بەگەڕانەوەی (زید) بۆ هەولێر دیدارو بەخێرهاتنەوەی زۆری کرا.
- لەدەرەوەی وڵات بروسکەی پرسەو ناڕەزایی زۆر ڕاگەیاندرا.
- لەمەد تیڤی، جەوهەری حوسێن ئاغا هێرشی توندی کردە سەر پارتی.
- پارتی لەسەر ئاستی بەرز دیداری لەگەڵ سەرۆك تیرەکانی سورچی کرد.
- ڕاستە حوسێن لەمێژبوو پیاوی ڕژێم بووو لەسەر بارزانیەکان دۆستایەتیان نەبوو، بەڵام پیاوێکی بێ‌وەی‌و

کاسب و دوورە کێشەبوو. زیاتر خەریکی پرۆژەی بازرگانی و ئەملاك بوو.

کوشتنی سەرۆك عەشیرەتێکی گەورەو ساماندارێکی زۆر لەوڵات و لەدەرەوەو برا گەورەی عومەر ئاغای سورچی و بیانوی (زید) ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی پارێزگاران و برا گەورەیان بەوەی هاوکاری یەکێتی کردووە، مەترسی شەڕی نواند، چەکداریی زۆر بۆوەو هەناسەی تۆڵەی زوو دەکرا، دەزگاکانی راگەیاندن زۆر لەبروسکەکان و کۆششەکان و ناڕەزایییەکان دەدوان.

دیارە پاش ئەو رووداوەکە پارتی پارێزگاران و بنەماڵەی حوسێن ئاغاو عومەر ئاغا بەئاشکرا هاتنە پاڵ یەکێتی و جوهەری کوری لەئامۆزاکانی نزیك خستەوەو کەم و زۆر دڵی سورچییەکانی ناو دەستەڵاتی پارتی و ناوچەکانی ئاکرێ و حەریرو خلیفان و هەولێری بەژانکردو گەر جوڵەشیان نەکردبێ، بەڵام هەر لایان خۆش نەبوو، چونکە حوسێن ئاغا سەرۆك عەشیرەتی سورچی بوو لەسنووری هەولێر. ئەوان دەیانویست هەرچەندی زووە یەکێتی هاوکارییان بکات و تۆڵە بکەنەوە، بەڵام یەکێتی هەواڵ و رووداوەکەی نەکردە بیانوی شەڕێکی‌تر و لەرۆژی ۸/۳۱و رۆژانی‌تر، پارتی پارێزگاران هاوشان و هاوسەنگەربوو لەگەڵ یەکێتی دژی پارتی.

۷ ـ گەشەی یەکگرتووی ئیسلامی:

بەپەیرەوکردنی سیاسەتێکی نەرم و دوورە چەك و دوورە ئاژاوەو بوونی پارەی زۆرو پێشکەشکردنی جۆرەها پرۆژەی خزمەتگوزاری و دروستکردنی مزگەوتی گەورەی (الصواف) و سەدان مزگەوتی بچوك لەگوندو شارۆچکەکان لەلایەن فریاکەوتنی ئیسلامی و نەخۆشخانەی تایبەت و ئیستگەیەکی چاك و تەلەفزیۆن و رۆژنامەی کوردی و

عەرەبی (یەکگرتوو)و ڕێکخراوەی جەماوەریی زۆر، ڕێگای خۆش کرد ئەم حزبە گەشە بکات و جەماوەری زۆری لێکۆبێتەوەو زۆرتر بچنە ناو توێژەکانی کۆمەڵ و ژیاندنی کادیرو دۆستەکانیان بەجۆرەها پرۆژەو موچەدان و دابەشکردنی جلی ئیسلامی ژنانەو موچەی هەتیوان، ڕەچاوی ئەوە دەکرا بێتە ڕیزی حزبە گەورەکان و لەهەڵبژاردنی داهاتووی کوردستان دەنگی زۆریان دەبێ و لەزۆر ناوچەش لەکۆنفرانسە هەرێمیەکان یەکەم دەنگیان هێناوە.

دیارە ئەم بەرنامەو پارە زۆرەی سەرفی دەکەن و پەیرەوکردنی پلانی نەرم و دانوستان و لەسەرخۆیی، کەسایەتی و دەزگای گەورەی لەپشتەو هاوکاریان زۆرە.

بەکارکردن و وتاری نەرم و بەرنامەی زۆریان بەشێکی فراوانی ژن و خوێندکارانی شاریان سەرپۆش کرد، هەروەها بنکەی گەورەو بچوکی فێرکردنی قورئانیان لەخوێندنگاو لەماڵان بۆ زارۆکان کردبۆوەو هەموو پێویستیەکانیان بۆ دابین دەکردن. هەروەها بواریان دەرەخساند کادیرو کەسانی دیندار کیژیان بەخۆڕایی بەشوو بدەن و داوای پارەو زێڕ نەکەن و ئەوەش بواری دەگونجاند پەرۆش و هاوڕێ ئەم حزب و بەرنامە زۆرتر بکات.

بێجگە لەوەش بێ هیوایی و درێژەی شەڕو برسیەتی و بڵاوبوونەوەی نەخۆشی و نەگەیشتنی دیدارەکانی هاوبەشی ئاشتی هەردوو حزب و ئاشکرانەبوونی بەرنامەی هاوپەیمانەکان و ئەمریکاو توندڕەوی بزوتنەوەی ئیسلامی و بەکارهێنانی چەك و خۆبەستنەوەیان بەسیاسەتی ئەقلیمی و ناوچەیی، جەماوەرەکەی زۆرتر بەرەو یەکگرتووی ئیسلامی ڕەواندەوە.

## زەردو سفرو فافۆن

شەقامی قەندیل و بەشێکی شێستمەتری نێوان مزگەوتی حاجی مراد تا نەخۆشخانەی کوردستانی تایبەت. مەڵبەندو جەرگەی بازاڕو فرۆشتن و بارکردن و کێشانی زەردو سفرو فافۆن بوو، دەفرۆشراو هەڵدەگیراو دەفرۆشرایەوەو دەڕۆیشت، دوکانی بچوک و مەخزەنی گەورەو قەپانی گەورەو بچوک و حەمباڵ و شوفێرو پاسەوان و کڕیارو فرۆشیارو پاسەوان و پارەگۆڕینەوەو تەلەفۆنکردن و نرخی دۆلارو بارکردن بوو.

بەشەوو بەڕۆژ لەم خاڵە بازرگانیە چەورو پیشە ئاسان و زەحمەت، ئاسان و خەتەر، لەناوەوەو دەرەوە، ئاپوورە بوو، لۆری باردەکرا، قەپان دەکرا، دەست و قەڵەم و حاسیبەو ژمارە نووسین و کیلۆ نووسین. هەزار سوێند دەخورا. زەردو سفرو فافۆن جۆری زۆر بوو. سنووری سێ حکومەتی دەبڕی، هەموویان دەناسی، کیمیاو تاقیگەو تاواندنەوە، لەسەرشەقام و لەناو مەخزەن و لەناو بۆدی لۆری بوو. دەستی کارو پارەو ئازایەتی، لەهەموو کارگەو بازاڕەکانی بەغداو موسڵ و ئەسکەندەریەو مەحمودیەو موسەیب و تاجی، بەتۆن و کیلۆو بەدزی و بەقاڵبی گچکەو گەورەو بەدزی و بەشاراوەیی و لەناو بۆدی و لەبن کوشن و دەرەزو بەپارەو رفاندن و چاوساغی گەورە ئەفسەران و حزبی و حکومی سنووری بەرتلەو شێراوەو لاجان و خازرو پیردواودیان دەبڕی و دەگەیشتە هەولێر. لۆریەکەو شۆفێرەکە ژیانیان لەخەتەربوو. لەهێڵە بەکەمینەکان و سێڕەی تفەنگ و بەشەوو بەخێرایی دەڕۆیشتن و دەردەچوون، بەوڵاخ و ئەسپ و کەسانی چەکدارو ئازایەتی بێوێنەو بەشەو دەچوون و باریان دەکردو دەگەڕانەوە. ئەم ئیشە، ئەم قازانجی، ژیانی خەڵکێکی زۆری دەخستە خەتەرو کوشتن و گرتنی ئەبەدی و ڕۆیشتنی سەرو سامان.

## بەغدا بۆ هەولێر

قالبە (مس و زەردو سفرو فافۆن)یان دەپەڕاندەوەو هاوبەش و هاوکارییان لەناو حکومەت و گوندە سنووریەکان هەبوو، کاروانی یەك لۆری زیاتر لەیەك ملیۆنی سویسری دەوەستا. زۆرجار شۆفێرەکە پارەی تەئمینی منالەکانی و بژێوی پێشینە وەردەگرێت، یان دەبوونە هاوبەش. شۆفێرێك بەتەنیاو ئەو بارە ترسناکەی هەڵدەگرت، زۆر رووی داوە کە ئاشکرابوو، بارەکەی جێهێشتووەو بەشەڕە تەقە وەك پاڵەوانی فیلمەکان رزگاربووەو گەڕاوەتەوە، یان کوژراوە.

ئەو مادانە، چەند جار دەفرۆشراوەو نرخی لەگەڵ دۆلار بوو، دەوڵەمەندی زۆری دروستکردو پارەی زۆری هێنا. زیان و گیران و حیجزو کوشتنی زۆریشی لەگەڵ بوو. کوورەی تاواندنەوە لەزۆر شوێنی لاچەپ و دوورو پارێزراو لەلایەن کەسانی دەستەڵاتدارو چەکدار، هەبوون. بەڵام دوایی قەدەغەکرا. بەبیانوی ئەوەی ئەوانەی تێلی کارەبا دەپچڕن و دەدزن بەم کورانە دەکرێنەوە قاڵب و زیان بەسامانی بەنرخی کارەبا دەگەیەنن. بۆیە بەتوندی قەدەغەکراو و قاڵب دروستکردن لەهەرێم نەماو قاڵبی دەستکردو تصنیع عسکری حکومی دزراو دەهات.

رۆژانە هەزارەها دەستفرۆش بەپیادەیی و بەکەرو عارەبانەو بەپیکاب دەگەڕان و کۆن و کەرت و پارچە مس و فافون و تێل و قاپ وقاچاغ و تێلی مزەخەی سوتاو و پارچەتێل و کەرەستەی ژیان لەگوند و شارو گەرەکەکانی هەولێر کۆدەکردەوەو بەکیلۆ دەیانکڕی و بەکیلۆش دەیانفرۆشتەوە، هەروەها سەدان مێردمناڵ و هەرزەکاری کەرکوکی و دانیشتووی ئۆردوگاکانی هەولێر لەخاڵی سنووری شێراوە بەدزی و بەئاشکراو بەکۆڵە پشت و لەناوبارو بەرفاندن و بەپاڕانەوەو بەئازایەتی، زەردو فافۆنیان دەهێناو لەم بازاڕە دەفرۆشرایەوە.

کڕینی زەرد بەنرخی زۆرو باش، زۆر کەرەستەی کۆن و دەگمەنیان کڕی و تاواندەوە وەك (مەشخەڵ و مەسینەو گوڵدان و تەشت...).

ڕۆژێکیان فڕۆکەیەکی عەسکەری هاوپەیمانی لەبەر هەڵەی هونەری لەئاقاری عەنکاوە کەوتە خوارەوە، لەبەرئەوەی هەیکەلی شکاوی فڕۆکەکە فافۆن و زەرد بوو، کەس بەوە رانەگەیشت هەیکەلی ببینن، هەر دووسێ سەعات، تەواوی هەیکەلەکەیان کێشایەوە، تەنیا شوێنەوارە رەشەکەی مابوو.

ڕۆژانەی بێ وەستان، هەمووی بار دەکراو گومرك دەکراو بەرەو خاڵە سنووریەکانی سلێمانی دەڕۆیشت و لەوێش بەلۆری ئێرانی کە ئێران بواری دەدا دەگەیشتە ناو ئێران و ئەم مادە سەرەکییانەو خاوێنەی بەهەزاران دەکڕی. گەر هەموو شت قەدەغەو تاوان بوو، ئەوا، زەردو مس و فافۆن ئازاد بوو بێتە ئێران.

ئەم کاسبیە، فرۆشتن و ناردنی ئەم مادانە گەرچی زۆر زیانی بەسامانی وڵات دەگەیاند بەتایبەتی ناوچەکانی حکومەتی عێراقی، بەڵام خەڵکێکی زۆری دەژیاندو سەرچاوەیەکی گرنگ و داهاتی گومرگ و حکومەت و خەڵکەکە بوو.

## نەفەقی هەولێر:

بەپێی ئەو نەخشەیەی ئەندازیاری بیناسازی (سەلاحەدین یاسین باپیر) بەناوی (باقی) بۆ ساحەی ریمان ئامادەی کردبوو، بەشی یەکەمی لەساڵی ١٩٩٣ تەواوبوو و هەر لەنەخشەکەدا دیارە کەساحەکە بەشەقامی شێستمەتری بەنەفەقێك لەژێر پردی سەیداوەو دووساید (چوون و هاتن) دەبەستێتەوەو بەشەقامێکی بەرین لەتەنیشت خوێندنگای هەژارو بەشەقامی ناوەندی

سەیداوەی ٢٠مەتری بەرامبەر خانوی پەرلەمانتارەکان دەگاتەوە شەقامی شێستمەتری.

ئۆفدای ئەمریکی و وەزارەتی دارایی حکومەتی هەرێم پارەیەکی زۆریان تەرخانکرد بۆ زێرابکردنی ئاوی سەیداوەی سەید بەهیە کەدەهاتەوە ساحەکەو هەروەها ئاوی سەیداوە دەهاتەوە ژێر پردی سەیداوەش کێشەیەکی گەورەبوون بۆ تەواوکردنی نەفەقی ژێر پردی سەیداوە، بۆیە شارەوانی لەسەر ئەرکی خۆیو بودجەیەکی وەزارەتی دارایی و ئابووری توانی زێرابەکانی ژێر پردی سەیداوە تەواوبکات کە کارێکی زۆر زەحمەت بوون؛ چونکە ئاوەکەی زۆربوو و خاکەکەشی نەرمو شوێنەکەش تەسك، بەلام توانرا بەئەرکێکی زەحمەت زێرابەکان دروست بکرێتو رێکخراوەکانی یوئێن هەندێ چیمەنتۆو ئاسنیان دابینکردو ئیشەکە تەواوبوو و ئاوی سەیداوەی سەید بەهیەو ئاوی ژێر پردی سەیداوە بچێتە ناو زێرابی سەرگیراوەی پوختو ناوچەکە بەبارینی بارانی زۆریش ئاوی لێ‌کۆنەدەبۆوە، واتە رووبەری پێویست بۆ تەواوکردنی شەقامەکەو لەژێر پردەکە ئامادەبوو توانرا بەمەکائینی شارەوانیو لەسەر ئەرکی خۆیان بەشێکی زۆری شەقامەکە تەواوو ئامادەی بکەن بۆ قیرتاوکردنو پێوانی پێویست کرا بۆ ئامادەکردنی نەخشەیەکی کەرتی بۆ گۆرەپانی تەنیشت کۆنە گومرکی سەوزەی کۆن.

دیارە تەواوکردنی ساحەی ریمانو دروستکردنی چەند زێراب لەم ساحە گەورەیە خەونی لەمێژینەی شارەوانی هەولێر بووو کارێکی شارستانیو پێویست بوو زۆرجار باسی لێوەدەکراو بریاردرا کەکارێکی زەحمەتەو ناتوانرێت ئەنجام بدرێت، بەلام خۆش بەختانە بەهاوکاری رێکخراوە خێرخوازەکانو دلسۆزانی کارمەندانی حکومەتی هەرێمی کوردستان تەواوکراو چاوەروان دەکرا پرۆژەکە

تەواوبکرێت، بەڵام شەڕەکانو داهاتی کەمی حکومەت پڕۆژەکەی دواخست.

## مەڵبەندی رۆشنبیریو کەلتووری لەدیوەخانی رەشید ئاغای لەقەڵات

لەژێر چاودێری سەرۆکی حکومەتو بەئامادەبوونی جەماوەرێکی زۆر، لەئێوارەی ١٩٩٦/٨/٢٨ دیوەخانی رەشید ئاغا لەقەڵاتی هەولێر وەك مەڵبەندێکی رۆشنبیریو کۆمەڵایەتی کرایەوە. چەند ژوورو هەیوانو حەوشەیەکی بەنافووره بووه، دەستەی فریاکەوتن قەڵاتی هەولێری نوێ کردبۆوەو دەستی هونەریو جوانکاری لێ بەدی دەکراو بڕیاریش بوو، وەك چێشتخانەیەکی میللیو دیداری فۆلکلۆریو دانیشتنی تایبەتی بەکاربێت، سەکۆی دانیشتوانو جەڕەو کوپەی کۆنو کەرەستەی خوانو ئامادەکردنی کۆنی کوردەواری نان خواردنو دانیشتنی لێدانرابوو، ئامێری مۆسیقای کۆنی بۆ دانرابوو، هونەرمەندانی شاری هەولێر هەندێکیان دەستنیشانکرابوون ئاهەنگی شەوانەی لێبکەنو کەشێکی کوردەواریی دروست بکەن.

خواردنو دانیشتن بەپارەیەکی رەمزی دەبوو و ناونووسینو ژوان تۆمارکردن دانرابوو بۆ گەرمکردنی دیوەخانێكو شەوچەرەی تایبەتو نوێکردنەوەی دیوەخانو خواردنی میللی.

لەم ئێوارەدا هونەرمەند محمد احمد اربیلیو عارەب عوسمان، چەند گۆرانی میللی کوردیان وتو دانیشتنەکەیان گەرم کرد. لەدیدارەکەدا، سەرۆکی حکومەت لەوتەیەکی کورتدا، پیرۆزبایی کردنەوەی دیوەخانەکەی کردو وتی پارتیو رژێم هێز کۆدەکەنەوە بۆ هێرشو پەلاماری هەولێر، بەڵام ئێمەو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لەسەنگەردایinو بەرگری دەکەینو

## بەغدا بۆ هەولێر

هاوپەیمانەکان بەڵێنیان داوە هاوکاریمان بکەن. ئەم دیدارو وتەی کۆسرەت رسول عەلی لەم بۆنەیەدا دوا دیداری جەماوەری بوو و کارەساتی ٣١ی ئابی بەسەرداهات و دیوەخانەکەش تالانکراو ئاکارە جوانەکان و کەرەستەکان هەمووی دزران و خانووە کۆنەکانی تری قەلات کە تازە نوێکرابوونەوە گشتیان بەبۆمبارانکردنی زۆری قەلات و هێزی ئار ئار فەوتان.

### دامەزراندنی هەزارەها فەرمانبەر:

جاران وەزیفەکانی دەزگاکانی حکومەتی هەرێم و پڕکردنەوەیان ٥٠ بە ٥٠بوو، بۆ دامەزراندنی کارمەندان رەچاوی ئەم خاڵە دەکرا. هەردوو حزب تەزکیە دەستنیشانیان دەدا. بەنەمانی پارتی لەهەولێر، یەکێتی زوو هەندێ گۆڕینیکردو شوێنە چۆڵەکانی پارتی پڕکردەوە، دەستی لەزانکۆو دادگا نەدا. ماوەیەك دامەزراندن کەم بوو، بەلام! لە مانگی حوزەیران و تەمموزی ١٩٩٦ هەزارەها کەسی خاوەن بڕوانامەی ناوەندی و ئامادەیی و پیشەیی و زانکۆیی و مامۆستای دامەزراند، زۆربەیان رەوانەی وەزارەتی پەروەردەو وەزارەتی دارایی و ئابووری و دەزگاکانی کرد، مامۆستایانی زۆر ناوشاریان بەرکەوت، نوسەرو کارمەندی زۆر رەوانەی خوێندگاکان کرد. هەر لیستەیەك ٢٠٠ ـ ٣٠٠ کەس دەبوو، رەچاوی تەزکیەو حزبایەتی نەدەکرا، دامەزراندنی بەداوایەك دەبوو و چاوەڕوانی نەدەویست و خێرا رەزامەندیەکان تەواو دەبوون، موچەکەشیان بەپێی بڕوانامەبوون. ئەو دەزگایانەی کە فەرمانبەرەکانیان بۆ رەوانە دەکرا، زۆربەیان ئیشیان پێیان نەبووو هەر بۆ دامەزراندن و مووچە وەرگرتن بووو بەس.

## دابەشکردنی زەویی شارەوانی

سەرۆکی حکومەت بەپێی دەستەڵاتی خۆی، رۆژانە چەند لیستی شەهیدانو کەم ئەندامو پێشمەرگەو ئاسایشو کەسایەتی حزبیو وەزیرەکانیش دەنارده شارەوانی، هەزارەها ناو کۆکرایەوە، لیست زۆر هات! داواو تکاو پسولەی تایبەتو چاوپۆشینو سەرپێچیش پەیدابوو، نرخەکەی بەنرخی مەرکەزی بوو بۆ شەهیدان بەخۆڕایی بوو. پارچە زەوی زۆر دابەشکرا. هەروەها مامۆستایانی زانکۆو دادوەرو پزیشکانو هونەرمەندانو مامۆستایانی ئاینیش ناویان هاتە شارەوانی، شوێنی چاکو زەوی موتەمەییز دابەشکرا، جارجاریش زەوی بازرگانیشی دەگرتەوە. چەندین نەخشەی کەرتی تازە دانرا زەوی زۆر ئیفرازو تۆمار کرا. لەهەموو نەخشەکانی شار، هەرچی پارچە زەوی لاچەپو قوولّو خراپو دووریش دەڕۆیشت، کە زەویەکان تازە دابەشکرابوون پارەی چاکیکرد، کە زۆر بوو نەفرۆشران، ئەوەش لەبەر کەم دروستکردنو راگەیاندنی پارتی کەشەرعی نییەو هاتنەوەی حکومەتو نەکرینی موڵک لەلایەن ئەوانەی لەدەرەوە دەگەڕانەوە، ئەوەش واتە ئەو چەند هەزار پارچە زەویەی دابەشکرا پارەیەکی چاک وەك داهات گەیشتە بودجەی شارەوانیو باجەکانیو تاپۆ. هەروەها بەرەڵلاییو سەرپێچیو ناقانونیش رووی دەداو خزم خزمانیو پارەش هەبوو.

## خاچو ماروڕۆژمێری شاعیرێ

هەردوو ئێوارەی ١٥،١٤/٨/١٩٩٦، شاعیری گەورەی کورد (شێرکۆ بێکەس) نزیکەی شەش سەعاتو لەدوو ئێوارە کۆڕدا، دوو ئێوارە مێژووو وژانو وشەو هێمنیو بوێری لەهۆڵی میدیا سازکرد. بەمۆسیقایەکی هێمن شاعیر

خاتوو (دڵسۆز حەمە) بەخێرهاتنی میوانەکان و شاعیری کرد. شێرکۆ بێکەس، بەشی یەکەمی لەدیداری ئێوارەی یەکەم و بەئامادەبوونی گەورە لێپرسراوانی حکومی و حزبی و رۆشنبیران و عاشقانی شیعر خوێندەوە، بەشی دووەمیش، واتە تەواوکەری شیعرەکەی لەرۆژی دووەمی دیدارەکە خوێندەوە.

بەم دوو رۆژە، بەخوێندنەوەیەکی بەتوانایانە شیعرێکی درێژو گەورەی خوێندەوە، لەم دوو ئێوارەیەدا، هۆڵی میدیا هێمن بوو، وشەو راز و خۆشەویستی و راستی و رووداوەکانی نزیکەی سەدەیەک لەمێژوو و کارەسات و خوێن و ژوان و خیانەت و سەروەری تا دوای ژانی شەڕی ناوخۆو برسیەتی و غافڵکوژی خوێندەوە. ئازایانە وتی، جوان وتی بەمێژووی وت، باسی خۆی‌کرد، باسی کوردی کرد. شیعرەکە لەوڵاتی سوید نوسرابوو لەسلێمانی و کۆیەش خوێندرایەوە، ئەوە دووەم جارە کەشێرکۆ بێکەس لەدەرەوە دەگەڕێتەوە شیعری درێژو گەورە پێشکەش دەکات. گەشتی یەکەمی (دەربەندی پەپوولەی) خوێندەوە.

## سەیرانەکانی سەید عوزێر

لەیادی راپەڕین و رزگارکردنی هەولێر لەبەعس و دەزگاکانی داپڵۆسین، جەماوەرێکی زۆر بەرێپێوان و ئامادەیی و یاد لەنیوەڕۆی ١٩٩٦/٣/١١ لەپێش پارێزگا کۆبوونەوە، سەرۆکی حکومەت باسی بیرەوەری راپەڕین و ژانی شەڕی ناوخۆو هیوای ئاشتی کرد، رایگەیاند کەبڕیاردراوە، یادو جەژن و سەیران و بیرەوەری نەورۆزی ئیمساڵ سێ رۆژ بێ، ئەم سێ رۆژەش پشودان دەبێ، بۆیە یادی راپەڕین و نەورۆز گەرم بوو، بەڵام شارێکی سەرژمێر یەک ملیۆنی، ئەم بەهارە روو لەکوێ بکەن؟ چۆن یادی بەهارو راپەڕین لەکوێ بکەن، چونکە بەهاران، خەڵک

شەیدای سەیرانەو حەز بەدەرچوون و دوورکەوتنەوە لەشار دەکات، دوو سەیرانگە هەیە، ڕێگای شاوێس هەتا بەستۆرەو لەوێش ڕێگای هەنارەو بۆ دلۆپەو کەسنەزان، دوو ڕێگای سەرەکی ڕێگای پشکنین بوو، بۆیە نەورۆزی ئیمساڵ لە(سید عوزێرو بێستانە)و گوندەکانی دووڕیانی بێستانە. سید عوزێر بەرەو قەشقەو دێگەڵە بوو. پاش نەورۆز هەفتانە لەڕۆژانی هەینی هەزارەها ئۆتۆمبێل بۆ قوشتەپە. گردمەلا. بێستانە. سەید عوزیر دەرۆیشت، لەم دەشتە سەوزە بەئاوە دەرۆیشتن و شایی و گۆشتبرژاندن و خواردنەوەو یاری و کەنگرکردن و مەلەوانی و بازبازێ و خواردن دەکرا. تا ئێوارەیەکی درەنگ سەیران و کاروانی ئاوازو شادومانی بەردەوام دەبوو. دەزگاکانی حکومەت و خوێندنگاکان و کۆلیژەکان و ڕێکخراوەکان بەزۆری دەهاتن. وەزارەتەکان بۆ دەزگاکانیان پارەی پاس و خواردنیان دابیندەکردو ئەوەش هاندەرێکی زۆر بوو بۆ هاتنە دەرەوەی خەڵکێکی زۆر لەبەهارو گەشتی ئیمساڵ، ڕۆژانی هەینی سەدان ریمی گەورەو بچوك، خوێندکارو فەرمانبەرو کرێکارو گەشتی خێزانی تایبەتی دەگەیاندە ئەم دەشتە جوانە. ئەوەی زۆرتر گەشتەکانی بەجۆشترو شاییەکانی گەورەترو رەشبەڵەکەکانی گەرمترو زورنای بەدەنگترو شاباش زۆرتر دەکرد بەشداری بەرپرسانی گەورەی حزبی و حکومەتی بوون، دەهاتنە شایی و سەردانیان دەکردو دەزگاکانی راگەیاندن دانیشتوان و شاییەکانیش وێنە دەگرت. بەهاری ١٩٩٦، موژدەی هەرزانی و دابەزینی نرخی دۆلارو چاوەڕوانی وەرگرتنی ئەرزاق و هەرزانی بەنزین و کەمبوونی دزی و رفاندنی سەیارەو کەمی تەقە بوو. دیارە مەزاری سەید عوزێر فراوانی ناوچەکەو جوانی بەهارەکە، کاروانی سەیرانی بەجۆشتر دەکردو هەروەها یەکەمین جاری هاتنی هاوڵاتیان بۆ ئەم ناوچەیەو ئارەزووی دیتنی و

ئەم ناوچە جوانەش هاندەر بوون بۆ زۆرترو گەرمتری سەیرانەکان بوو.

## موچەو گومرگ

سەرچاوەی داهاتی حکومەتی هەرێم گومرگ بوو، لەناو هەرێم و بۆ دەرەوەی هەرێم و بۆ ناوچەکانی زەرد گومرك وەردەگیرا، لەباشماخ و قەڵادزەو سەرتەك خاڵی سەرەکی دیوی ئێران بوون و لەکانی قرژاڵەو قوشتەپەو شاوێس گومرك و اجور کشف وەردەگیرا. لەخواردەمەنی و سوتەمەنی گومرگ وەرنەدەگیرا، قوماش و پێویستی ژنان لەئێران دەهات و بۆ ناوچەکانی حکومەت دەڕۆیشت، سێوو هەنارو خواردەمەنی‌تر دەهات و ئاژەڵ دەڕۆیشت، دیارە موچەخۆری حکومی و حزبی و هێزی زۆری چەکداریان مووچەیەکی زۆری دەویست. مانگانە (بێ زیادەی پەرلەمان) موچەی مامۆستایان دەدرا، پۆلیس و ئاسایش موچەیان زۆرتر بوو، دوو مووچەو دوو شوێن پارە وەرگرتن هەبوو، زانکۆی سەلاحەدین پارتی مانگانەی دۆلاری دەداو یەکێتیش دینارەکەی دەدا، هەرجارێ یەکێکیان دوای دەخست، خوێندکارانی زانکۆ مانگانەیەکی رەمزییان هەبوو. دەرماڵەو ئیشی پاش دەوام هەبوو، زۆر دائیرەش هەبوو بەواریداتی خۆیان موچەیان دابین دەکرد وەك (باجی داهات، باجی عەقار، تاپۆ، دادگا، چاپخانەکان، کارگەکان) کەفەرمانبەریان کەم بوو. ئەرکی زۆر بۆ موچەدان (هیئەی کشتوکاڵ و شارەوانی، پۆلیس، ئاسایش، مامۆستایان، تەندروستی) کەفەرمانبەریان زۆر بوون و زۆریش ئیش‌وکاریان نەبوو، خانە نشینەکانی هەرێم ئەوانەی پاش دامەزراندنی حکومەتی هەرێم خانەنشین کرابوون، کەسوکاری شەهیدان موچەیان زۆر رێك‌وپێك نەبوو، زۆرجار مووچە یەك دوومانگ دوا

دەکەوت؛ کەداهاتیش زیادی دەکرد، یەك دوو سێ موچە بەجارێك دەدرا. گلەیی و سەرگرانی هەبوو، ئازایەتی ژمێریارو بەرێوەبەری دەزگاکەش دەوری هەبوو نۆرەبڕی بکات، بێجگە لەوەی موچەکە دوادەکەوت زۆر کەم بوو، بۆیە زۆری فەرمانبەران ئیشی تریان دەکرد، یان کەم دەوامیان دەکرد، دانی مۆڵەت ئاسان و زۆربوو بەتایبەتی ((بێموچە))، بەڵام هەرچۆنی بوو بێت، ناوچەکانی یەکێتی زۆرترو زووتر موچەی دابەش دەکرا، جا بۆ ئەوەیان وابوو ئەوە روون و ئاشکرا نەبوو.

هەروەها رێکخراوە پیشەییەکانی سەر بەیەکێتی خوێندکاران و لیژنەی ئۆلۆمپی و کۆمەڵایەتی و راگەیاندن و دەستەڵاتی خۆیان لەبارەگاکان، پارەیەکی زۆری لێ سەرف دەکرا، بەتایبەتی دەزگای راگەیاندن، بەپێی وارداتیان پارەی زۆر بۆ راگەیاندن تەرخان کرا، هەروەها حزبە کوردستانیەکان و رێکخراوە پیشەییەکان و جەماوەریەکان و رۆشنبیرییەکان مانگانەیان هەبوو، دابینکردن و پەیداکردنی پارەی موچەش دیارە بەکۆنترۆڵی گومرگ و خاڵ و بازگەکان بوو، لەلایەن بەرپرسە حزبیەکان ورد چاودێری دەکراو دەستەڵاتی پارەش زۆری لەبەردەستی سەرۆکی حکومەت و سکرتاریەتی مام جەلال بوو.

## قەڵای راپەڕین

قەڵای راپەڕین، قەدو باڵای هەژدە مەتر بەرزەو رووبەرەکەی سەرەوەی بەرینەو دەڕوانێتە قەڵای هەولێر. ئەو سونبول و هێمایەکەو لەناو کەلاوەو پاشماوەکانی سەربازگە (ئوردوی) هەولێر دروستکراوە، بەرزکراوەتەوە، تەماشای قەڵای مێژووو کۆن دەکات، هەردووکیان قسەیان هەیە، هەردوکیان رازیان زۆرە! ئێوارەیەو شەماڵێکی فێنك شەو و خەون و ژانی قەڵای راپەڕین، بەدیوارو نەخش و

## بەغدا بۆ هەولێر

مێردڕەوەو کەڕپووچەکان ئاشنا دەکات! ئەویش لەمێژە مەستو هوشیارو زامدارو چاپوکەو زۆرزانەو هەر قەڵایە. بەنازەوە تەماشای شکۆو باڵای دەکات، سوپاسی ئاڕاستەی دۆستی ماندووو هزرو پیرۆزیی چاوکراوەیی و نەخشەی وردو زانستی نوێ دەکات. دەنوسێتەوەو هێڵەکان دیارنو ماونو نەفەوتاون.

ئیمڕۆ جوان دەخوێندرێتەوە، کرێکارو ئامێرەکانو هزری ئەندازیاری نوسیویەتی. دەخوێندرێتەوەو رەشنووسو وێنەو نەخشەو بیرەوەریو وردە هەواڵو ریپۆرتاژی نوسراوو وێنەی گیراوو هەڵگیراوو لەبەرکراو و ماوون! نوسراوە، وا نوسراوە، لەسەردەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، من بەدەستی خوشکانو کوڕانی کوڕە حەیرانو چاوی گوڵە گەنمو برۆی گوڵو ئاوێنەی کانیو نەبەردیو وەفاو خزمەتکردن دروستکراوم، لەپاش راپەڕینو پاش نەمانی بەعسو دوژمن دروستکرام. لەمێژبو، چاوەڕوانی بەژنی بەرز بووم، چاوەڕوانی ئامێزێکی گەرمو نوسینەوەی تۆڵەو تۆماری ئازایەتیو بە بیرهێنانەوەی سەروەریو قوربانیو خوێن بووم. ئیمڕۆ قەڵای هەولێر پێدەکەنێو کەروێشکەی گەنمو زادەی گوڵەکان، شایی سەربەرزم بۆ دەکەن..

لەمێژە پیرە قەڵاتی هەولێر دەڵێو هاوار دەکات، ئەگەر دوێنێ قەڵەمو هزرو مرۆ نەیتوانی، دوێنێو خەباتو رۆژگارەکانم، بنوسرێتەوە. ئەگەر باران تەختە مسمارییەکانی تاواندەوەو بزمارە پیتەکانی ژەنگیان هەڵهێناو لەبن پێو سمی سوارەکانی فارسو ئەسپی تینووی عەرەبو فیلی ئەسکەندەرو تەوژمی شیری مەغۆڵو چڵکی تورك سڕانەوە. ئێوە، مێژووتان، دێروکتان، رۆژگارەکانتان، سەروەریەکانتان بنوسرێتەوە. لەسینگی هەولێر رێزی کەن، لەبەرامبەر من وەك شاهیدو پاسەوان

دەفتەری قوربانی و سەوزایی هاتن، با دیاربێ، با لەبیرتان نەچێ، قەڵاتی هەولێر هەر دەیووت... بنوسنەوە!

کە حکومەتی هەرێمی کوردستان راگەیاندرا، وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، ئەرکێکی قورس و زۆری لەسەرشان بوو، لەهەموو بوارەکانی خزمەتگوزاری سەرقاڵ بوو، کارمەندەکان لەبواری نەخشەسازی و پێداچوونەوە بەنەخشەی بنەڕەتی شارەکان بەرنامەی چڕو ئیشیان زۆربوو، دەبوایە بۆ هەموو شارەکان، بۆ هەموو نەخشەکان، بۆ بڕیارەکان، بۆچوونە نەخشەسازییەکان، ئاماژە کۆنەکان، پێوانەکان، بەرنامەکان، پێویستییەکان، دەبێ پاکژبکرێتەوەو وردبوونەوەو نوێکردنەوە هەبێت.ئەوەی کۆن بوو، پێویست بوو نوێ بکرێتەوە، ئەوەی کەلاوە بوو نەخشەو هێڵ و بەرنامەی تازەی دەویست و دەبوایە لەسەر واقیعی ئیمڕۆ بن. ئەوەی سڕکرابوو، ئەوەی قەدەغەکرا بوو.. بەهەرحاڵ وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی نەخشەسازی کەوتەخۆ بۆ پێداچوونەوەو گەشەپێدانی نەخشەکان و دانانی پلان و بەرنامەو شێوەی تازە، بەمەرجێك لەگەڵ رۆژگارو گوزەران و دیتنی وەزعەکە بگونجێت.

ئەو خاڵەی ئێمە دەمانەوێت ئاماژەی پێبدەین و باسی لێوەبکەین، سەربازگە کۆنەکانی شارەکان بوو. شوێنی کەلاوەی فرقەو فەیلەق و مەشجەب و تۆپخانەکان بوو کەراپەڕین رۆژانی نێوان راپەڕین و بێ یاسایی هەموویانی رووخاندو رق و تۆڵەی جەماوەرو نەبوونی دەستەڵاتیك بۆ پاراستنی ئەو شوێنانە، لەئەنجامدا لەناو نەخشەکان و لەدامێن و جەرگەی شارەکان کەلاوەی ئۆردی دروستبوون.

لەشاری هەولێر، نەخشەی شارەکە، بەئۆردوی هەولێر بەشێکی فراوانی کەرتکرابوو، نەخشەکە دڵ بوو، پارچەیەکی قرتێندرابوو، سێوێك بوو گەزەی دوژمن پارچەیەکی خواردبووو کرابووە سەربازگەو سەربازگەیەکی

گەورەو پان و بەرین، سەربازگەی سەردەمی پاشایەتی و بەعس، سەربازگەیەك نزیك شارو سەربازگەیەك هێڵە بازنەیەکانی شاری قرتاندبوو، بۆیە لەنەخشەی بنەڕەتی دەستکاری کراوە هەولێر، سەربازگەکە کرایە ناوچەیەکی سەوزایی و سەنتەرەکەشی رووبەرێکی بۆ پەیکەری شەهید دانرا. هەروەها کۆنە (حامیە)ی سلێمانی و سەربازگەی دهۆك، شوێنەکانیان، رووبەرەکانیان تاییەتکرا بەناوچەی سەوزایی و گەشتوگوزارو بەرنامەشیان هەبوو بۆ شارۆچکەکانیش هەمان نەخشە سازبکرێت.

بۆ جێبەجێکردنی نەخشەیەکی بنەڕەتی تازە بۆ شاری هەولێرو بەمەرجێك رووبەری ئوردوگای هەولێر بگرێتەوە، ئیشێکی زۆری لەسەرکرا، ماوەیەکی درێژ، چەند ئەندازیاری بیناسازی و لێزان لەبواری نەخشەسازی و هاتوچۆو رێگاوبان و ئابووری و گەشتوگوزار ئیشی بەردەوامیان حەسانەوەو گەشتوگوزار وەك ناوچەیەکی کراوەو پێویست بۆ شارەکە. چونکە چڕی دانیشتووانی و بوونی ناوچەیەکی سەوزایی لەشوێنی سەربازگە، نیشانەی سەرکەوتن و راپەڕین بوو، کردنی ئەم شوێنە، مەڵبەندی داگیرکردن و داپلۆسین و فرگەو بارەگای ئیستخبارات و بنکەی مەشق و راهێنانی سەربازی و جبەخانەی (رەشکێن)ی گەورە، بەشوێنی گوڵ و جوانی و سەوزایی و حەسانەوەو یاریگەی منالان و مەلەوانگەو سەنتەرەکەی هێمای قوربانی و تاوانی ئەوان و خوێنی رژێمی میللەت بێ.

بەڵێ پێش شەڕی ناوخۆ، ئەم بەرنامە دارێژراو ئیشی بۆکراو نەخشەکە پەسەندکراو لەلایەن وەزارەتی شارەوانی و ئەنجوومەنی شارەوانی هەولێر رەزامەندی پەسەندکردنی دراو کەوتە کار. پاش پەسەندکردنی نەخشەکە وەك یاسایەك بووە بەرنامەو پێوان و دەبوایە پەیرەو بکرێت.

## شێرزاد هەینی

لەدیوانی سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێرو بەئامادەبوونی چەند ئەندازیاری بیناسازیو شارستانیو پسپۆران لەبواری هونەریو نەخشەسازیو ئەندامانی ئەنجومەنی شارەوانیو دەزگاکانی راگەیاندنی شار یەکەم دانیشتنی جێبەجێکردنی پرۆژەکەو نەخشەی (پارکی هەولێر) لە١٩٩٥/١٠/٣٠ سازکرا. دیارە بەشی سەوزایی نەخشەی شاری هەولێر، لەشوێن ئۆردوی هەولێر کرا بە پارکی هەولێر، جا بۆ ئەوەی پرۆژەکە جێبەجێبکرێت، دەبوایە زۆرترین نەخشەو دیدارو بۆچوون سازو راڤەو زانستیانە شرۆڤە بکرێت، یەکەم دانیشتنی هونەریو ئەندازیاری سازکراو هەنگاو هاویشترا بۆ مەبەستی جێبەجێکردنی پرۆژەی پارکی هەولێر لەسەر رووبەرێکی فراوانی سەوزایی نەخشەی بنەڕەتی هەولێر، ئامادەبووان زیاتر لەسێ سەعات شرۆڤەو بۆچوونو پێشنیاریان تۆمارکرد، هەموو بۆچوونەکان لەسەر ئەوە گەلاڵەبوو، کەبۆ ناوچە سەوزاییەکە دەبێ دەستوبردیی بکرێت بۆ دانانی نەخشەی کەرتی، یان نەخشەی بنەڕەتی پارکی هەولێرو پەسەندبکرێو بکرێتە سەرچاوە بۆ ئیش، بۆیە پێشنیارکرا ئەم پرۆژەیە نەخشەیەکی بەپێشبڕکێیەکی هونەری بۆ ئامادەبکرێت، نەخشەی یەکەم لەلایەن سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر پەسەندو جێبەجێبکرێتو بەردی بناغەی پرۆژەکە دابنرێت، دیارە دڵنیاییو بڕوابوون بەهەبوونی کارمەندی پسپۆر لەبواری نەخشەسازیو ئەندازیاری لێهاتوو لەکوردستان، هاندەربوو بۆ پێشنیارکردنی نەخشەی ئەم پرۆژە گەورەو یەکەمە. دەستەی هونەریو بەشی نەخشەسازی شارەوانی و بەشی راگەیاندنو دارایی بۆ ئەم کارە کەوتنەکارو لیژنەیەکیان بۆ مەبەستی ئامادەکردنی نەخشەی ((پرۆژەی پارکی هەولێر)) داناو بڵاوکرایەوە کەنەخشەیەك سازدەکرێتو خەڵاتیش ئامادەکراوە، خەڵات بۆ خاوەن پرۆژەی یەکەمو

دووەم و سێیەمیش ئامادەکرا، پاش گفتوگۆ و پێشنیار لەدانیشتنەکەدا بڕیاردرا، ئاگاداری لەدەزگاکانی ڕاگەیاندنی هەرێم بڵاوبکرێتەوە بۆ پێشکەشکردنی نەخشەو مۆدیل و بنچینەکان و مەرجەکانیشی ئاشکراکراو دواڕۆژیش بۆ وەرگرتنی نموونەکان دیارکرا.

لە کۆبوونەوەیەکی داخراو بەئامادەبوونی لیژنەی پسپۆڕ لە١٩٩٥/١٢/٦ دەستنیشانی نەخشەی یەکەم و نەخشەی دووەم و نەخشەی سێیەم بۆ پارکی هەولێرکراو خەڵاتی یەکەم بەر چوار ئەندازیاری بیناسازی وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار کەوت و خەڵاتی دووەمیش بەر ئەندازیاری بیناسازی (سەلاحەدین یاسین باپیر) و خەڵاتی سێیەمیش بەر ئەندازیاری بیناسازی و شاعیر خاتوو (دڵسۆز حەمە) کەوت و ناوەکانیان ئاشکرا کراو نەخشەی یەکەم لەلایەن ئەنجومەنی شارەوانی هەولێر بڕیاری لەسەردراو پەسەندکراو ڕەزامەندی ئوسوڵی لەسەر وەرگیرا بۆ جێبەجێکردنی.

نەخشەکان ڕەچاوی بنچینەیی ئەندازیاری و فراوانی ناوچەی سەوزایی و گۆلی ئاوی جوان و سەیرانگەی منداڵان و مۆزەخانەو مەلەوانگەو بواری تری حەسانەوەو ژینگە جوانکردن کرابوو. هەروەها بایەخیان بەلایەنی کەم مەسرەفی و بواری تری حەسانەوەو خێرایی جێبەجێکردنیشی درابوو، هەروەها ڕەچاوی باری کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری شارەکەو هەرێم و حکومەتی هەرێم و دارایی حکومەتیش کرابوو. هەواڵ و گفتوگۆ بنچینەی نەخشەکان بەوردی و بەچڕی لەدەزگاکانی ڕاگەیاندن باسکراو سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر لەکۆڕێکی ڕۆژنامەگەرییدا بەتێروتەسەلی لەپرۆژەکە دواو ئامادەکردن و مژدەی جێبەجێکردنی و زانیاری لەسەر ئەم پرۆژەیە ڕاگەیاندراو هەواڵەکە لەلایەن هاوڵاتیان بەدڵشادی و هیوای شارستانی پێشوازی لێکرا، هەروەها

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان خاوەن نەخشەی یەکەمی پڕۆژەکەی خەڵات کردو پێشوازی گەرمی کردن.

## بەردی بناغەی پارکی هەولێر

کاتژمێر ١٠ی بەیانی رۆژی شەممەی رێکەوتی ١٩٩٦/١/١٣ بەئامادەبوونی گەورە لێپرسراوانی حکومەتی هەرێم و جەماوەرێکی زۆری هەولێر، سەرۆکی حکومەت، بەردی بناغەی ((پارکی هەولێر))ی دانا. دانانی بەردی بناغەی پڕۆژەیەکی گەورەی وا لەشاری هەولێر لەپاش راپەڕین یەکەمین دانانی بەردی بناغە بوو بۆ پڕۆژەی خزمەتگوزاری.

خوالێخۆشبوو (هادی چاوشلی) لەجیاتی دانیشتوانی هەولێر وتەیەکی کورتی پێشکەشکردو دڵشادیی و سوپاسی راگەیاند، لەگەڵ دانانی بەردی پڕۆژەکە رۆژنامەی (الاتحاد)ی ئەم رۆژەو رۆژنامەی کوردستانی نوێ رۆژی ١٩٩٦/١/١٢و بڕێ پارەی کاغەزو ئاسنیان لەناو لوولە ئەلەمنیۆمەکە داناو دوایی لەجیاتی ئەندازیارەکانی نەخشەی پارکی هەولێر ئەندازیار ((رێزان سەراج)) بۆ ئامادەبووان لەنەخشەکە دوا.

لەسەر شەقامی شێستمەتری لەناو کەلاوەکانی سەربازگەی هەولێر بەردی بناغەی پڕۆژەی پارکی هەولێر لەلایەن سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان دانراو ئەم ئەرکە گەورەیە، ئەرکی دروستکردنی پارکی هەولێر بەدرێژایی ١،٥ کیلۆمەترو پانی یەك کیلۆمەتر کەوتە سەرشانی شارەوانی هەولێرو هاوڵاتیان بەکڵۆفەوە چاوەڕوان بوو.

رۆژی ١٩٩٦/٣/٣١و لەیادی کۆچ رەوەکەو لەیادی هێرشی رژێم بۆ گرتنەوەی هەولێرو شکانی راپەڕین، سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر رایگەیاند کەپڕۆژەی پارکی

هەولێر، یەکەم قۆناغی دەست پێدەکات، ئەویش پاککردنەوەی رووبەری پارکەکە لەپاشماوەو کەلاوەی بینایە رووخاوەکانی سەربازگەو دوورخستنەوەیان، جا بۆ سەرفکردنی کەمترین پارەو بۆ خێرایی پاککردنەوەکە بڕیاردرا، پێشنیاری ئەنجومەنی وەزیران جێبەجێبکرێت بۆ دروستکردنی قەڵایەك بەم کەلاوەو پاشماوە زۆرانەی کەمەزەندە دەکرا یەك ملیۆن تۆن بێت، بەتایبەتی ئەوانەی لەسەر شەقامی شێستمەتری بەرامبەر پەرلەمان بوون و دیمەنی ناشیرینی نیشان دەدا. بۆیە لەم رۆژەداو لەیادی ئەم رۆژەی یەك ملیۆن مرۆڤ، پیرو منداڵ، ژن و پیاو بەئۆتۆمبیلی گەورەو گچکە، بەلۆری و پاس، بەپاسکیل و عارەبانەو قەرەوێڵەی خەستەخانە، ئەوەی دەڕۆیشت، ئەوەی تایەی هەبوو، ئەوەی کەڵکی پاڵدان و غلۆربوونەوەی هەبوو، ئەوەی ساغ بوو، ئەوەی کەنەفتەو نەخۆش و پیرو ژنی ئاوس و تازە بووك و زاوا، هەژارو برسی و خاوەن سەرمایە، هەموو پێکەوە، لەم رۆژەدا، کە لەترسی بۆمباو کوشتن و رەشبگیری و دەستی رەشی بەعس و رەفیقەکان، شاریان جێهێشت، لەترسی ((حەرەس جمهوری))و هێزەکانی بەغداو حاموورابی و فەیلەقەکانی‌ترو ئەمن و جاش هەڵاتووەکان لەترسی تاوان و تۆڵەی راپەڕین، شارەکەیان لەترسی خوێن رشتن و گۆڕی بەکۆمەڵ، روویان لەشاخ کرد، شارو ماڵ و سامان و جوانی و تازەو نازیان جێهێشت و خۆیان رزگارکرد.. لەم رۆژەداو لەیادو ساڵرۆژی ئەم بیرەوەریەدا.

بەڵێ، لەیادی ئەم رۆژەدا، ئامێرەکان و کارمەندانی شارەوانی هەولێرو بەهاوکاری دەزگاکانی‌تری رەسمی، دەستکرا بەدروستکردنی قەڵای راپەڕین، لەسەنتەری قەڵاکە لقە زەیتونێکی سەوز دانراو تیرەکەشی (١٥٠)مەتر دیارکرا، پاش دوو رۆژ کارکردن دەستەکە ئاگادارکرایەوە کەلەلایەن سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران شوێنی

قەڵاکە تەرخانکراوەو دەبێ لەشوێنە دیارکراوەکە ئیش بکەن، ئامێرەکان روویان لەشوێنە تازەکە کردو لەوێ دەست بەکارکرا، دیارە لەرووی ئەندازیاریو عەمەلی شوێنە تازەکە چاکتربووو هەروەها لەرووی سیاسیەوە، شوێنەکە کەلاوەی (امریە موقع اربیل)بوو، واتە کۆنترین شوێنی دەستەڵاتو بنکەی سەربازیو داگیرکردن لەئوردوی هەولێر کرایە بناغەی قەڵای راپەڕین، کە رۆژانی یەکەم ناوی قەڵای سەربەستی بوو.

لەسەر کەلاوەی ئامیریەی مەوقیعی هەولێر، دەستکرا بەبەرزکردنەوەی قەڵایەك، بۆ ناونانی قەڵاکەش، چەند بۆچوون هەبوو، پێشنیارکرا، ناوی ((سەربەستی)) بێ، چونکە سەرەتا بانگەوازەکەو هەواڵەکە بەم ناوە بڵاوکرایەوە، دوایی پێشنیارکرا ناوی قەڵاکە بکرێتە ((ئازادی))و ئەنجومەنی شارەوانیش بڕیاریدا بوو، ناوی بکرێتە (کۆسرەت) بەڵام سەرۆکی حکومەت ئاگاداری شارەوانی کردەوە کەئەوەیان رەفتاری فاشیانەی بەعسەو ئێمە پەیرەوی ئەوان ناکەینو لەسەر بڕیارەکەی ئەنجوومەنی نووسی، ناوی قەڵاکە بکرێتە قەڵای راپەڕین، چونکە راپەڕین قەڵاکەی دروستکردو راپەڕینیش بوو سەربازگەی بەعسی لەهەولێر رووخاند.

بەبەردو بەردی نەقاریو نەرمە بەردو گاشە بەردو سپیە بەردو وردە بەرد. بەبلۆكو چیمەنتۆو کەرتەو بلۆكو شتایگێرو کاشیو مەرمەڕو جامو دارو بزمار. بەخۆڵو خۆڵە سوورو وردە خۆڵو گێچو قسڵو زبڵو زیخو قشپڵ چەگڵو قومو لمو کەستەك. بەکەرپووچی تازەو کەرپووچی ئاگرو کەرپووچی سپیو کەرپووچی سوورو وردە کەرپووچو کەرپووچی تەبەقرێژو کەرپووچی پانو کۆنە کەرپووچو خشتی کاڵو خشتی سوورو خشتی بەکاو خشتی بێکا. بەکۆنە ویلو تایەو سپرینگو بۆدیو دەعامیەو شانسیو دەرگاو وەلفو زنجیرو قایشو کەوەرو

مەکینە. بەکەرتە دەبابەو مودەڕەعەو تۆپو کلاشینکۆفو برێنو تکتریۆفو سەبەتانەو لوولەو جێبی عەسکەریو زیلو ئیڤاو جێب قیادەو عارەبانە.

بەمەخزەنو خەریتەو فیشەکدانو باقە نەجمەو دارتفەنگو شیشەی خاوێنکردنەوەو قۆنداخە تفەنگو میلو حەربەی شکاو. بەئاسنو مسو زەردو ئەلەمنیۆمو فافۆنو پاقرو باغەو لاستیقو نایلۆنو کاغەزو مقەباو کارتۆنو معاکسو جاوەی شکاوو رزیوو سوتاوو برژاوو قۆپاو.

بەکڵاوو خودەو جوعبەو سەفەرتاسو زەمزەمیەو پۆستاڵو گۆرییەو نیتاقو بێرییەو مەتارەو قایشو مەنجەڵو کەوچکی بەجێماو. بەخەتو نەجمەو نیشانەو تورتوڕەو قەیتانی ملو قەیتانی شانوعەلامەو ئەستێرەی شانو پیلو سینگو گەردەن. بەفیشەكو قەوانو گوللە. بەدۆسییەو فاییلو ئیزبارەو ئەوراقو کونییەو لیستەو قائیمەو قەوانینی دڕاو و سوتاوو گەچراوو لوولدراو. بەریزە دیوارو ئەستونە کۆنکرێتو کەرتە سەبەو بناغە، بە بەرمیلو تەنکی گەورەو گچکەو بەگالۆنو ئۆزەو جەڕەو گوڵدانو قەنینەی غازو شوشەو سەندوقو باول و جانتاو قۆدی شکاو... قەڵای راپەڕین دروستکرا.

## کلیلی قەڵای راپەڕین

رۆژانە لەکاتی ئیشکردنی دەستەکە، خەڵکێکی زۆر سەردانی پرۆژەکەیان دەکردو سەردەکەوتنە سەر قەڵاتەکەو وێنەیان دەگرت، مێوانەکان بەگەرمی پێشوازی دەکرانو وەڵامی پرسیارو رەخنەو پێشنیارەکانیان دەدرایەوەو خاڵە گرنگەکانیشیان تۆمار دەکراو بۆچوونە باشەکانیشیان حیسابیان بۆ دەکرا!

ئەوانەی دەهاتن زۆربەی ئەو کەسانەبوون، دروستکردنی قەڵاتێك لەئۆردوی هەولێر بەپاشماوەی کەلاوەکان و پاککردنەوەی سەربازگەو دروستکردنی قەڵاتێك و پاککردنەوەی رووبەری پارکی هەولێریان، لاپیرۆز بوو، بەچاوێکی شارستانی و پێشکەوتن سەیری پرۆژەکەیان دەکرد، مامۆستایەکی ئەندازیارو پرۆفیسۆر، رۆژێکیان پرسی، کلیلی ئەم قەڵاتە چی‌یە.؟! پرسیاریان کرد مەبەست لەکلیلی قەڵاتەکە چی‌یە؟! لەوەڵامدا، مامۆستاکە وتی: وەك ئەم قەڵاتەو لەسەر کەلاوەکانی شەڕی یەکەم و دووەمی جیهانی و گۆڕانکاریە سیاسیەکان، لەچەندین شوێنی جیهاندا نموونەیان زۆرە. لەپێش دەروازەکانیان تابلۆی نوسراو هەیە، زۆر گەڕاوم، زۆرم دیـیوە، لەتابلۆکاندا نوسراوە، هێمای هەیە، ژمارەیان لەسەرە، بەرواری لەسەرە، منیش بۆیە وا دەپرسم، کلیلی ئەم قەڵاتەی کەشارەوانی هەولێر دروستی دەکات چییە.

بۆیە دەستەی جێبەجێکردنی قەڵاتەکە وەڵامیان دایەوەو وتیان، لەرۆژی ١٩٩٦/٣/٣١ لەساڵرۆژی کۆچ رەوەکەی هەولێر بووەو بڕیارە بەرزاییەکەی تا(٢١) مەتر بێت.

ئەوەش رۆژی ساڵی تازەو بەهارو سەیرانە لەرۆژی نەتەوەیی گەلی کورد، لەرۆژی نەورۆز لەسەر رووبەرەکەشی مەشخەڵی نەورۆزو ئاگردانی نەورۆزی لەسەر دادەنرێت و لێرە یادی نەورۆز هەڵدەگیرسێت و بەمەراسیمی رەسمی ئەم کارە دەکرێت و نیاز وایە پەیکەری سەربەرزی و دیواربەندی هونەری و تابلۆی بیرەوەری لەسەر دروست بکرێت و هێمای راپەڕین و یادی ١٩٩١/٣/٣١ بێت. بڕیاریشە، بەدەنەکەی ((چوار دەورەی)) وا دادەنرێت کەخۆڵی سووربێ. تا بتوانرێت رووەکی لێ بچێندرێت و داری هەمیشە سەوزی لێ شین بێت و دیمەنی جوان و رەنگین بنوێنێ. قەڵاکە دەبێـە هێماو سونبولی جوانی و بەهارو سەرکەوتن و

راپەڕین و نۆغرۆبوونی سەربازگەی داگیرکەرانە لەهەولێری کۆن و خەبات.

ئەو تەنە گەورەو بەرزو سەوزە لەداهاتوو دەستی هونەری و هزری کوردەواری دەگاتێ و دەتوانرێت ئەو تەنە ئاکارە شارستانیەو کوردانە بەرگی زۆرتری لەبەربکات و زۆر واتاو واقیع بگەیەنێ. هەروەها مامۆستاکە وتی: پێشنیار دەکەم، تیرەکەی لە (١٥٠) مەتر ببێتە (١٨٢) مەتر کەهێمای ١٨٢٠٠٠ ئەنفالکراوی کوردە.

پێشنیارەکەی مامۆستای میوان بڵاوکرایەوەو بروسکە ڕەزامەندی و قبوڵکردنی پێشنیارەکە هات و بڕیاردرا بودجەکەی زیاد بکرێت و تیرەکەی لەدامێنی بکرێتە ١٨٢ مەتر.

سەبارەت بەخەرجی و پارەی پرۆژەکە، زۆر وتیان:

- پارەکەی ڕێکخراوە بێگانەکان سەرفی دەکات!
- خەڵك وا لەبرسان دەمرن، ئەوانیش پارە لەچی سەرف دەکەن!
- پارەیان لەکوێ بوو، هەر دوو ڕۆژی‌ترە، واز دەهێنن.
- ئەو پارەی لەم قەڵایە سەرفی دەکەن، بیکەنە معاش چاکترە!
- چەندی لێ‌ی سەرف بکرێت هەر کەمە، ئەم قەڵایە ڕەمزی راپەڕینە.
- لەتەواوبوونی، ڕووبەری فراوانی پارکی هەولێر ئامادە دەبێ
- ئەو پارەیە لەقەڵای هەولێر سەرف کەن چاکترە.
- باشە، با پارە لەشتی‌وا سەرف کەن، نەك لەشەڕ.!
- خۆزگە دوو سێ پرۆژەی وا دەکرا، تێر دەبووین!
- بەپارەی ئەم پرۆژەیە، ئامێرەکان بوژانەوەو شەوان شەقامەکان قیرتاو دەکەن.

تەواوی پارەو خەرجییەکانی پرۆژەی ئیشکردن و ڕۆژانەکان لەقەڵاتەکە، لەلایەن وەزارەتی دارایی و ئابووری

حکومەتی هەرێمی کوردستان راستەوخۆ دەستەبەر دەکراو هەفتانە دووسەد هەزار دینار لەبانقی سۆران لەلایەن دەستەکە وەردەگیراو پارەکە دەکرایە خەرجی رۆژانەی کارمەندەکان، کەهەموویان بێجگە لەموچەی خۆیان سی دیناریان هەبوو، لەگەڵ نان خواردنی ژەمی نیوەڕۆییان. بەشێکی پارەکەش دەکرایە مەسرەف و خەرجی ئامێرەکان وەك چاككردنەوەو دابینكردنی گازو تایەو پاتری.

رۆژانە زیاتر لە(١٠) قەلابی گەورەو ٥_٦ شۆفل و بندۆزەری بەتایەو زنجیرو چەند رۆڵەی لاستیق و ئاسن و تەنکی ئاو سیارەی تایبەتی و جۆرەها مەکینەی تر.

رۆژانە ئیشکردن لەسەعات ٦ی بەیانی تا ٧ی ئێوارە بوو، رۆژانەش ١_٢ قەلابی ئەهلیش بەشدارییان دەکرد، ئیشەکە جوان و خێرا دەڕۆیشت، ئیشەکە چین چین بوو، قەلابەکان کاروان کاروان بارەکەیان روو دەکردو ئامێرەکان تەختیان دەکرد. بەرزی هەر چینێك یەك مەتر بوو، تەواوی چینەکە ئاورێژ دەکراو بەچەند رۆڵە دەپەسترایەوەو دەهەژایەوەو رۆخەکەشی بەخۆڵی سوور پردەکرایەوە.

خۆڵە سوورەکە لەشوێنی دوو گۆلە گەورەکەی ناو پارکی هەولێر دەهات کەئامادەدەکراو قووڵ کرابوو. لەسەنتەری قەڵاتەکە بۆریەکی ئاسن قیت کرابۆوەو بەرزی قەڵاتەکەی لەسەر دیاردەکراو ئاڵایەکی سپی و لەسەر نوسراوی شارەوانی هەولێر دەشەکایەوە.

ئێواران پیرەمێردێکی نەخۆش بەئۆتۆمبیلێکی خاوێن دەهێنرایە سەر قەڵاکەو لەبەشێکی لاچەپ دادەنیشت و ئاسۆیەکی سەوزی بەرینی و جوان و پیرمام و زووگەزراوو دیدەوان و شەمامکی لێ دیاربوو. دەیووت، لێرە هەست دەکەم، تەندروستم باشە؛ هەواکەی پاکەو دڵم روونەو ئیشکردن دەمارەکانم گەشتر دەکات، چەند جوانە، شوێنەواری بەعس و داگیرکەران بەدەستی کوردان و

## بەغدا بۆ هەولێر

بەئامێرو پارەی حکومەتی هەرێمو نەخشەی کوردان لادەبرێتو دەکرێتە قەڵات، کورد قەڵاتی خۆش دەوێت، لەدەشتی هەولێر قەڵاتو گردی دەستکرد زۆرن.

- مامۆستایەکی زانکۆی سەلاحەدین، فێرخوازانی بەشی بیناسازی کۆلیژی ئەندازیاری هێنایە سەر قەڵاتەکە، ئامێرو نەخشەو مۆدیو ئیشی مەیدانی نیشان دانو سوپاسی شارەوانی هەولێری کرد کەدەعوەتیکردنو پێشوازی گەرمیکردنو وتی: ئەوە یەکەم گەشتی مەیدانی فێرخوازانەو ئێمە میوانی زانستی ئەم پرۆژەیەین، ئەگەر دوێنێ ناخی قەڵای هەولێر هەر شاراوەیە، وا ناخی ئەم قەڵایە دیرۆكو هێمایەو نوسراوەتەوەو دەنووسرێت، کەیو بۆچی بەرزکراوەتەوە.

- بووكو زاوایەك وتیان: زۆرجار رووی‌داوەو بووە کۆشکی زۆرداران پاش رووخانی تاجو حوکمیان کراوە بەژوانی بووكو زاواو کەژاوەی رازاوەیان، خۆزگە ئێرەش دەبێتە جێشاییو زەماوەندو هەڵپەرکێو شاباشو بووك گواستنەوەو زەماوەندی شادیو ئاسکی بووكو دڵشادی زاواو مێوانو جۆشی مۆسیقاو دیداری ئەزیزانو هەڵپەرکێو یادو بیرەوەری، خۆزگە.

رۆماننوسێك هاتە دیداری قەڵاتەکەو وتی: لەگەڵ بەژنی بەرز دەبمەوەو لەدیتنی نیگای تێرنابم، دووبارە مەرگو رووخانی رژێمی بەعسی دەدۆزمەوەو راپەڕین هەر هەیەو راپەڕین هەر شکۆدارو هەرگیز لەیادمان ناچێو هەر موقەدەس بێ!

- کۆمەڵە گەنجێکی کوردانی عەنکاوە، کە لەو ئامازە بەهارە جوانە خەریکی خوێندن بوون لەنێوان خۆیاندا، هەر دەیانووت، دەبێ کەی تەواوبێ! ئەرێ چەند مەتریتر بەرزدەبێت، ئەرێ ئێستا چەند مەتر بەرزە! بیستو یەك مەتر کەمە، چەند بەرزبێت، راپەڕین شکۆدارتر دەبێت.

• کرێکارێك، ئەوە سی ساڵە شۆفێرمو لەچەندین پڕۆژەو شەرگەو شاخ و دەشت و زەلکاو ئیشم کردووە، هەرگیز وەك ئێرە دڵشادو بەختیار نەبوومە. یەکێکی تر وتی: لەوەتی لێرە ئیش دەکەم، رۆژانەمان زۆرترو نیوەڕۆییان هەموو پێکەوە ژەمێکی چاك دەخۆینو چایەکی گەرمو شیرین دەخۆینەوە.

• یەکێکی تر وتی: بۆ ئەوە دروستی دەکەن، سبەینێ شەڕی لەسەربکەن، چەکی لەبن دەشارنەوە، بۆ خۆشاردنەوەو شەرخوازیو سەنگەرە.!

• یەکێك لەئەورووپا هاتبۆوە وتی: پارەم هەیەو یەکەم پڕۆژەی ئێرە من دروستی دەکەم، مەلەوانگە، یان یاریگەی منداڵان، من دەیکەم، دیدارم لەگەڵ گەورە لێپرسراوان کردووە، یاریگەی منداڵان بەنرخی رەمزی دەدەن، من بڕیارم داوە، وا خەریکی نەخشەکانم، لەلای پسپۆڕانی ئیشی لەسەر دەکەن.

• دونیا دیدەیەك وتی: ئەم قەڵایە بەقەڵای ((سان ریمۆ))ی ناو ئیتالیا دەچێ، ئەویش گردی سەیرانو خۆشیە، بەڵام لەوێ وڵاتو ئاڵاو شا هەیە.

• منیش دەمگووت: بەراستی ئێواران هەوای سەر قەڵاتەکە فێنکەو ئاسۆکەش جوانو هەواکە بێگەردەو دووکەڵو تەمی سەر شار هەورێکی رەشەو لەسەر شار وەستاوەو دیارە. ئێرە خۆشە. ئێواران ئاگرەکانی دووری پیرمام دەبریسکانەوە. دەمگووت، خۆزگە ئێرەو ئەوێ، دێنە پێشو ئاشتی دەکەن، پیرمامو سەفین دیاربوون.

## بروسکە هەواڵەکانی قەڵای راپەڕین

نوسەری ئەم وتارە، لەهەموو دەزگاکانی راگەیاندنی (بێجگە لەراگەیاندنی حزبی شیوعی کوردستان) وتارو رێپورتاژو دیداری لەسەر ئەم قەڵایەو پارکی هەولێرو

نەخشەی پارکەکە ئامادەو پەخش دەکرد. بەکورتە نوسینیش (رۆژنانەی قەلای راپەرین)ی لەرۆژنامەی کوردستانی نویێ دەنووسی، ژمارە (١)ی رۆژنانەی قەلای راپەرینی لەرۆژی ١٩٩٦/٤/٢١و دوا ژمارەشی (١٥) لەژمارە ١٣٦٣ی رۆژی ١٩٩٦/٨/١٥ نوسیو بلاوکردەوە.

رۆژنامەنوس، سۆران داودی، بۆ رۆژنامەی (الاتحاد) ریپۆرتاژێکی درێژی ئامادەکردو وێنەی گرت، بەلام بلاونەکراوە.

هونەرمەندو ئەندازیار (فارس سەعدی) لەهەموو قۆناغەکانی ئیشکردن لەقەلاکە وێنەی هونەریو نایابی بۆ ئەرشیفی شارەوانی دەگرت.

هونەرمەندی وێنەگر (سەفین هیرانی) لەهەموو قۆناغەکانی ئیشکردنەکە بۆ ئەرشیفی شارەوانیو بۆ تەلەفزیۆنەکانی شار وێنەی دەگرتو دیداری بەردەوامی دەستەکەو میوانەکانی دەکرد.

کۆمپانیای بیری ئیرتوازی هەولێر، سێ بیری کۆنی سەربازگەی هەولێری بەماوەیەکی کەمو خەرجیەکی کەم لێدایەوە، جیۆلۆجی (محمد عزین) سەرپەرشتی دەکرد، هەروەها بەرێوەبەرایەتی ئاوو زێرابەکان. مەکینەیەکی ئاویان لەسەر یەکێك لەبیرە نزیکەکانی (قەلای راپەرین) داناو ئاوی دابینکردو دوو بیرەکەی تریشی بەپێی نەخشەی پارکی هەولێر لەخالە سەوزاییەکان لێدرایەوەو ئامادەکرا.

بەپێ نەخشەی پارکی هەولێر، شوێنی دوو گۆلە ئاوەکە (دەریاچە)ی دیاریکراوی ناو نەخشەکە، لێدراو خەریکی تەواو بوون بوو، خۆلەکەیشیان بۆ رۆخی قەلاکە بەکار دەهاتو بەقوولی دوو مەترو بەلێواری لێژ لێدران.

تەواوی رووبەری پارکی هەولێر تەختکراو خاوێن کرایەوەو ئامادەکرا بۆ ئیشکردن.

لەتەلەفزیۆنەکانی گەلی کوردستان کەناڵی هەولێرو تەلەفزیۆنی زەحمەتکێشان و تەلەفزیۆنی سوشیالیست و تەلەفزیۆنی یەکگرتوو و تەلەفزیۆنی تورکمانلی و تەلەفزیۆنی پارێزگاران و رادیۆکانی مەڵبەندی سێ و خوێندکاران و سەربەخۆیی، بەرنامەو ریپۆرتاژی تایبەتی لەسەر قۆناغەکانی پارکی هەولێرو قەڵای راپەڕین بڵاودەکرایەوە، کە لەلایەن راگەیاندنی شارەوانی هەولێر ئامادە دەکران.

هونەرمەندان، شێرزاد پۆلیس و نەوزاد رەمەزان و فەیسەڵ محمدو ئەیام و ئەکرەم (شەمۆ) دوو کورتە تەمسیلی تەلەفزیۆنیان لەسەر قەڵاکە نمایش کرد.

لەرۆژی جەژنی قوربان لە١٩٩٦/٤/٢٧ بەشی دارایی پرۆژەکە بۆ قوربانی دابەشکردنی گۆشتی جەژن (١٤٠) کیلۆ گۆشت بەسەر کرێکارو کارمەندەکان دابەشکراو جەژنانەی (٥٠) دیناریان دابەشکرد.

قەڵاکە (١٨) هەژدە مەتر بەرزکرایەوەو مەزندە دەکرا پاشماوەکان نیوملیۆن تۆن دەبوون کەکۆکرابوونەوە، رێگای سەرکەوتنیشی هونەری و چاك بوو.

هەردوو کەسایەتی ئۆپۆزسیۆنی عیراقی (صفاء الفکیکي محمد الحبوبي) و بەرپرسی حزبی و حکومی رۆژی ١٩٩٦/٦/٤ سەردانی قەڵاکەیان کرد و دڵشادی و کامەرانیان بەپرۆژەکە راگەیاند. هەروەها وەفدێکی ئێرانی کە لەهەولێر بوون رۆژی ١٩٩٦/٦/١١ بەهاوکاری (جبار فەرمان) ئەندامی م.س یەکێتی سەردانی قەڵاکەیان کرد. ئەوەی شایانی باسە وەزیری شارەوانی و بەرێوەبەرە گشتیەکانی وەزارەت و پارێزگاو قائمقامی هەولێرو ئەندامانی ئەنجومەنی شارەوانی و رۆشنبیران و هاوڵاتیانی هەولێرو شارەکانی تری کوردستان، ئێواران دەهاتن و سەردانی قەڵاکەیان دەکردو دەست خۆشیان دەووت و لەدەفتەری سەردان و پێشوازی‌دا پەیڤی ناسکیان دەنووسی.

پرۆژەکە بەراگرتنی پارەی هەفتانەی راگیراو وەزعەکە بۆنی شەڕو هێرشی لێدەهاتو ئامێرەکانی شارەوانی لەبازنەو سنووری هەولێر خەریکی خەرەندو سەنگەر بوون.

## پێش ٣١ی ئاب

پێش ٣١ی ئاب ١٩٩٦، شەڕ لەدەرەوەو لەدووری شار گەرم بوو، لەقەسرێو مامە رووتەو خانەقاو زیارەتو کەپکی حەمەد ئاغاو کلاوقاسمو سوسێ، پێشڕەویی و شکانو کشانەوە هەبوو. شەڕ گەرمەو دووکەڵی دەگەیشتە شارو بۆنی خوێن دەهات. رێگای هاملتون لوول درابوو، رێگای شەقلاوە، هەریر گوللەی دەگەیشتێ، هێزو هێرش لەبن سەری رەشو هێڵە سەرەکییەکانی هاتوچۆ هەبوو، هەردوولا بانگەوازو موژدەیان هەبوو.

یەکێتی وتی: ئەمجارە دوا جارە!

پارتیش وتی: یەکێتی جاشی ئێرانەو پاسداری هێناوە!

بەهاوکاری تۆپخانەی ئێرانو هەڵگەڕانەوەی ئامیر لیوای پارتی، جاران یەکێتی (نیاز جەلال بگ دەرگەڵەیی) لەپارتی، یەکێتی لەناوچەیەکی فراوانو ستراتیژی ناوچەی باڵەك پێشڕەوییان کرد.

پارتی لەچۆمانو حاجی ئۆمەرانو گەڵاڵە نەمان، بەڵام! بوار نەدرا هێزەکانی یەکێتی بچێتە شارۆچکەکانیو ناوچەکانیان، پەیامنێری تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان - کەناڵی هەولێر، ئیبراهیم بالیسانیو رۆژنامەنووسی کوردستانی نوێ، دڵشاد مەجید، لەناوچەکە بوون، دوور بەدووریو لەسەر شاخەکان ریپۆرتاژیان تۆمارکرد.

زۆرجار لەجەولەکانی شەڕی ناوخۆ، تۆپخانەی ئێران هاوکاری پارتی کردووە لەگرتنەوەی ئەم ناوچەیە، کەهەر یەکێتی وەك دەستەڵاتو دەنگو جەماوەر باڵا دەست بووە.

بەڵام! ئەوان واتە پارتی بواریان هەبووە هاوشان لەگەڵ حزب الله شۆڕشگێڕی کورد بارەگاو چەکدار لەئێران بچنە ناوچەکەو فەرمانڕەوایشیان کردووەو زۆر ماینەوە، هەروەها لەناوچەکانی هەڵەبجەو پێنجوێن و قەڵادزەش هاوکاریان کراوەو یەکێتی هاواری کردووەو بەجاشی پاسدار ناوی هێناوون. باسی هێزەکانی (بدر والحمزه)و چەند هەزار چەکداری پاسدارو هاتنە ناوەوەی (٤٠)کم دەکراو ئاژانسەکانیش هەواڵەکەیان دووبارە دەکردەوە. بەڵام ئەوەی زۆر باوەڕکراوبوو، لەدوورەوە تۆپخانەی ئێران هەموو جارێ هێزەکانی ترساندووەو جێگای لەق کردووەو دوایش هێزی دووەم هێرشی کردووەو پێشڕەوییان بووە.

پارتی خۆپیشاندانی لەناوچەکانی دهۆك و شەقلاوەو سۆران سازکرد. دژی هاتنی سوپای ئێرانی بروسکەی گەیاندە ئاژانسەکان، جڤاتەکان، وڵاتە کاربەدەستەکان.

تەلەفزیۆنی گوڵان لە١٩٩٦/٨/٢٢ رایگەیاند، کەبەهاوکاری سوپاو پاسدارانی ئێران، شەڕێکی دژوار لەدەڤەری سیدەکان رووی داوە، یەکێتی شکاوەو (٤٠٠)کەسیان کوژراوە. لەکوژراوەکان (قادر بەگ)ی برای کریم خانی برادۆستی سەرۆك عەشیرەتی برادۆست و سەرداری حمد ئاغای مێرگەسووری و ئەفسەری دەرەجەدار حمە علی قەرەچەتانی و گیرانی کەسایەتی عەشیرەتی هەرکی ناودار (لوقمان سەباح بۆزۆ) و هەردوو برای کەریم خان سەعید بگ و صباح.

گیراوەکان لەتەلەفزیۆنی گوڵان و کوردستان وتیان، لەناو خاکی ئێران سوڕاونەتەوەو بەپیادەیی هاتین تووشی شەڕ هاتین و شکاین.

بەگەڕانەوەی هێزە شکاوەکە زانرا کەهێزەکەیان بێ پاڵپشت و بێ زەخیرەو سەیارەو بێتەل و ژمارە کەم، شکان. ئەوەی رزگاربوون زۆر زەحمەت گەڕانەوەو خەڵکی ناوچەکە هاوکاریی پارتی ببوون، بەهەر حاڵ شکانەکەو گەرمی

## بەغدا بۆ هەولێر

پرسەکەو ئاڵۆزبوونی جەماوەری یەکێتی لەعەشیرەتەکانی برادۆست و هەرکی و شێروانی پشێوی نواندو پێشڕەویی ناوچەکانی تریان لەبیرچۆوەو شکۆی نەماو راگەیاندنی یەکێتی بەسادەیی هەواڵەکەی بڵاوکردەوە.

هێرشەکان دژوار و خێرابوون، شەڕەکان توندو زیانی گیانی و ماڵی زۆربوو، زۆر دەشکان و پێشڕەوی زۆریش دەکرا. هەر ئەم رۆژانە شار ماندوو و بەجوڵە بوو، هەواڵی گەرم و زۆری هێزو چوون و گەڕانەوەی هێزی‌تر. هێمای ترس و دژواری بوو.

ئامێرەکانی شارەوانی هەولێر، شۆفڵ و قەلاب، بەشەوو بەرۆژ هاندان و رۆژانە بەردەوام خەرەندو سەنگەریان لەبازنەی سنووری شارو دەستەڵاتی سەوز لێ‌دەدا. لەناوچەکانی کانی قرژاڵەو سێبیران و کارگەی غازو کلک مشک، قوشتەپە، بنەسڵاوەو حەساڕۆک، سێ‌بەردان کەلەکان، شاوێس، پیرزین و گرد جوتیار ئیش دەکرا، ئەوەش بەچاودێری بەرپرسە عەسکەریەکان و ئەندازیارە شارەزاکان بوو. بەڵام لەدەزگاکانی راگەیاندنی خۆیان باسیان نەدەکرد.

خەرجی دەزگاکانی حزبی و حکومی کەم کرابۆوە، دوو مانگ بوو موچەی مامۆستایان نەدرابوو، کەهەوڵ و کۆشش دەکرا هەرگیز موچەیان دوانەکەوێ، پۆلیس و ئاسایش موچەیان دواکەوتبوو. دەرماڵەو پرۆژەی خزمەتگوزاری وەستابوو.

بڕیاریش درابوو رۆژی ٨/٣١یان ١٩٩٦/٩/١ بەرەسمی نەوتی شیواشۆک رەوانەی پاڵاوگەی سلێمانی و کارگەی شەکرەکە بکرێت بۆ پاڵاوتن و بەکارهێنان. دیاربوو، ماوەیەک بوو، نەوتەکە دەرهاتن و بۆریەکان و تەنکیەکان و ئیشە هونەریەکانی تەواوببوو.

دەنگۆ هەبوو، پارتی بەپاڵپشتی مودەڕەعەکانیان لە١٦ ئاب هێرش بکەنەوە سەر هەولێرو هیوای سەرکەوتن و پێشڕەویی هەبوو.

دواکەوتنی ڕۆیشتنی نەوتی عێراق و گۆڕینی ڕۆژی دیارکراو، ئەوەش هێمای ئەوەی دەگەیاند بەرنامەیەک هەیە.

لە ١٩٩٦/٨/٣٠ تەلەفزیۆنی ئازادی *ATV*ی حیزبی شیوعی کوردستان و دەزگاکانی ئۆپۆزسیۆنی عیراقی ڕایگەیاند، کەبارەگاکانیان لەناحیەی خەبات (ئاسکی کەڵەک) ڕاونراون و ئاگادارکراون بارکەن و بچنە هەولێر، ئەوەش پاش ئەوەی هێزێکی زۆری حکومەت بەدەبابەو چەکداری زۆرەوە لەئاسکی کەڵەکی سەر بەموسڵ و ناوچەی ڕژێم پەڕینەوە بەرەو ناحیەی (خەبات)ی ژێر دەستەڵاتی پارتی. شارۆچکەی ئاسکی کەڵەک ئاوی کەڵەک دەیکاتە دوو بەش، بەشی سەرەوەی سەر بەموسڵەو لەژێر دەستەڵاتی حکومەتی عێراقەو بەشەکەیتری ناحیەی خەبات و گوندی (هەنجیرۆک)و ئۆردوگای خەبات ناحیەی خەباتی ژێر دەستەڵاتی پارتی پێکدەهێنێ. هەواڵەکە ئێوارەکەی بڵاوکرایەوە. هەروەها یەکێتی و دەزگاکانی تری حزبەکانی تریش هەواڵەکەیان دووپاتکردەوە. هەر ئەم شەوەش (جەوهەری حوسێن ئاغای سورچی) لەبەرنامەیەکی (مەد تی ڤی) هەواڵەکەی ڕاگەیاند، بەڵام (کەمال کەرکوکی) ئەندامی سەرکردایەتی پارتی، مێوانی بەرنامە ڕاستەوخۆکە، وتی: ئەوە لەئێمە ناوەشێتەوە، ئەوە لەیەکێتی دەوەشێتەوەو جاشایەتی لەئێمە دوورەو هەرگیز هاوکاری ڕژێم ناکەین.

ئەوانەی لەناوچەکانی هاوسنوورن لەگەڵ ناوچەکانی ڕژێمی لە(زوورگەزراو)و (لاجان)و(پیرداود) بەدیتن و هاتنی هێزێکی گەورەی ڕژێم، ناوچەکەیان چۆڵکردبوو بەماڵ و خێزان و ئاژەڵیان ڕایان کردبووو ئێوارەکەی گەیشتبوونە

هەولێرو وتیان (عاسیفەی سەحرای) کوێتە، دونیا لەبەر تۆزو گەردەلوولی دەبابەو هێز دیار نی‌یەو بەرەو هەولێر دێن..!

## رۆژی ٣١ی ئاب

لەهەموو لاپەڕەیەکی چاپکراوی راگەیاندنی جیهان‌و بەهەموو زمانێك، لەهزری چل ملیۆن کورد. شانەکان، دوندەکان، ماڵەکان، لەدەرەوە، ناوی هات‌و نوسرا، لەرۆژی ٣١ی ئابی ١٩٩٦، نزیکەی (٢٠٠) دەبابەی نوێ‌و پڕ چەك‌و تووڕەو چوار لیوای گاردی کۆماری راونراو و دەرکراو بەراپەڕین‌و بەهاوکاری تۆپی قورس‌و بەنەخشەی وردو گوللەی تۆپی بێژمارو ساروخی زەوی _ ئاسمان‌و بەفەرمانی (سەدام) کەهەموو چاوو مێشك‌و گوڵ‌و ئاوەدانی دەیناسێ، بەداواو یارمەتی مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان کرایە سەر هەولێر. رەش بۆ سەوز هات، ددانی تیژو کەڵبە بۆ خوناوو پەپولە، سەربازی برسی چەکدار بۆ نەمامی پەرلەمان‌و قەڵاتی ماندوو پیر هات، پاش نیوەڕۆی ئەم رۆژە خاڵەکان‌و مەڵبەندەکان‌و سەنگەرەکان‌و ناوەندە حزبیەکان‌و حکومیەکان گیران‌و شکان‌و چەککران‌و رەنگکران. هەمووی گیرا، بێجگە لەگەڕەکی (باداوە)و رێگا سەرەکییەکان، تا شەو داهات‌و لەناو تاریکی‌و بەدزە دزی بەکەمین‌و بەسەیارەی خێرا دەبوایە دەربازبن، لەنێوان کۆرە رێی، بنەسڵاوەو دارەتوو، چەکدارو بەرپرس‌و وەزیرو پەرلەمانتارو رۆژنامەنووس‌و بێچەك‌و سەرۆك وەزیران‌و ژن‌و پیاو دەربازبوون‌و تەواوی شارەکە گیرا.

لەکاتژمێر چواری بەیانی، دەنگی تۆپ‌و راجیمەو بروسکەی بۆمباو گەردەلوولی هێرش هاتن، هەستی پێکرا، کەشار زۆرترو توندتر گەمارۆ دەدراو هێزەکانی رژێم

دەهاتنە پێش، بەرگری کەمتر دەبوو، تاپاش نیوەڕۆ، تەقە بووە دەستڕێژو تەقەی نزیک، بەرگری کەمتر بوو و خۆدەربازکردن و کۆبوونەوە لەخاڵێك و بازنەیەك کرا. ئەوەی گەیشتە ئەم مەڵبەندەو رزگاربوون و نیازی دەربازبوون بوو، روویان لەگەڕەکی باداوەکرد.

چڕی ئاگرەکەو زۆری هێرشەکەو بوونی زۆری بەرگریش لەرێگای موسڵ بوو، ئاگرەکە بۆ پەرلەمان و مەڵبەندی سێ و رادیۆی مەڵبەندی سێ و مەکتەبی سیاسی و بارەگاکانی تری یەکێتی بوون لەم دەڤەرە. کە بازنەکە شکان و پچڕاندنی تووش بوو کشانەوە ناو شارو لەوێش بڕیاری کشانەوەو شار چۆڵکردنیاندا.

سەدان چەکداری پارتی، ئاڵا زەرد، تفەنگ زەرد، نێوچەوان زەرد، قۆڵ و پشتوێن زەردو بەچەپڵەو شادی و گۆرانی و تەقەی خۆشی و ئوتومبێلی خێراو بەپێیان و بەغاردان و بەتەنگاوی، هاتنە ناوشار، تەقەو بەرگری (یەکێتی) نەمابوو، ئەوەی خۆی شاردەوەو جلی گۆڕی و نەناسراو ئەوەی‌تر لەگەڵ هێزی باداوە کەوت.

راگەیاندنی یەکێتی و حزبەکان، دەنگیان نەما، بەیانیەکەی، راگەیاندنی یەکێتی هەندێ بانگەوازو هەواڵ و موژدەی شکاندنی چەند دەبابەیەکی راگەیاند. بەکوژانەوەی کارەباو چۆڵکردن و بۆمبارانکردنی بارەگاکان بەتایبەتی لەقەلاتی هەولێر، کەسێ تەلەفزیۆنی لێبوو، هەروەها لەبەر بەرزی شوێنەکەش بەرگری هەبوو، بەلام بەتۆپ و ئاگری چڕ دەنگی تەقەو هەواڵ و سروود کپکراو بنمیچی خانووەکانیش رووخان. شار هەواڵی تازەو بەرگری بۆ نەمات، بروسکە نەما، جیهازی دەست کپ بوو، لاسلکی نەما، رادیۆ نەما، جولە نەما، دووکەڵ و هێمنی نیشانەی شکان و هاتنی دوژمن و دەبابە بوو، کەخەڵکیش دەبابەیان بینی و هاتن هەواڵەکەیان وت، گومان نەماو شارو قیری شارو شەقامی شار دیسان هێزو گورزی

## بەغدا بۆ هەولێر

دەبابەی بەسەرداهاتەوەو زامی پەیداکرد. شارو بازاڕ، فرۆشتن و کڕین، هاتنە شەقام و هەناسە، نەخۆش بوون و زان و مردن و ناشتن نەما. شار کپ بوو، هەموو دەرگایان داخست و لرمە گەورەو دووکەڵی بەرزیان دەژمارد.

ئەوەی ئازابووایە لەسوچێك لەپەنایەك لەکلاوڕۆژنەیەك سەیری سوتانی شاری دەکرد، دایك منداڵەکانی لەباوەش شاردەوە، دەوڵەمەندە پارەکانی، سیاسی کاغەزەکان، ئەلبۆمەکان وێنە، ئەوەی دوێنێ بوو قەدەغەو شاراوەی لێهات. جوڵەی شەقام و چرپەی کۆڵان نەما. جیران ئاگای لەجیران نەما، کەس بۆ پرسینی کەسی‌تر نەهات، دیوار دەلەرزی، شوشە دەشکا، ئاو نەما، کارەبا نەما. نان و سەمون نەگەڕا، هەمووی وەستا.

تا کلیکی شار لەدەستی دووەم کرا، تاچاوی شار لەکەللەی سەرێکی‌تر دانرا، تا گوڵی شار لەیەخەی‌تر درا، شار بێدەنگ بوو

ئەوەی چاوەڕوان نەدەکرا، هێزەکانی پارتی زۆر بەدڕندەیی هاتن، پیادە، ماندوو، هاتن بەبێ پرسینەوە، بەبێ رەچاوکردنی هیچ نەریتێکی کۆمەڵایەتی، لەهەموو دەرگایەکی شاریان دا، بەسەر دیواران کەوتن، لەپەنجەرە سەریان بردە پێش، گەڕان بەتایبەتی لەگەڕەکە تازەکانی رۆخی شار بێجگە باداوەو ماڵەکانی نزیك ئەم گەڕەکە گەورەیە، هاتنە ناو شار، هاتنە هەموو شەقامێك هاتنە پێش هەموو دەرگایەك، دەستیان نەپاراست لەڕفاندن و وەرگرتنی ئوتومبێلێکی تایبەتی هاوڵاتیان، بەهەڕەشەو جنێوو تەقەو ترساندن و بەبیانوی هەبوونی بریندار، بەبیانوی هاوسۆزی شار لەگەڵ (جەلالی وکۆسرەت). دەرگا نەما لەم شار گەورەیە ئەوەی سەیارەی هەبوو، بەتایبەتی سەیارەی تازەو خاوێن، سەیارەی پیکاب و دەبڵ قەمەرەو لاندکرۆزو بەرازیلی، دەربازبوونیان نەبوو. دەستی نەپاراست، چەکداری نەناسراو، لاوو تەمەن گەورە،

بەشێوەی سلێمانی و گەرمیانی و خۆشناو و خەیلانی و هەورامانی، توند، تورە، خێرا، سەرکێش، بێ منەت، چاوقایم، داوای سەیارەیان دەکرد، دەستیان نەپاراست، ئەم ماڵە نا ئەم ماڵە، ئەم قەسرە، قەسرێکی‌تر، ئەوە بەقسەی خۆش سویچەکەی دابوو باش بوو، ئەگەرنا بەهەڕەشەو بەلێدان و بەپاڵدان و بەچەتاڵکردن، سەیارەکەیان هەر دەبرد، وایان دەزانی قەرزیان لەسەر ئەو خەڵکەیە، بۆ وان هاتوونەتەوەو منەتبارو مەمنونیان بووینە، وایان دەزانی، نان و ئاشتی و نەوتیان هێناوە، تۆڵەی خوێنیان کردینەوە، باریان سووککردوون، خەڵکەکە بێلایەن و دووره پەرێزو برسی بوو، خەڵکەکە ماندوو و بێزاربوون، حەقی چی‌یە، کێ حوکمیان دەکات!.! دەنگی نارەزایی و جنێوو گلەیی و فیغان و گریان و باوکەڕۆ پەیدابوو، هەر ژن بوو خوێ بەسەیارەکەیان وەدەکرد، منداڵ بوو لەبەر تەنگاوییان دەگریا. هەر لەیەك دوو سەعاتی یەکەمی هاتنیان (٥) هەزار سەیارەیان برد، پەشێوییان خستە شار، دەستیان نەپاراست، چەندین ماڵە پارتی و دۆست و شەهیدانی شۆڕشی ئەیلول و پەرلەمانتارە زەردەکانی لەهەولێر مابوونەوە، ئەوانەی خزم و کەسیان لە لەشکری هەولێرو بارزان بوو، سەیارە زۆریان وەرگرت. ئەوەو چەندین سەیارەی پاك و چاکی چەکدارو بەرپرسەکانی یەکێتی و حکومییان کەوتە دەست.

هەڵپەو تەنگاوی چەکدارەکان بۆ پەیداکردنی سەیارەیەك و سوود وەرگرتن لەم هەلە، کەشێکی چاکی خوڵقاند چەکدارەکانی یەکێتی بەئاڵای زەردو بەخۆگۆڕین و هاوکاری چەکداری خزم و دۆستی پارتی، خۆیان شاردەوەو دەربازبوون و بەرێگای قوشتەپە گەیشتنە کۆیەو بەرێگای شەقڵاوە گەیشتنە هیران و بەخەلیفان و ئالانە گەیشتنە رانیە. هەروەها دەربازبوون بۆ ناوچەکانی رژێم.

دیارە وەرگرتنی پارەو سەیارەش بەچەکدارەکانی پارتی خەڵکێکی زۆر گەیاندە ناوچە دوورەکانی ژێر دەستەڵاتی پارتی.

دەبابەکانی حکومەت لەناوچەی پەرلەمان و پارێزگاو دووریانی کوران کۆبونەوە. سەیارەی عەسکەری گەورەو بچوك گەیشتنە ناو شارو مەفاریزیان گەیشتنە شارۆچکەی عەنکاوەو بەگەیشتنی هێزەکانی پارتی، هێزەکانی حکومەت جوڵەو تەقەیان نەماو خۆیان قایم کرد، بەڵام شەوەکەی تەقەی تەنویری زۆر لەئاسمان تەقێنرایەوەو ئاسۆکەی رووناك دەکردەوە، دیارە، سوپای گەورەو تازە گەیشتوو شەوان بۆ دڵنیایی خۆی ناوە ناوە ئاسمان رووناك دەکاتەوە. هەروەها تەقەو دەستدرێژیش هەبوو، هاتوچۆ زۆر کەم بوو، هاوڵاتیان لەشارێکی تاریك و ماندوو بەدووکەڵ خۆیان لەگەڵ بیستنی هەواڵەکان و بانگەوازەکان لوول دا. وەزعەکە ئاڵۆزبوو، خەڵکەکە سەرسام بوو، ئەوەی پارتیش بوون، لەناو شاردا تاسا بوون، بڕوایان نەدەکرد، پارتی دەبابەو بەعسی هێنابێتەوە، تا ئاشکرانەبوون پارتی لەگەڵە، هەرەشەیان دەکردو تەماشای ئاسمان و چاوەڕوانی فرۆکەی هاوپەیمانەکانیان دەکرد کەدەستێ بوەشێنن و رێگا لەبۆمباران و هێرشەکە بگرن بەسۆزەوە گوێیان لەهەواڵە جیهانیەکان رادەگرت، بەڵام کەبۆیان روون بووەوە پارتیشی لەگەڵە، هزرو بۆچوون و داخوازیان گۆڕی و هەزارەها وێنەی (مەلا مستەفا) هاتەدەرێ و رەنگی زەرد شەکایەوەو گوڵان نەڕەی دەهات و موژدەو بانگەوازی بڵاوکردەوە.

ئەوانەی سەیارەیان بەر شاڵاوی دزینەکە نەکەوت بەخێرایی کەلوپەل و تایەو پاتری و شوێنی تری وەك سولف و کابرێتەریان خراپ کرد، سەیارەکەیان والێ کرد بەپاڵدان و چەتاڵ و وەستایش نەڕوات، بیانوشیان هەبوو گوایە لەمێژە لەکارکەوتوەو ئیش ناکات، یان گەیاندیانە

ماڵو سێبەری خزمو کەسی بەرپرسە گەورەکانو بارەگاکانو هەڵکردنی ئاڵای زەردو وێنەی مەلا مستەفا، ئەوەش بوو، زۆریان رزگارکرانو سەلامەت دەرچوون، چونکە دزینو داواکردنی سەیارەکە، رەچاوی نەهاتنەوەو فرۆشتنو دەربازبوونی بۆ ناوچەکانی حکومەتو بادینان دەکراو ئەگەر لەهەولێریش مابایەوە ئەوا وای لێدەهات مەسرەفو پارەیەکی زۆری دەوێتەوە تاراست بکرێتەوە، بۆیە هەموو جۆرە فێڵو درۆو بیانوو دەست ماچکردنو پاڕانەوەو خزم خزمانێو بیانوی هونەریو شکانو بێبەنزین پەیڕەوکرا.

دەزگا حکومیەکانو حزبەکانی شار زۆر بەرتاڵانو سوتان نەکەوت، باش بوو بەرنامەی دیارو گونجاویان هەبوو، زوو کۆنترۆڵی دەزگاکان کراو وردیش چاودێری کران، وەنەبێ دزیو سوتانو شکاندن نەبووبێتن بەڵام لەچاو راووروتی سەیارەی هاوڵاتیان باش بوو. گەرچی هەندێ دەزگای حزبیو حکومی سوتانو ئاگری تێبەردرا، لەپێشەوەی هەموویان بەرکەوتنی چەند تۆپی قورس بەر پەرلەمانو زیانی ماڵی زۆری بەرکەوت، بێجگە لەدەزگاکانی یەکێتی، تۆپیش بەر بارەگایەکی گەورەی حیزبی شیوعی کوردستان کەوتو زیانی بەرکەوت.

زۆر وترا تەرمی جبار فەرمان، ئەرسەلان بایز لەبازاڕ کەوتووە، ژنی مام جەلال گیراوە، فلان گیراوە یەك جانتا دۆلاری پێبووە، کۆسرەت بریندارەو گەیشتە عەنکاوەو لەرێکخراوە خێرخوازەکانو یوئێن زۆر خۆیان شاردیتەوە، ئاسۆ ئەڵمانی دەبابە بەسەری کەوتووە، عمر فتاح و کافیەی خێزانی بەتاکسیەك دەربازبوون، سەعدی پیرە لەبەلاشاوە بینراوە راویان دەنا،

زۆر وترا، بەڵام دوایی (گوڵان) گیرانی (د.فؤاد مەعسوم)ی ئەندامی م.س. یەکێتیو یەکەم سەرۆك ئەنجومەنی وەزیرانی کوردستانی راگەیاندو وتی لەدەستی

ئەمینـە، هـەروەها چـەند کـادیری عەسـکەری و سیاسـی و پەرلەمانتارو جێگری وەزیر گیران و تـەرمی چەند کوژراوی یەکێتی دۆزرایەوە.

پاش نیوەڕۆیەکی درەنگ، دووکـەڵێکی رەش و گـەورە لەشار بەرزبۆوە، دوایی زانرا، کۆسرەت رەسول بەدەستی خۆی ئاگری بەردایەماڵەکەیەی و رۆیشتووە.

تەرمی کوژراوی سەرباز لەبازاڕ بینرابوو.

دوکاندارو خاوەن سەرمایەی بازاڕ بەعارەبانەو لۆری و بەشان و بەپاسکیل شـتە گرنگـەکان و کاڵاکـانی بازاڕیـان گواستەوە ماڵەکانیان و بازاڕیان چۆڵکرد.

پـارتی مـوژدەی رزگـارکردن و ئـازادکردنی هـەولێری بەموژدەو بانگەوازو سروود بڵاوکردەوەو مەسعود بارزانی وتی بەپشتیوانی خودا هەولێر رزگارکرا.

پڕوپاگـەندەو قسـە زۆربـوو، هـەر زوو وتیـان دەبابـە گەیشتە هەیبەت سـوڵتان و هـێز بـەرەو سلێمانی دەڕوات، بەڵام دوایی زانرا هێزە دەربازبووەکەی یـەکێتی لەهـەولێر لەپشـت بنەسـڵاوەو باخچـەو گردیـش مـاون و هـێزی حکومەتیش لە گوندەکانی کەردزو دووریانی بێستانەیە.

کارەبا نـەبوو، کـەمی ئـاوو گـەرمای هـاوین و گـەرمی کارەساتەکەو گۆڕانە خێراکەو گەرمی تەقەکان و دووکەڵ و زامداربوونی قەڵاو پەرلەمان و شکان و راکێشانی سەیارەی شـکاوو چـەکی قـورس و بەرزکردنـەوەی ئـاڵای زەردو شکاندنی ئاڵای کەسـک و رووخاندنی پەیکـەری (رێبـازو بەختیار عەسکەری و دڵشاد مامە غەفە) و شکاندنی دیوارەو وێنـەکانی داستانی کـۆڕێ لـەچوارڕیانی ئـازادی و خاڵـە یوسف و فاقە مخمووری و زۆری‌ترو سڕینەوەی دیـوارو نەهێشـتنی شـوێنەواری سـەوزایی و ئاکـار گۆڕینـی زۆر دیمـەن و تابلۆکـان، کـەس و فـەرماندەو رەفتـارو دووان و زاراوەو بەرنامە گۆڕان، کودەتایەکی خێرای سەربازی بوو، کـێ دێ و چـۆن هـاتن و چـەند دەمێنێتـەوەو بـۆ هـاتن..

پرسیارو وەڵامو پڕوپاگەندە زۆربوون، ئەمریکاچی دەکاو ئیم سیسی چی لێدێ، ئێرانو تورکیاو سوریا کڕدەبن، یەکێتی زوو تاواوە! کێ بڕوای دەکرد! دوێنێ حکومەت بوونو ئیمڕۆ لەپەنا دیوارو لەناو باداوە دەربەدەرو راونراون، بۆ!! پارەکانیان چی لێهات. هەمووی لەبن سەری ئەمریکابوو، ئەوانە بۆ ئەمریکا باشترن، عەشایرنین، ئاشتیخوازن، کەس ناکەنە دوژمنی خۆیان. دڵی کەس ناشکێنن، ئەوجا بەتەنیا پارەی ابراهیم خلیل دەخۆن. ئەوانە بەقوشتەپەش رازیدەبن، لەمێژە لەبنەوە لەگەڵ سەدام یەکن، هەر حکومەت باشترە، باحکومەت بێتەوە، ئەوان مەغروورببوون وەڵڵا نەوتی شیواشۆك دەردەینین، بۆیە ژنو منالەکانیان رەوانەی دەرەوە دەکرد، دەیانزانی. حەیف بەس کۆسرەت نەکوژرێ، کافرن ئاوو ئاو بچن. ئازانە هەر دێنەوە! ئەوجا رێگای حکومەت دەکرێتەوەو ئەرزاقمان بەسەر دابەش دەکات، خەنی دەبین. مشکیلەیە ئەوانە پارە سەرف ناکەن! ئەوە دوو جارە بەفیتی ئەمریکا دەبابەمان بەسەر وەردەکەن. نەوتەکەش دەڕواو گەمارۆش لەسەر بەغدا هەڵدەستێت! ئێستاش باوەڕناکەم، ئەوەی ئەوانە کردیان شێخ حەنەشو حەمەی سایر ئاغاش نەیکردبوو! هەرگووتیان دێینەوە، وا هاتنەوە، تەڕ هاتنەوە. گرنگ ئەوەیە شاربەدەریان کردن، چەندی گوتمان هەولێر چۆڵ کەن.. هەولێر چۆڵ کەن، ئەوها پێتان چۆڵ دەکەین، چۆڵ ناکەن!

لەسەر زاری تاریق عزیز جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراقی راگەیاندرا کەشاری هەولێر لەنۆکەرانی ئەمریکا پاککرایەوەو دەقی دووانەکەی ئاژانسی دەنگوباسی عێراقی لە ١٩٩٦/٨/٣١ بڵاویکردەوە. ئەمەش دەقی دووانەکەیە.

((بەرێز مسعود بارزانی بە نامەیەك لە٢٢/ئابی/١٩٩٦ داوای لەبەرێز سەرۆکی سەرکردە سەدام حوسێن سەرۆکی

کۆماری عێراق کرد. کەهەردوو ناوچەی چۆمان‌و سیدەکان بەرهێرش دەستەی جەلال تاڵەبانی‌و ئێران کەوتووەو لەئەنجامدا چەند هاوڵاتی شەهیدو برینداربوون‌و زیانی ماڵیش بەهاوڵاتیان کەوتووە. ئەم پلانەش لەدەستەڵات‌و هێزی ئێمە گەورەتربوو، بۆیە داواکارین بەرێزتان فەرمان بدەنە هێزەکانی چەکداری عێراق هاوشانمان بکەن بۆ راماڵینی ترس‌و هێرشی بێگانەو بنبڕکردنی خیانەت‌و پیلانگێڕی جەلال.

هەروەها تاریق عەزیز وتی: لەبەر رۆشنایی ئەم نامەیەو لەبەر ئاشکرابوونی هێرشی ئێران لەباکووری عێراق. سەرکردایەتی بڕیاری‌دا هاوکارییان بکات‌و هێزی سەربازی بۆ بەرێز مسعود بارزانی‌و هاوڕێکانی رەوانە بکات بۆ شکاندنی هێرشی نارەوای داگیرکەران‌و پاراستنی گیانی هاوڵاتیان لەباکووری وڵات‌و دەستێوەردانی تاوانبار جەلال تاڵەبانی.

لەروانگەی پاراستن‌و سەروەریمان و بەرگریکردن لەئاسایش‌و پاراستنی هاوڵاتیان‌و سامانیان، ئەم بڕیارە سنووردارەمانداو لەچوارچێوەی یارمەتی‌و هاوشانی بۆ خۆپاراستن‌و پارێزگاری.

هەروەها وتی: دەوڵەتمان لەپاش ۱۹۹۱ دەستی لەکاروباری ناوچەی حوکمی زاتی نەداوەو هەر داوای دانوستان‌و دیداری نیشتمانی‌و دیموکراسی کردووە بۆ یەکێتی نەتەوەیی، بەڵام قوڵبوونی جەلال تاڵەبانی لەخیانەت‌و هەڤاڵبەندی لەگەڵ دوژمنانی عێراق‌و دوژمنانی کورد وای کرد ناوچەی حوکمی زاتی بگاتە ئەم بارە ترسناک‌و رووخاوەو ببێتە شانۆی دەستێوەردانی بێگانە.

هەروەها دووپاتی کردەوە کەئێمە بوار نادەین ئێران بەشێوەی راستەوخۆو بەدەستی جەلال ناوچەکە داگیربکات. چونکە ئەوەیان ترسناکییە لەسەر سەروەری‌و

یەکێتی نەتەوەیی و ئاسایشی عێراق. ئێمەش زووتر ئاگاداری وڵاتانی هاوپەیمانی خۆمان بەم مەترسییە کرد.

ئێمە پاش ئێران، ئەمریکا راستەوخۆ تاوانبار دەکەین، بەدانانو چەسپاندنی بوونی سەربازی ناشەرعی بەبیانوی پاراستنی کوردەکان لەکوشتنو خاپوورکردنو ئاژاوەو بۆ دابینکردنی ژیانی ئازادو کەریمو گەشەپێدانی، ئەوەش بوو، ئەنجامەکەی ئێران هێرشی ناپەوای کرد. ئێستاش کاتی ئەوە هاتووە، کەئەمریکاو بەریتانیا وازبێننو چی تر سەروەری عێراق پێشێل نەکەنو دەست لەکاروباری ناوخۆی عێراق وەرنەدەنو رەچاوی ویستی گەلی کورد لەباکووری عێراق بکەنو واز لەفەرزکردنی (وصاية) بێنن.

هەروەها سەرکردایەتی، جارانو ئێستاش لەگەڵ دانوستانی ئاشتیو دیموکراسیە بۆ یەکێتی نەتەوەییو داواو بانگەوازەکەی بەڕێز مسعود بارزانی بۆ بەرپەرچدانەوەی هێرشی دوژمنانەی ئێران بەهەڤاڵبەندیەتی جەلال تاڵەبانی هەڵوێستەکە ناگۆڕێو زەمینە خۆشکەرە بۆ ئەنجامدانی دانوستانی نەتەوەیی دژ بەهێرشی بێگانانەی ناشەرعی.

تاریق عەزیز جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی عیراق ١٩٩٦/٨/٣٠ لەرۆژنامەی (الشرق الاوسط)ی ژمارە ٦٤٨٧ی ١٩٩٦/٩/١ وەگیراوە.

انتصرنا والذی یحبنا علیه ان یفرح معنا

سروودو ئاوازی سەرکەوتنی هێرش (اب المتوكل بالله) لەسەر هەولێرو گرتنەوەی لەتەلەفزیۆنی عێراقی بەردەوام بوو، وێنەی سەدامو گەشتەکانی کۆنی بۆ ناوچەکەو چالاکییەکانی نیشان دەدراو موژدەی سەرکەوتنی گەلانی عێراق بەسەر ئەمریکاو زایۆنیزمو نۆکەرەکانی راگەیاند. هەروەها سەدام نیشانەی ئازایەتی بەسەر ئەفسەرە گەورەکانی ئەم سەرکەوتنەی لەیەخەدانو دەستی لەپشتیدان.

## بەغدا بۆ هەولێر

بەرپرسی نەتەوە یەکگرتووەکان لەناوچە بەئاژانسەکانی راگەیاند، کەهێزە پەلاماردارەکە نیوەی شاری گرتووەو ئالآی عێراقی شەکاوەیەو لەسەر بالآخانەکان هەڵکراوە لەکاژمێری ١٥:٤٥ بەکاتی ناوچەکە. هەروەها وتیان، شەقامەکان چۆڵو چەند سەد کەسێك لەپێشوازی هێزە داگیرکەرەکەن. لیژنەی نێو نەتەوەیی خاچی سوور کە لەناوچەکە دەرمان دابەش دەکات وتی لەهەولێر (١٥٠) بریندار رۆژی ٣١/٨و(٧٠) گیراو هەیە.

## پاش ٣١ی ئاب

کارەبا نەهاتەوە، پارتی هاواری دەکرد، کارەبا دەدزن، بیرەکانی ئاو کەمێ ئاوی دابین دەکرد، بەفر زۆر گرانو زەحمەت پەیدادەبوو. بارەگاکانی یەکێتی بەجوانی مابوونو زەردکرانو دەوامیان لەسەر کرد. قسە پەیدابوو فەرەنسۆ تۆما هەریری دەبێتە پارێزگاری هەولێر، خورشید شێرە، دەگۆڕن، چۆن خەڵکی دیان (مەسیحی) دەکەنە پارێزگار، پۆلیسو مرور دەوامیان کردەوە، گوڵانو برایەتیو خەبات چاپکرا، هەردوو رۆژنامەی وڵات دەرچوو بەبێ ئەوەی دوورو نزیك باسی ٣١ی ئاب و دەبابەو گۆڕانکاریەکان بکات، بەڕێوەبەرە گشتیەکان گۆڕانو مامۆستا حمید ژنون بووە بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی هەولێر، ئەکرەم مەنتك بەڕێوەبەری گشتی ئاسایش وێنەی مەلا مستەفاو ئیدریس بارزانی لەبازاڕ دابەشکرا. لەهەموو دوکانو پاسو دەزگایەكو شوێنە گشتیەکانو ژوورەکانی رەسمیو دیوارو جامخانەکان هەڵواسرا. گۆڕەپانی (سوڵتان موزەفەر)یان کە بەرەسمی ناونرابوو کرایەوەو گۆڕەپانی (بارزانی نەمر)، هەزارەها سەیارە چوونە موسڵو بەغدا، بەغدایيو موسڵاویو کەرکوکی هاتنو دەستیان بەبازاڕ داهێنا.

پشکنین و خوێن وەرگرتن و سواربوونی لۆری و خاوە وەرگرتن لەخازرو شێراوە بۆ چەند رۆژێك نەما، سەدان رۆژنامەنووس و وێنەگری جیهانی و عەرەبی هاتن، پەیامنێری رۆژنامەکانی حکومەت (الثورة، بابل، الجمهورية، العراق، البعث الرياضي) هاتنە هەولێرو دیداریان سازکرد، کتێبی خوێندنی سەرەتایی(التربية الوطنية والجغرافيا والتاريخ والقواعد) بەلۆری و تابلۆی (هدية السيد الرئيس القائد صدام حسين حفظه الله) گەیشتە هەولێر، وتیان مسعود بارزانی لەگەڵ قصی صدام لەپەرلەمان دیداریان هەبووە، رەفیقەکان و کۆنە مستشارەکان هاتنەوە، خورماو قەسپ زۆر هاتە بازاڕ، بەفەردەو پاکێت و بەبار خواردەمەنی دووسێ رۆژ بوار درا، دوایی دووبارە دەبوایە کەم کەم بێنن، بەڵام رۆیشتنی هەموو شتێك ئاسایی و بێگومرك بوو، جام زۆر دەڕۆیشت. سەیارە لەبەغدا کڕاو هات. شەڕ لەناوچەکانی دێگەڵەو گردیش گەرم بوو، هەردوولا زیانی گیانیان زۆربوو، مام جەلال بۆ هەموو ئاژانسەکان قسەی کرد، دیسان وتیان ((کۆسرەت)) لەشەڕەکەی دێگەڵە کوژراوە، پارتیەکانماڵیان نەدەهێنایەوە، لەشەقڵاوەو پیرمام دەمانەوەو هاتوچۆیان دەکرد. بەنزین و گازو نەوت زۆر بوو، بەنزینخانەکان بەنزینیان بۆ هات، هاتوچۆ بۆ کۆیە نەبوو. سەنگەرەکان و خەرەندەکانی چوار دەوری هەولێر تەختکرا.

لەمزگەوتێکی شەقڵاوە بەدەنگدانێکی کارتۆنی بیست مانگ پەرلەمانی کوردستان نوێکرایەوە فەرمان درا ئەوەی سەیارەی دزیوە دەبێ بەزووترین کات سەیارەکان بداتەوە خاوەنی بەپێچەوانە سزا دەدرێن، زۆریان سەیارەکانیان وەرگرتەوەو زۆریشیان پارەی خاوەو شاباشیان دا لە((هەزار دینار هەتا دە هەزار دینار)) وەردەگیرا. ئەوانەی خاوەنەکانیان خەڵکی بێلایەن و دوورە کێشەبوو، هەبوو بەنامەو راسپاردە سەیارەکانیان وەرگرتەوەو زۆریش

سەیارەکەی نەدۆزییەوە، زۆریش سەیارەکانیان زیانی زۆری بەرکەوتبوو، هەندێ دزو تاوانباریان گرت، ماڵە یەکێتی گیران، دۆستو چەکداریش دەگیرانو زۆریش دەچوونە بارەگاکانی پارتی خۆیان تەسلیم دەکرد. بەپارەو بێپارەو بەچەكو بێچەك عەفو دەکرانو پۆلیسو ئاسایش دەوامیان کردەوە. ئەوانەی چووبونە موسڵ وتیان لەپشت ئاسکی کەڵەکە سەیارەی عەسکەری سوتاو مابوون، لەگۆڕەپانی (نبی یونس)و شوێنەکانیتر، لافیتەی پرسەو کوشتنی ئەفسەرو سەربازی زۆری هێرشەکەی (اب المتوكل باللە) هەڵواسرابوو، هەروەها لەشارەکانیتر. مسعود بارزانی سوپاسی هەڵوێستی سەدام حوسێنی کرد، عەرەبە قەومیەکان پێیان خۆش یوو، حوکمی زاتی ۱۹۷٤و گۆڕانی دانوستانی بەرەی کوردستانی دەکرا، هیچ حزبی کوردستانی پیرۆزبایی لەپارتی نەکرد. بارەگاکانی تورکمانیو ماڵەکانیان لەلایەن ئیستخباراتو بەچاودێری پارتی پشکێنراو زۆریان گیراو بێسەرو شوێن بوو بەتایبەتی تورکمانە کەرکوکیەکان، هەولێریەکان ئازادکران، وتیان لەسەربازگەکەی پشت قوشتەپەی ئۆپوزسیۆنی عێراقی۹۷ ئەفسەرو سەربازیان لەسێدارەدران. هەندێ لەچەکدارە گیراوەکانی یەکێتی لەقۆڵی کانی قرژاڵەو سێبیران لەلایەن حکومەت ئازادکرا، یەك لەوان (ئاسۆ ئەڵمانی) فەرماندەیی تایبەتی هەولێر. بوونە پارتی زۆربوون، بارەگاو رێکخراو و ناوچەکانیان زۆر قەرەباڵغ بوو، رێکخراوی پۆلیسیان پسولەی دەوام کردنەوەیان دەدا.

لەکۆبوونەوەیەکی قیادەی قوتری بەعس بڕیاردرا، هەموو شارەکانی حوکمی زاتی ئازاد بکرێتو گەمارۆ ئابووریيان لەسەر نەمێنێو هاتوچۆ ئاسایی بکرێتەوەو لێبوردنی گشتی دەربکرێتو خائین جەلال تاڵەبانیش لەسنووریش شاربەدەر بکرێ.

بەڵام مسعود بارزانی: لێبوردنی بۆ مام جەلال دەرکردو دۆستایەتی لەگەڵ سەدام پتەو دەکات و گەرچی ناخۆشی زۆری بەکورد گەیاندووە.

لەتیف رەشید بەرپرسی یەکێتی لەلەندەن وتی: گرتن و تالان لەهەولێر کراوە.

پوترسی غالی، ئەم هێرشه بڕیاری ٩٨٦ دواخست.

ئاپۆ: ئەگەر پارتی دیلەکان بکوژێ شەڕی دەکەین.

شازاد سائیب بەرپرسی یەکێتی لەئەنقەرە بەرادیۆی کوێتی راگەیاند: حکومەتی عێراقی پیاوانی ئۆپۆزسیۆنی لەسێدارە داوە.

سامی عبدالرحمن: بۆمبارانی خەڵکی مەدەنی لەهەولێر نەکراوەو ئالای عێراقیش لەهەولێر هەڵنەکراوە.

مام جەلال بەمۆنتیکارلۆی راگەیاند: هێزی ئێرانمان لەگەڵ نی یەو هێزەکانمان زۆریان رزگاربوون و لەنزیک هەولێرین و دانوستان لەگەڵ مسعود ناکەین هەتا ((پەشیمانی رانەگەیەنێ))

ناسری رەزازی لەدەنگی ئەمریکا سروودی دەمی راپەرینی وت و نارەزایی هەبوو.

بۆ ٣١ی ئاب و هەولێر دەبابەو ئۆپۆزسیۆن و دوارۆژی کوردستان و کوشتارو کارەبای شارو کردنەوەی زاڵگەکان و هاتنی عەرەب و نادیاری و ئاڵۆزی دۆزی کوردو ئەمریکا چی دەکات و بۆ هیچی نەکرد، خۆیان داوایان کرد، ئێمە پێنج ساڵە زۆرمان بۆ کردن، بەڵام خۆیان دەستی سەدامیان راکێشایەوە.

حوکمی زاتی اعلان دەکرێت. ئەوانەو زۆری‌تر، رەخنە و گازاندەو شاباش و دەستی خۆش و جاشایەتی و خیانەت و ئێران و سنووروو سەروەری، زۆر وترا بۆ هەولێرو لەم رۆژەدا، هەر لەکلنتۆن تا جڤاتەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان. وەزارەتی دەرەوەو بەرگری، رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ، کوردەکانی دەرەوە.

چەند رۆژ یەکەم هەواڵو یەکەم وشەو دێرو وێنەو هزر هەر هەولێر بوو، فڕۆکە هاتو کۆبونەوەی گەورە ئەفسەرانی ئەمریکیو بەریتانی لەگەڵ شێخەکانو سەرۆکەکانی عەرەبی کرا، هەر بۆ هەولێر، بەقسە زۆرکرا.

دیفید لیڤی وەزیری دەرەوەی ئیسرائیل بەگەیشتنی ئەسکندریە وتی: باری باکووری عێراق زۆر زۆر ترسناکەو پێشێلی رێکەوتنامەکان کراو هێڵی سوور دانراوەو نابێ عێراق بیبەزێنێو دیارە یاری بەئاگر دەکات.

علی اکبر ناگق نوری سەرۆکی شورای ئێرانی وتی: هەمووی لەبن سەری ئەمریکایە، ئەو تیشکی سەوزی بەعێراق دا هێرش بکاتەوە سەر باکووری عێراق. هەروەها جێگری وەزیری دەرەوەی ئێران محمود واعڤی وتی: هێرشەکە، مەسەلەیەکی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمریکیەو ئێران هێزی سەربازی لەباکووری عێراق نی‌یە.

یەلتسن بەلێدانی خوارووی عێراق لەتۆڵەی هەولێر وتی: چاوەڕوان نەکراو بوو و لەسیاسەتی دەولی نامۆیە.

لەرۆژنامەی (الحیاه) نوسرابوو، کەدەڵێن، سەدام بەپارە بۆ مسعودی کرد.!!

مام جەلال بەرۆژنامەی (الحیاه)ی وتبوو، هەولێری قەڵای ئۆپۆزسیۆن، بووە گۆڕستانی ئۆپۆزسیۆن، با چاودێری بیلایەن بێت، بزانن هێزی ئێرانیمان لەگەڵە.

مسعود بارزانیش وتی: ئازادکردنی هەولێر، سەرکەوتنێکی مێژوویی بۆ گەلی کوردو گەلی عێراق.

رۆژنامەی (الجمهوریە)ی عێراق: یارمەتی رزگارکردنی هەولێری داگیرکراو درا.

وتیان: مسعود بارزانی تۆڵەی لەئەمریکا کردووە، لەبیری ماوە (هێنری کسنگەر) فێڵی لەباوکی کردووەو لەگەڵ حکومەتی عێراق ئاشت دەبێتەوەو پشت لەئەمریکا دەکات.

ئەو قسەیەش کرا: ئەگەر یەکێتی وای لێنەکرابایە، هێزەکانی دەگەیشتە نزیک بۆریە نەوتیەکانی عێراق ـ تورکیاو هەڕەشەی لەناردنی نەوت بەپێی بڕیاری ((نەوت بەرامبەر نان)) دەکرد.

هوشیار زێباری ئەندامی م.س پارتی: بەتەنیا خۆمان هەولێرمان رزگار کرد.

دووبارە سەرۆکی پارتی: بەهەمووومان وت، کەهێزی بێگانە مەترسی دروست دەکات، گوێیان نەدایێ، هەر وتیان پشوتان درێژ بێ، بۆیە سەرکەوتین بەسەر جەلال کە٣٢ ساڵە ئاژاوەو دووبەرەکی لەناو میللەت دەنێتەوە.

فەرەیدون عبدالقادر ئەندامی م.س یەکێتی: ئێمە بەرامبەر دەبابەی حکومەت شکاویین، هاوارمان گەیاندە، هاوپەیمانەکان و ئەمریکا و ئێران، کەس بەپیرمان نەهات.

## کەناڵی *ATV*ی تورکی:

لەنیوە شەوەوە هەولێر تۆپ باران کراو دەبابەکانی عێراق گەیشتنە جەرگەی شارو شارەکە گیرا، گەرچی بەرگریو شەڕی دژوار رووی‌دابوو و حەوت دەبابەی عێراقیش شکابوو. حکومەتی تورکیا بێدەنگەو ئاگادارەو بارە تازەکەی لاخۆشە.

کەسایەتی ئۆپۆزسیۆن محمد عبدالجبار بەئاژانسی ((فرانس پرێسی)) راگەیاند:

شەڕ لە ناو شار گەرمەو دەبابەی عێراقی بەشدارە.

ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی عێراقی وتی:

هاوڵاتیان زیانیان لێکەوتووەو هێزەکانی بەرگری زیانی زۆرەو داواکارین ئەنجومەنی کۆمەڵگای دەوڵیو جڤاتی ئاسایش، بەزووترین کات بگاتێو تاوانێ گەورەی رژێم لەناوچەی کوردستان راگرن!

## بەغدا بۆ هەولێر

لەسەر داوای بەریتانیا پرۆژەی بڕیارێك پێشكەش جڤانی ئاسایش كرا بۆ ئیدانەی سەدام و گلەیی كردن، بەڵام میسرو ئەندونیسیاو چین و روسیاو فەرەنسا رازی نەبوون و بیانۆیان ئەوەبوو گلەیی لەهێرشەكەی هەولێر واتە سەربەخۆیی و جیابوونەوەی كوردە، دەبێ یەكپارچەیی عێراق بپارێزرێت. بۆیە بڕیارەكەی دەرنەچوو.

حسین صادقی بەڕێوەبەری گشتی دائیرەی كەنداوی فارس لەوەزارەتی دەرەوەی ئێران بەرۆژنامەی (الحیاە)ی راگەیاند: بەتەنها ئەمریكا قازانجی كرد.

كامەران قەرەداغی: كوردەكان بۆچوونی جیاجیان هەیە، دەڵێن مسعود بارزانی بۆ سەدامی هێنایەوە ناوماڵیان، نوێنەرەكانیش دەڵێن (صفقە)یەك بووو تەواو.

كابرایەكی لادێی لەهەولێر: ئەوە چەند ساڵە زراومان چووبوو، دەبابە دێتەوە، دەبابە دێتەوە، ئەوا هاتەوەو ترسمان شكا.

یەكێكیتر ووتی: زۆرجار وتومە، گەر پارتی هاوشانی بەعسی بێ، حاشای لێدەكەم، بەڵام ئەمجارە بەپارە دەبابەی هێنا، بەپارە سەدامی كردە جاشی خۆی و ئەدی پارەی ئیبراهیم خلیل بۆچی باشە.

## ئەمریكا چی بۆ هەولێر كرد؟!

زوو، قسەكەری كۆشكی سپی وتی: كلنتۆن فەرمانیدا هێزەكانی كەنداو بكەونە ئامادەباشی تەواو. وتی ئەمریكا هەفتەیەك لەوەپێش ئاگاداری بەغدای كردبۆوە ئەگەر مغامەرەیەكی نوێ بكاتەوە، دواڕۆژی خراپ دەبێ. هەروەها حكومەتی ئەمریكا فەرمانی گۆڕانكاری لەوەزعی ئێستای هێزەكانی كەنداویدا.

وەزارەتی بەرگری ئەمریكی، مانگە دەستكردە چاودێریەكانی ناوچەكەی هوشیار كردەوە وریاترین و

لەگـەڵ فڕۆکـە بـەرزەکانی ئاسمـانی ناوچەکـە زانیـاری کۆکەنەوە.

ئـەمریکا (٢٠٠) فڕۆکـەی جـۆری ئێـف١٤،١٥،١٦،١٨ لەناوچەکـە هـەبوو، لەسـەر پشـتی فڕۆکـە هـەڵگر ((کـارل ڤینسـینت))ش (٧٠) فڕۆکـەی هەیـە، کەلەخۆرهـەڵاتی دەریـای ناوەڕاسـتەو بـەوزەی نـاوەکی کاردەکـات. فەرمانیشـیدا هـەردوو قازیفـەی سـتراتیژی *B52* بـەرەو دوورگەی (گوام)ی نیوەڕێی نێوان ئەمریکاو کەنداو بفڕن.

فـەرمانیش درا بەفڕۆکـە هـەڵگر (یـو،ئێس،ئێـس ئەنتـەرپرایزەر) کەلەبەندەرەکانی یۆنانستان بجوڵێتـەوەو لەنۆکەندی سوێس روو لەدەریای سوور بکات و فەرمانیش درا بـە(٤٠) فڕۆکـە شـەرکەرەکەی مەشـاتی دەریـایی (مـارینز)و هـەزار پیادەکـەش چوست بـڕۆن لەئـەمریکاوە بگەنە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست.

وارن کریسـتۆفەر، وەزیـری دەرەوەی ئـەمریکا، پەیامێکی بۆ وەزیری دەرەوەی تورکیا تانسۆچیلەر ناردو ئامۆژگاری کرد بۆ ئاسایی کردنـەوەی باکووری عـێراق کۆشش بکات، چیلەریش گوتی، ئێمە پێمان خۆشە، هێزی عێراقی گەیشتەوە هەولێرو دەبێ بگەڕێتەوە، دیارە ئێمە هەرگیز لەگەڵ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی سەربەخۆ نین.

بەرپرسیارێکی ئەمریکی وتی: ئـەو هێـزەی گـەمارۆی هـەولێری داوە ٣٠تـا٤٠ هـەزار گـاردی کۆماریـەو هـێزی تۆپخانەو سـاروخیش پشتیوانیان دەکات.

فڕۆکـە هـەڵگر (ئەنتـەرفاکس) کەلـەدەریای ناوەڕاسـتە لەنۆکـەندی سـویس دەپەڕێتـەوەو پشـتیوانی هێزەکـانی ئەمریکی دەکات.

قسـەکەرێك بـەناوی ئـستولی پێنجـەمی ئـەمریکی لەبەحرێن وتی: هەر بڵێن، ئێمە ئامادەیین!!

گـەورە فەرمانبـەرانی کۆشـکی سـپی (بانیتـا) وتـی: نامەوێ بڵێم، کەی و چۆن و لەکوێ؛ بەس ئەوەندە دەزانم

لێدەدەین و لێی دەدەین، خراپیش لەسەر سەدام حوسێن کەوتەوە. هیچ بیانۆیەك بۆ سەدام نەبوو، هێرشی کرد، ئێمە (وریا)مان کردبۆوەو پێمان وتبوو گەر وابکەیت خراپت بەسەردێ!

وارین کریستۆفەر پشوودانەکەی لەکالیفۆرنیا بڕیو گەڕایەوە پایتەختی واشنتۆن و کەوتە خۆو دیداری ناوەوەو دەرەوەی زۆرکرد.

جۆن شالیکاشفیلی ژەنەراڵ و سەرۆك ئەرکانی هێزەکانی ئەمریکی و بیللترو یاریدەدەری وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بۆ کاروباری خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، بەپەلە گەیشتنە ناوچەکەو لەبەندەری ((العقبە))ی ئۆردونی (شا حوسێن)ی ئۆردنیان بینی و لەگەڵ سەرۆك ئەرکانی میسر فەریق مجدی حتانە لەقاهیرە دیداری بوو و بەردەوام سەردانی بەرپرسەکانی ناوچەکەیان کرد، پاشان گەیشتنە سعودیە.

بەرپرسێکی کۆشکی سپی پاشان وتی: سەدام کارێکی بۆگەنی کرد. هەروەها جارێکیتر ((بانیتا)) وتی، باهەر لایەنێکی کوردی سەدامی بانگ کردبێت، ئەوە بیانۆ نی یە!

وتیان، هێزی ئەمریکی لەناوچەکە (٣٢) هەزار سەربازی هەیە.

بۆب دۆڵ پاڵێوراوی پارتی کۆماری ئەمریکی بۆ (سەرۆك)ی ئەمریکی هاتە قسەو لەدیدارەکانی پڕۆپاگەندەی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیدا وتی: هەمووی لەبن سەری کلنتۆنە، ئەو نەرمی نواند لەگەڵ سەدام. تا دواییەکەی، هێرشی کردە سەر باکووری عێراق.

مودەمیرەی لایون و شاملوە لە کەنداو (١٤) ساروخ و قازیفەی بی ٥٢ (١٣) ساروخی تۆماهۆکیان لەمەڵبەندو بنکەکانی ساروخی و رادداری گرت، هەڵبژاردنی ئەو شوێنانە لەبەرئەوە بوو، ئاوەدانی کەمەو لەبیابانە، بۆیە ناویان نا ((لێدانی بیابان))و وتیان سوپای عێراقی

لەباکوور لەناوەندی شارەکان و لەناو ئاوەدانی‌یەو لێدانیان زیانی گیانی دەبێت.

قازیفەی بی ٥٢، (١٢) ساروخی *AGM* هەڵدەگرێت و (٤٦٠٠)کم دەڕوات.

ساروخی کرۆز ((سوار))ی جۆری *AGM86C* گرانی (١٥٠٠) کیلۆ دەبێت و (٢٠٠٠)کم دەروات.

هەروەها ساروخی تۆماهۆك گرانیەکەی (٤٥٠)کیلۆ دەبێت و (١١٠٠)کم دەڕوات.

مەڵبەندە پێکراوەکانی شارەکانی (کوت و ئەسکەندریەو ناسریەو تلیل) بوو. هێرشەکان ٤٥ دەقیقەی خایاندو (١٥) مەڵبەندی گرتووە. هێرشەکان وەك قۆناغی یەکەم لەبەرەبەیانی رۆژی ١٩٩٦/٩/٣کرا، هەروەها بۆ جاری دووەم چوار مەڵبەندی عێراقی لەخوارووی عێراق لە١٩٩٦/٩/٤ لێدران، غواسەی (جیفرسون سیتی)و مودەمیرەی (لایون و راسل و هیویت) لەکەنداو ١٧ ساروخی تۆماهۆکیان ئاڕاستەی مەڵبەندەکان کردو رایانگەیاند کەجاری دووەم کاریگەریی نیوەی لێدانی یەکەم بووە.

دیارە عێراق زوو وتی لەچەندین ناوچەی ئاوەدانی دراوەو زیانی گیانی وماڵیان داوە.

کلنتونیش لەکۆنگرەیەکی رۆژنامەوانی وتی: (لێدانەکە سنووردارو دیاربوون)، ئەمەش وای لەسەدام حوسێن کرد بیخوات و نرخ و باجەکەی هێرش و هەڕەشەو لاساریەکانی لەسەر بەرژەوەندی هاوسێیەکانی و ئەمریکا بدات. هێرشەکان یارمەتی لۆجستیکی بەریتانی لەگەڵ بوو لەگەیاندنی سوتەمەنی بەفڕۆکەکانی ئەمریکاو چاودێریشی دەکرد.

لەنیوەڕۆی ٨/٣١ چەند فڕۆکەی بەرز لەئاسمان دەرکەوتن، دیارە ئەوەش هیچ گۆڕانکاری نەبوو.

وەزیری بەرگری ئەمریکی (پنتاگۆن) ویلیام پیری وتی: مەسەلەکە هەر هەولێرو هێرشە سەربازییەکە نی‌یەو بەس،

سەدام هەر مەترسیی لەسەر جیرانەکان و ئاسایشی ناوچەکە هەیە.

## چی‌تر... بۆ هەولێر کرا...!؟

قسەکەرێك بەناوی حیزبی شیوعی عێراق لە١٩٩٦/٨/٣١ بڵاویکردەوە:

هێزەکانی دیکتاتۆریەت بەیانی ئیمڕۆ هاتنە ناوچە ئازادەکانی کوردستان و هێڵی پانی (٣٦) یان بەزاندو شۆڕبوونەوە ناو هەولێرو لەم هێرشەدا چەندین دەبابەو مودەڕەعەو سەیارەو هەزارەها سەربازو بەهاوکاری تۆپی قورس بوو. زوو شاریان بەخەستی بۆمبارانکردو کوشتارو زیانی گیانی و ماڵی زۆری لەشارەکەدا. بارەگای حیزبی شیوعی کوردستان تۆپی بەرکەوت و زیانی گیانی و ماڵی لەبارەگاکەدا.

بۆ ئەم هێرشە ئامادەکردن و سازکردنی هەفتەیەك زووتری ویستبوو، ئەوەش ناڕەزایی جەماوەریی و جیهانی ڕاگەیاندراو هێرشەکەو تۆپبارانەکە بەدرێژایی ڕۆژەکە بوو.

هەیئەی ئێرسالی عراقی *IBC* ی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی لەهەولێر رایگەیاند، کەلە١٩٩٦/٨/٣١ هەولێر بۆمبارانکرا، زوو لەکاتژمێری ٤،٥ی بەیانی گوندی کانی قرژاڵەو کاتژمێری شەشی بەیانی گوندی سێبیران و کارگەی غازی هەولێری ٥کم دوور لەهەولێر، شەڕی لێبووە، هەروەها ناوچەکانی قوشتەپەو ڕێگای گوێڕو ئوردوگاکان بۆمبارانکراوەو بەرگریش هەبووە.

وەزارەتی دەرەوەی بەریتانی: ناڕەزایی دەردەبڕین و هێرش و بەشداری عێراقی، هەرگیز سوود بەخش و باش ناکەوێتەوە.

وەزارەتی دەرەوەی تورکی: شەڕەکانی باکووری عێراق، کۆششەکانی ئاشتی و ئاسایی‌کردنەوەی پووچ

کردەوەو ژیانی هاولاتیانی خستە خەتەرو نابێ جارێکیتر کوردەکان ئاودیوبن.

جێگری وەزیری دەرەوەی روسی لەبەغدا بوو، تاریق عەزیز سەردانی کرد.

محمد محمدی قسەکەری وەزارەتی دەرەوەی ئێرانی وتی: ئێران لەنەتەوە یەکگرتووەکان داواکارە، هێرشی سەر هەولێر راگرێتو ئێمەش ئەوەی لەدەستمان بێ ئامادەین.

هەروەها ئیستگەی تاران وتی: چوار لیوای سەرژمێر ۱۲هەزار سەربازو ۱۸۰ دەبابەو (٦٠) تۆپی قورس بەشدارە لەهێرشی هەولێر.

پاریس وتی: بڕیارەکانی جڤاتی ئاسایش بوار دەداتو قەدەغە ناکات هێزی حکومەتی عێراقی بگاتەوە پارێزگاکانی باکووری عێراقو دەبێ سەروەری خاکی عێراق بپارێزرێت.

پارتی پەیوەندی لەگەڵ بەغدا هەبووەو چۆن بووەو چەند یارمەتی داوە، ئەوەیان دیارو زانراو نی‌یە، دوای گرتنەوەی هەولێر چیکردو پەیمانیان چی‌یەو بۆ هێزەکان کشانەوەو حوکمی زاتیەکە رانەگەیاندرا، ئەوەش دیارو زانراو نی‌یە، بەلام بەرنامەو هاوکاریان بۆ گرتنەوەی هەولێر، نەحکومەتو نەپارتیشو جیهانیش ئەوەی نەشاردەوەو نوسراو بینرا، کەلەبەرەبەیانی ۳۱ی ئابی۱۹۹٦ لەسەر داوای سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان، مسعود بارزانی هێرش کرایە سەر هەولێرو یەکێتی نیشتمانی تێدا دەرکرا. پارتیش فەرمانو هێزو حکومەتی خۆی تێدا دامەزراندو پارتی و حکومەتو جیهانیش وتیان هێزەکان کشانەوەو هاتنەکە سنووردابووەو لەتۆڵەشی ئەمریکا گورزی سەربازی لەخوارووی عێراق دا و هێڵی فڕینی فڕۆکەی ئاسمانی عێراقی تەسک کرایەوەو هەر ٤٠کم دوور لەبەغداو لەناوچەی هێڵی ۳۳ پانی لەجیاتی ۳۲پانی جاران.

هـــەروەها رۆیشـــتنی کارمـــەندانی رێکخـــراوە ئەمریکیەکان و ئەندامانی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی و بەخێرایی بۆ ئەمریکاو دوورخستنەوەیان لەترسی هەڕەشەی رژێمی بەغداو دەنگۆی دانانی پشتێنەی ئاسایشی تورکیا لەسەر سنوور و هاتنی سوپای تورکیا بۆ راوە گەریلای باکوورو نەبەستتنی کۆنگرەی ئاست بـەرزەکانی نێوان سوریاو تورکیاو ئێران و بەئاگایی عێراق و رۆیشتنی هەزارەها کورد بەلێشاو بۆ دەرەوەو سەرفکردنی پارەی زۆر لەلایەن پارتی کەجاران موچەی چەکداریشی بەزەحمەت دەدا لـەبوارەکانی خزمـەتگوزاری و رۆشـنبیری و گـەرمبوونی شـەڕی پـارتی و یەکەکەو هاتنی دەبابەو فڕۆکەی تورکی بۆ پاڵپشتی هێزی پـارتی لەشـەڕەکانی دوایـی و بوونـی دەنگـۆی پـەیوەندی نێـوان یـەکێتی و رژێـمی عـێراق و چوونـی ئاوارەکـانی ئەترۆش بۆ ناوچەکانی رژێم.. زۆربوون. ئەو رووداوانەی کەگرنگ و گەرم بوون لـەپاش ٣١ی ئاب، بوونـی رووداوی چاوەڕوان نەکراو. ٣١ی ئاب رووداوێك و وەرچەرخانێکی سیاسـی و دبلۆماسـی و عەسـکەری و ناوچـەیی و جیـهانی نیشـان دا. هـەر ئاکـامی ئـەم رۆژەبـوو، مسعود بـارزانی گەیشتە واشنتۆن و لـە١٧ی ئەیلولی ١٩٩٨ لەژێر چاودێری حکومەتی ئەمریکاو بەئامادەبوونی مادلین ئۆلبرایت دەست لەناو دەستی جەلال تاڵەبانی بنێ و پێکەنێ و بەڵێن بدات پارەی ابراهیم خلیل بەپێی سەرژمێری دەدرێتە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان.

* * *

# شێرزاد هەینی

ئەم ڕیپۆرتاژە ڕۆژ بەڕۆژ نوسرابوو، لە٢٥/١٠/١٩٩٨ لەسوید، دەستم بەنووسینەوەو گەڵاڵەکردنی کردو لە١٠/١٢/١٩٩٨ لەدیمشق لێبوومەوە.

بەهیوام لەکوردستانی (ئاشتیو دیموکراسی) چاپو بڵاوبێتەوەو ڕەخنەو پێشنیاریشی بۆ بنووسرێت.

نازانم لەوڵات چی لەسەر ئەو ڕووداوانە نووسراوە، من هیچم بەرچاو نەکەوتووە، بێجگە لەچەند دانەی ڕۆژنامەکانی (الحیاة)و(الشرق الاوسط)، بۆیە سوودم لەهیچ سەرچاوەیەك وەرنەگرتووە، ڕیپۆرتاژەکەشم لەدەفتەرەکەی خۆمو هزرو نیگاو بیرەوەریی دوێنێی خۆم ئامادەکردووەو بەس.

جوان بوو شار، گەورە بوو شار...!
لەرۆژی سیو یەکی ئاب
چەند سەعاتێك...
لەگەڕەکەکان، لەناو بازاڕ..
نەما چەکدار،
نەما فیشەکی گڕدار،
ئاشتی چەکی کردن...؟!
یان، چەکەکان، نەخرانە کار..؟!؟
لەم رۆژەدا، لە دوای راپەڕین
بەمەزەندەو ژمار
چەکدار زۆرتر بوون...!
دەم بەهاوارو سوار!
کەسکەکان، چوونەخەزەندو سەنگەر
راوەستان لە پێش دەبابەو
دوژمنی غەدار
رەردەکانیش، پاش دەبابە
گەیشتنە شار بەچەپڵەو هاوار

سوید- ١٩٩٨